زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە بەشی تەکنیکی میدیا

**لە لایەن**
**ئاسۆ قادر شیخ محمد**
بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن - زانکۆی جیهان2017

**بە سەرپەرشتی**
**پ.ی. د. بەهات حەسیب قەرەداخی**

**هەولێر- کوردستان**
**2022**

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە ناونیشانەکەی بریتیە لە **(رۆڵی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا)**، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەگ شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو

ناوی قوتابی: ئاسۆ قادر شیخ محمد

ڕێککەوت: 10/10 / 2022

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:
ناو: پ.ی. د. بەهات حەسیب قەرەداخی
ڕێککەوت:9/20/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:
ناو: م.ی منصور نورالدین حسن
سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا
ڕێککەوت:9/20/ 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو: ____________________
ناو:
بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ
ڕێککەوت:9/20/ 2022

## بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە، ئەو نامەیەی ماستەرنامەیەمان ناونیشانی بریتی بوو لە (**ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا**)، خوێندەوە و قوتابییەکەمان ناوی (**ئاسۆ قادر شیخ محمد**) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بریاردەدەین پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی میدیایی تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. پاڤێ جمیل احمد
ئەندام
ڕێککەوت: 23 /11/ 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشیخ
ئەندام
ڕێککەوت: 23 /11/ 2022

واژوو :
ناو: پ.ی.د. بەهات حسیب علی
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێککەوت: 23 /11/ 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئازاد رمضان علی
سەرۆکی لیژنە
ڕێککەوت: 23 /11/ 2022

واژوو:
ناو:پ.ی.د. ئازاد احمد محمود
ڕاگری کۆلێژ
ڕێککەوت: / / 2022

# پێشکەشە

- بە گیانی باوکم و دایکی ئازیزم .
- بە هاوژینی خۆشەویستم، کە هەمیشە پاڵپشتمە.
- بە منداڵەکانم ( ئاڤێستا، ئاتێسا و ئادیا)

توێژەر

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ خوای گەورە، تەمەنی پێ بەخشیم تا بتوانم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم.
- سوپاس بۆ (پ.ی. د. بەهات حەسیب قەرەداخی) ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لە تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانم گرت.
- سوپاس بۆ (د.ظاهر حمدامین صابر) زۆر هاوکارم بوو، لە ڕاپەراندنی کارەکانی توێژینەوەکەم.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکایەتی بەش و مامۆستایانی بەشی تەکنیکی میدیا.
- سوپاس بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیە.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا) یە ، توێژینەوەیەکی وەسفییە و پشت بە رێبازی شیکاری ناوەڕۆک بەستراوە. داتاکانی توێژینەوەکە لە پەڕەی فەیسبووکی (6) ماڵپەڕی هەواڵی کە ئەمانەن (Politic Press، Diplomatic، Bwar Mmedia، Standar Kurd، Xor، مەلیکMalik) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو نموونانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، وێڕای ئەوەی پێگە و پەڕەی ناسراونین، بەڵام کاریگەرن، بە گوێرەی تێبینی کردنی توێژەر، کاریگەریەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پابەندی ئەتیک و یاسا و رێساکانی رۆژنامەوانی نین. بەڵکو درێژکراوەی گوتاری لایەنە سیاسیەکانن، هەرچەندە لە خۆ پێناسەکردن هیچ کام لەو نموونانە ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکردووە کە سەر بە حیزبێکی سیاسین، یاخود لێیانەوە نزیکن، بەڵام بە تێبینی کردنی بابەتەکانیان دەردەکەوێت، کە سەر بە چ لایەنێکن و لایەنگیر چ لایەنێک دەکەن و دژایەتی چ لایەنێکیش دەکەن.

نموونەکانی توێژینەوە لە ماوەی مانگێکدا وەرگیراون: لە 1.6.2022 تا 2022 /1/7، لە هەریەک لەو شەش پەڕەیەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لە رێگای دروست کردنی هەفتەیەکی گریمانەیی، لە رێگای رێبازی شیکاری ناوەڕۆک داتاکان شیکاریان بۆ کراوە.، ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستیە بۆ زانین و تێگەیشتن، لە شێوازو ئاراستەو ڕادەی تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا. هەروەها کاردانەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە گوتارە لە سەر ئاستی کۆمەڵگە و لێکەوتەکانی لەلایەن وەرگرانەوە چۆنە و چەندە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، گوتاری رکوکینە بە شێوازی جیاواز و لە سەر ئاستی جودادا کەڵەکە بووە، لە حالەت و دیاردە دەرچووە و خەریکە دەبێتە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی، لێکەوتەکانی بوونەتە هۆکاری لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| بەڵێننامە | I |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | II |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | III |
| پێشکەشە | IV |
| سوپاس و پێزانین | V |
| پوختەی توێژینەوە | VI |
| ناوەڕۆک | X |
| لیستی خشتەکان | XII |
| پێشەکی | 2-1 |
| بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە | 16-3 |
| یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە | 3 |
| 1. کێشەی توێژینەوەکە | 3 |
| 2. گرنگیی توێژینەوە: | 3 |
| 3. پرسیارەکانی توێژینەوە: | 4 |
| 4. گریمانەکانی توێژینەوە: | 4 |
| 5. ئامانجەکانی توێژینەوە | 5 |
| 6. ڕێبازی توێژینەوە. | 5 |
| 7. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | 5 |
| دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 7 |
| سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە | 14 |
| بەشی دووەم تیۆرینامە | 23-16 |
| دەروازە | 16 |
| یەکەم: پێناسەی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی | 16 |
| دووەم: گرنگییەکانی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی | 17 |
| سێیەم: جۆرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی | 17 |
| چوارەم: فاکتەرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی | 20 |
| پێنچەم: کەرستە و ئامرازەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی | 21 |
| شەشەم: ئامرازەکانی لەچێوەگرتن | 22 |
| حەوتەم: هۆکارە کاریگەرەکانی لە چێوەگرتنی میدیایی | 23 |

| | |
|---|---|
| هەشتەم: رەنگدانەوەی تیۆری لەچیوەگرتن لەو توێژینەوەیدا | 23 |
| بەشی سێیەم: گوتاری رکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا | 36-24 |
| یەکەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | 24 |
| دووەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا | 24 |
| سێیەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری رکوکینە | 26 |
| چوارەم: فەیسبووک فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتی | 28 |
| پێنچەم: فەیسبووک و گوتاری رکوکینە | 28 |
| شەشەم: پێناسەی رکوکینە | 30 |
| حەوتەم: چەمکی رکوکینە | 30 |
| هەشتەم: هۆکارەکانی دروست بوونی گوتاری رکوکینە | 31 |
| نۆیەم: تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە | 33 |
| بەشی چوارەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری کۆمەڵگەو تاک | 49-37 |
| یەکەم: تێڕوانینە فەلسەفیەکانی مارشال ماکلۆهان بۆ میدیا | 37 |
| 1. حەتمیەتی تەکنۆلۆجی | 37 |
| 2. ئامڕازەکانی میدیا درێژکراوەی هەستەکانن | 39 |
| 3. چەمکی گوندی گەردوونی | 40 |
| دووەم:میدیاو کەلتوورو گوتاری رک وکینە. | 42 |
| 1. رەوتی مێژوویی زمانی زبر لە میدیای کوردیدا | 43 |
| 2. زمانی زبر و مۆدێلێکی نوێی میدیایی | 44 |
| 3. زمانی زبر لە پەرچەکرداری سیاسیەوە بۆ دەردێکی کۆمەڵایەتی | 46 |
| 4. گوتاری ڕک وکینە و بازاڕی میدیایی | 48 |
| بەشی پێنجەم : لایەنی شیکاری | 50 |
| یەکەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە | 50 |
| دووەم: شیکاری لە سەر ئاستی (پەیامدەر، پەیام) | 54 |
| سێیەم: لە سەر ئاستی (وەرگر، کەلتوور) | 94 |
| دەرئەنجام | 135 |
| پێشنیاز و ڕاسپاردەکان | 139 |
| سەرچاوەکان | R140 |
| پاشکۆکان | A153-152 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێڕستی خشتەکان


| ژ. خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| خشتەی1 | هەفتەی گریمانەیی لە 2022/6/1 تا 2022/6/30 | 6 |
| خشتەی 2 | ژمارەی لایکی پەڕەکان لە فەیسبووک | 53 |
| خشتەی3 | پۆلێنکردنی بڵاوکراوەکان لە سەر ئاستی جوگرافی دیاریدەکات | 55 |
| خشتەی4 | ژانرەکانی نموونەی توێژینەوە دیار دەکات | 56 |
| خشتەی 5 | جۆری ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان نیشان دەدات | 57 |
| خشتەی6 | جۆری بابەتە بڵاوکراوەکان دەخاتەروو | 58 |
| خشتەی 7 | ڕێکاری لەچێوەگرتنی گوتاری رکوکینە دیاریدەکات | 60 |
| خشتەی 8 | شێوەی لە چێوەگرتنی هاندان بۆ گوتاری رکوکینە دیاریدەکات | 64 |
| خشتەی 9 | لایەنی بە ئامانج گیراو دیاریدەکات | 67 |
| خشتەی 10 | جۆرەکانی لە چێوەگرتنی رووماڵی گوتاری رکوکینە دیاریدەکات | 72 |
| خشتەی 11 | مەبەست و ئامانجی لەچێوەگرتنی گوتارەکە دیاریدەکات | 77 |
| خشتەی 12 | ڕێگاکانی کاریگەریی دروست کردن لە سەر وەرگر دیاریدەکات | 85 |
| خشتەی 13 | ڕێگاکانی بەدیارخستنی گوتاری رکوکینە دیاریدەکات | 89 |
| خشتەی 14 | جۆری زمانی بەکارهاتوو لە چێوەگرتنی گوتار روون دەکاتەوە | 91 |
| خشتەی 15 | جۆری پێشوازی و کاردانەوەی وەرگر | 95 |
| خشتەی 16 | جۆری ئیمۆجیە بەکارهاتووەکان روون دەکاتەوە | 98 |
| خشتەی17 | دابەشکردنی پۆستەکان بە گوێرەی ژمارەی کۆمێنتەکان | 102 |
| خشتەی18 | دابەش بوونی پۆستەکان بە سەر پێگەکان | 103 |
| خشتەی 19 | جۆری کۆمێنتەکان ڕووندەکاتەوە | 105 |
| خشتەی 20 | یەکە بەکارهاتووەکانی زمان لە کۆمێنتدا | 113 |
| خشتەی 21 | لایەنی بە ئامانج گیراو لە کۆمێنتەکان | 120 |
| خشتەی22 | شێوازی دەربڕینی کۆمێنت روون دەکاتەوە | 125 |
| خشتەی23 | شێوازی هاندان بۆ توندوتیژیی ڕووندەکاتەوە | 128 |
| خشتەی 24 | جێندەری کۆمێنتار نیشان دەدات | 130 |
| خشتەی25 | ڕاستەقینەیی هەژماری کۆمێنتاران نیشاندەدات | 133 |

## پێشەکی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دابین کردنی ئازادی بێ سنوور بۆ بەکارهێنەرانی سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەگەری تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینەی پتر رەخساندووە، تا ئەو رادەیەی وەک دەردێکی کوشندە پێناسە بکرێت.

تۆڕە کۆمەلایەتیەکان بە دەرچوون لەو چوارچێوەی بۆیان کێشراوە، ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دروست کراون، وا دەبیندرێت بوونەتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە، کە لە بەرئەنجامدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی یەکتر (وەک ئەوەی هەیە نەک وەک ئەوەی ئێمە دەخوازین)، ئەوانە لە هەرێمی کوردستاندا ئادگار و رەهەندەکانیان و کاریگەریان دیارە. ئەو شێوازە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان، بووتە هۆی بڵاوبوونەوەی گوتاری جیاواز و هەمەجۆر لە رکوکینە، کە هەندێکجار لە پەنای رەخنەگرتن و ئازادی رادەربڕین گوتارەکەیان بنیاتدەنێن و گەشە دەکات، بەو جۆرە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوونەتە ژینگەیەکی لەبار و زەوییەکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری رک و کینە . هاندان ودنەدان بۆ توندوتیژیی و روشاندن و هێرشکردنە سەر کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان. پرسی گوتاری رکوکینە پرسێکی جیهانیە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لە رووی وەدیارکەوتن و بەرخورد لەگەڵ کردن جیاوازە، تا کۆمەڵگاکە داخراو و دواکەوتووبێ، لە رووی بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە، ئەوەندە زیاتە گوتاری رکوکینە دەتوانێ بە ئاسانی تێیدا تەشەنە بکات، هەرێمی کوردستان نموونەیەکە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەیە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، چۆنیەتی و کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانە بۆ تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە دەستنیشان بکەین و بیانناسێنین، خوێندنەوەیەکی وردو زانستیانەیان بۆ بکەین.

ئەم توێژینەویە پێنج بەش لەخۆ دەگرێت: بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی توێژینەوە، کە هەریەک لە رێکارەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو و ناساندنی چەمکەکان لەخۆدەگرێت. بەشی دووەم تایبەتە بە تیۆرینامە. بەشی سێیەمی تایبەتە بە گوتاری رکوکینە،

که خۆی له پێناسه، چەمک، هۆکار و گەشەکردن دەبینیتەوە. بەشی چوارەم تایبەتە بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری کۆمەڵگەو تاک، تەوەری یەکەمی لە تێڕوانینە فەلسەفیەکانی مارشال ماکلۆهان بۆ میدیا و تەوەری دووەم لە میدیا و کەلتوور و گوتاری ڕک وکینە. بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە لایەنی شیکاری، دوای وەرگرتنی نموونەی توێژیەنەوە و شیکردنەوەیان، لە سێ تەوەردا خراونەتەڕوو، ناساندنی نموونەکانی توێژینەوە، شیکاری لە سەر ئاستی پەیامدەر، شیکاری لە سەر ئاستی وەرگر. لە کۆتاییدا توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەندین سەرچاوەی زانستی وەرگیراون.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی توێژینەوەکە

## یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

1. کێشەی توێژینەوەکە
2. گرنگیی توێژینەوە
3. پرسیارەکانی توێژینەوە
4. گریمانەکانی توێژینەوە
5. ئامانجەکانی توێژینەوە
6. ڕێبازی توێژینەوە
7. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

## دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

## سێیەم: ناساندنی چەمکەکان

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە**

1. **کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لەگەڵ فەراهەمکردنی ئازادی بێ سنوور و بەشداریکردنی بۆ هەموو تاکێک لە سەکۆکانی (پلاتفۆرم) میدیای کۆمەڵایەتی، بەردەست بوونی ئامرزاگەلێک بۆ دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بیروڕا گۆڕینەوە، کەچی گوتاری رکوکینە بەهێزەوە دەبیندرێت و لە تەشەنەکردن دایە، لە سۆنگەی ئەم کێشەیە توێژەر لە هەوڵی گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی ئەم کێشەیە دایە.

2. **گرنگیی توێژینەوە:**

**گرنگی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە دوو رەهەندەوە دیاری دەکرێن:**

**یەکەم، لە رووی تیۆرییەوە:**

- بە پێی گەڕان و بەدواداچوونی توێژەر، ئەم توێژینەوەیە، یەکەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی لە بارەی پەیوەندی نێوان میدیای کۆمەڵایەتی و گوتاری رکوکینە.
- ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی پسپۆری میدیا نوێ، کە خۆی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە، هەوڵێکی زانستیشە کە لە پەیوەندی و چۆنیەتی کارلێکی نێوان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و وەرگرەکانی دەکۆڵێتەوە.
- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان زمانی زبر و تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە، هەروەها پێگەی تاک و شێوازەکانی کارلێکی لەگەڵ جۆری بەکارهێنانی زمان و گوتارەکەدا، لە دونیای گریمانەیی ئەنتەرنێت.

**دووەم، لە رووی پراکتیکەوە:**

- ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبن بۆ میدیاکاران و دامەزراوەکانی میدیا تاوەکو کەلک لە ڕێکارە زانستییەکان وەربگرن، بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا.
- هاندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاوکاری کردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان، بە مەبەستی کارکردنی هاوبەش و هەماهەنگی بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێکار و هەنگاوانەی کە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە بەرتەسک بوونەوەی گوتاری لێبوردەیی و فراوانبوونی گوتاری رکوکینە.

- ئەو توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دامەزراوە فەرمیە پەیوەندیدارەکان لە دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە، چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە هەوڵ و توانا نێودەوڵەتیەکان، لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گوتارە.

3. **پرسیارەکانی توێژینەوە:**

پرسیارەکانی توێژینەوە لایەنێکی گرنگن لە پێکهاتەی توێژینەوەی زانستی، بە واتای پرسیارکردن دێن کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە و شیکردنەوە هەیە، بۆیە توێژەر کۆمەڵێک پرسیاری بۆ ئەم توێژینەوەیە داڕشتووە، تا لە ڕێگەیانەوە بگاتە وەڵام و دەرئەنجامەکان.

1. ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هاندەرن بۆ تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە ؟
2. ئایا هۆکار و پاڵنەرەکانی گوتاری رکوکینە چییە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا؟
3. شێواز و ئاستەکانی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە چۆن و چین؟
4. کامەن ئەو بوارانەی هۆکاری کاریگەرن لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینەدا؟
5. کاردانەوەو کارلێکی وەرگر بۆ گوتاری ڕکوکینە چیەو لە کام ئاستانەدان؟

4. **گریمانەکانی توێژینەوە:**

توێژەر هەوڵ دەدات هەندێ گریمانە بخاتەڕوو، کە شایەنی پێوانەکردن بێت و لەگەڵ لۆژیک و مەبەستەکانی توێژینەوەکە بگونجێت. گریمانەی توێژینەوە "بە واتای کێشانی ڕەفتاری گۆڕاوەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و گشتی لەژێر ڕۆشنایی لۆژیکی کێشەکە و ئەنجامی توێژینەوەکانی ڕابردوو، گریمانە گوزارشتە لە کۆمەڵێک ئەنجامی پێشوەختە، کە توێژەر لەبەرچاویان دەگرێت، یان پێشبینییان دەکات، بەو مەبەستەی لە ڕێگەی هەنگاوەکانی توێژینەوە لۆژیکی بوونی ئەو گریمانانە بسەلمێنێت یاخود ڕاستی گریمانەکان ڕەت بکەنەوە، بەو هۆیەش، کە لە ڕێگەی گریمانەوە دەتوانین پەیوەندی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆ و پاشکۆکان بخەینە ڕوو، لەبەرئەوە ئەم گریمانانەی توێژەر دەیەوێ لەم توێژینەوەدا تاقی بکەنەوە ئەمانەن:

- گریمانەی سەرەکی خۆی لە چۆنیەتی خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاریەکان دەبینێتەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، لە ڕێگای لەچێوەگرتنە میدیاییە دیاریکراوەکان، چۆنیەتی کاریگەرییان لە سەر تێگەیشتن و کاردانەوەی وەرگر، کە دەبنە هۆکار لە

دروست بوونی جیاوازی له بڕیار و بۆچوونەکانی وەرگران، کە پەیوەندیان هەیە بە چۆنیەتی دروست بوون و کەڵەکەبوون کە زانیاری و تێگەیشتن دروست دەکەن.

- جیاوازی دەزگاکانی میدیایی لە دیاریکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان و چۆنیەتی لەچێوەگرتنیان، دەبنە هۆکاری دروستبوونی جیاوازی لە کارلێکی وەرگر لەگەڵ بابەت و زانیاریەکاندا، ئەوانەش دەبنە هۆکاری دروستبوونی تێگەیشتن و ئاراستەی جیاواز لە بابەت و ڕووداوەکان دا.

### 5. ئامانجەکانی توێژینەوە

توێژینەوەی زانستی چالاکییەکی ڕێکخراوی ئامانجدارە، دەبێت توێژەر ئامانجەکانی تێدا دیاری بکات وبەرنامەی بۆ دابنێت، لەڕێگەی توێژینەوەکەیەوە جێبەجێیان دەکات، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەو ئامانجانە بگەین:

1. دیاریکردنی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینەدا.
2. دیاریکردنی ژێدەرەکانی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.
3. دیاریکردنی شێوازەکانی بەکارهێنانی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا
4. دیاریکردنی جۆر و ئاستی کاردانەوەو کارلێکی ئەو گوتارانە لەناو وەرگراندا.

### 6. ڕێبازی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی دروست و زانستی لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی وەسفیی بەستراوە و تێبینیکردن وەک کەرستەی کۆکردنەوەی داتاکان سوودی لێوەرگیراوە و دواتر لە ڕێگای ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە داتاکان شی کراونەتەوە.

### 7. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە پەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی، ئەو پێگە ئەلکترۆنی ماڵپەڕە هەواڵیانەی لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام، هەواڵ و زانیاری پۆست و پۆستەر بڵاودەکەنەوە، وەک لە ژمارەی لایک و فۆلۆوەرز و ڕادەی

کارلێکی وەرگران بەشێوازی جۆراوجۆر دیارە، لە لایەن وەرگرانی کورد زمان لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش سەرچاویەکی جێی بایەخن.

نموونەی (Samlpe) توێژینەوە بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، گوزارشت لە وێنەکردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە پەڕەی فەیسبووکی هەریەکە لە ماڵپەڕ و پێگە هەواڵیەکانی (PoliticPress، Diplomatic، Bwar Media، Standard Kurd، Xor، مەلیکMalik). کە بە شێوەی هەڕەمەکیی ڕێکخراو وەرگیراون.

لە ماوەی ئەو مانگەی نموونەکانی توێژینەوە خراونەتە بەر شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە 2022/6/1 تا 2022/6/30 لە هەریەک لەو شەش پەڕەیەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، کە ماوەی مانگێک وەرگیراوە لە ڕێگای دروست کردنی هەفتەیەکی گریمانەیی، بە هەڵبژاردنی حەفت ڕۆژ، لە ڕێگای دابەشکردنیان بەسەر ڕۆژەکانی هەفتەدا: یەکەمین ڕۆژ لە ڕێگای تیرۆپشکەوە دیاریکرا، دواتر بە ڕۆژەکانی تر لە هەر هەفتەیەک تا تەواوبوونی هەر حەفت ڕۆژەکە و دروستبوونی هەفتەیەکی گریمانەیی، وەک لەو خشتەیەدا روون کراوەتەوە.

**خشتەی1 هەفتەی گریمانەیی لە** 2022/6/1 **تا** 2022/6/30

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | 1/6 | 8 | 15 | 22 | 29 |
| یەک شەممە | 2 | 9 | 16 | 23 | 30 |
| دوو شەممە | 3 | 10 | 17 | 24 | |
| سێ شەممە | 4 | 11 | 18 | 25 | |
| چوار شەممە | 5 | 12 | 19 | 26 | |
| پێنج شەممە | 6 | 13 | 20 | 27 | |
| هەینی | 7 | 14 | 21 | 28 | |

لە ڕێگای تیروپشکەوە ڕۆژی 14 ی 6 بە یەکەمین ڕۆژی هەفتەی گریمانەیی دیاریکرا کە دەیکردە ڕۆژی هەینی، بۆیە ڕۆژی دووەمی هەفتە گریمانەییەکە دەیکردە ڕۆژی شەممە لە 15ی 6 دا. ڕۆژی سێیەم کە یەکشەممەیە کەوتە 23 ی 6 . ڕۆژی چوارەم کە دەیکردە

دووشەممە گەڕایەوە بۆ رۆژی 3 ی 6 . رۆژی پێنجەمی هەفتەی گریمانەیی کە دەیکردە سێشەممە کەوتە رۆژی 11 ی 6 . رۆژی شەشەمی هەفتەش کەوتە 19ی 6 . دواین رۆژی هەفتەی گریمانەییش کەوتە رۆژی 27 ی 6 ی 2022 . بەوجۆرە هەفتەیەکی گریمانەیی دەستکردمان داڕشت لە ماوەی نێوان 2022/6/1 تا 2022/6/30 .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ماوەیە بۆ هەبوونی پرسی گەرمی سیاسی و کێشە و قەیرانی ئابوری دەگەڕێتەوە، لە قەیرانی سیاسی عێراق کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 2021 بەرۆکی گرتووە، هەبوونی کێشە و ناکۆکی سیاسی و قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها هەڕەشەی سەربازی و مەترسیی هێرشکردن بۆ سەری. کە لەو ماوەیەدا ناکۆکی قوڵ لە یەکلایی کردنەوەی پرسی سەرۆک کۆماری عێراق لە لایەن پارت و لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان و هەبوونی ناکۆکی دەربارەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی بەتایبەتی بەنزین، کە ئەوانە هەموویان پانتایی گەورەی بایەخی تاکەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن و بوونەتە بابەتی بڵاوکراوەو پۆستیماڵپەڕەکان و کاردانەوەو کارلێک و بەدەمەوەچوونی وەرگران.

**دووەم: تویژینەوەکانی پێشوو**

گرنگیی توێژینەوەکانی پێشوو لە بەرەوپێشبردنی کێشە و گریمانەی توێژینەوە لەوەدایە، کە یارمەتی داڕشتنی چوارچێوەی تیۆری و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی تایبەت بەم توێژینەوەیە دەدەن. لە نێو ئەو توێژینەوانەی، کە کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەشێکیان دەخەینە ڕوو بە پێی ریزبەندی ساڵ لە نوێ وە بۆ کۆن:

**1. توێژینەوەی د.صخر أحمد الخصاونة ود. سهل علي العتوم(2021) لە ژێر ناونیشانی (دور وسائل التواصل الاجتماعي في نشر خطاب الكراهية من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين) لە پەیمانگای میدیایی ئوردن ئەنجامیانداوە، لە گۆڤاری(زانکۆی ئیسلامی بۆ توێژینەوەی شەرعی و یاسایی) بڵاوکراوەتەوە.**

ئەم توێژینەوەیە ریبازی وەسفیی شیکاری بەکارهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشت بە فۆڕمی راپرسی بەستراوە کە لەلایەن 300 قوتابییەوە وەڵامدراوەتەوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

- ئاشنابوون بەو جۆرە گوتارانەی کە  زۆرتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکرێنەوە.
- ئاشنابوون بە جۆرەکانی گوتاری رکوکینە کە لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن.
- هەڵوەستەکردن لە سەر رۆڵی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە لە نێوان تاکەکان دا.
- نیشاندانی گرنگترین کاریگەرییە نەرێنیە کۆمەڵایەتیەکان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

بە گوێرەی ئەو توێژەینەوەیە گوتاری کاتبەسەربردن (Entertainment) بەپلەی یەکەم . گوتاری ئاسایی بە پلەی دووەم و گوتاری رکوکینە بە پلەی سێیەم دێت .

گەورەترین رێژەی گوتاری رکوکینە لە نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێستەوە دێن. دوای ئەوە جیاوازی نێوان ئاین و ئاینزاکان و ململانێی تائیفی دێت.

زۆرینەی بەرتویژان باوەڕیان وابووە کە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان رۆڵی سەرەکیان هەیە لە بڵاوکردنەوەو گەشەکردنی گوتاری رکوکینەداو یارمەتیدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە هەڵسوکەوت و دەربڕینداو دەبنە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نەمانی گیانی داهێنەرانە و هاندانی گەنجان بەرەو توندڕەوی.

2 . **توێژینەوەی (شاکر فاطمة شیماء)** (2021) **لە ژێر ناونیشانی (خطاب الكراهية والعنصرية في وسائل التواصل الاجتماعي وأساليب الوقاية من وجهة نظر طلبة جامعة المسيلة ) بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی زانکۆی (جامعة محمد بوضياف بالمسيلة ) بەشی دەروونناسی کراوە لە ولاتی جەزائیر.**

توێژەر رێبازی رووپێوی بەکارهێناوە لە وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتاکانیان، بە دەستنیشانکردنی 30 قوتابی لە هەردوو رەگەز و لە بەشی دەروونناسی لە زانکۆی (محمد بوضياف بالمسلية).

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

- ناساندنی چەمکی گوتاری رکوکینە و رەگەزپەرستی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بلاودەکرێنەوە.
- ناساندنی هۆکارەکانی پشت تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، هەروەها دیاریکردنی جۆرەکانی ئەو گوتارانەی لە نێوان بەکارهێنەرانی فەیسبووک ئاڵوگۆڕ دەکرێن.
- هەڵوەستە کردن لە سەر ئەو رۆڵەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەیگرێ لە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە.
- نیشاندانی گرنگترین ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی گوتاری رکوکینە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە:**

- کۆمەڵگە هێشتا پیویستی بە زانیاری و لێزانی زیاتر بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بۆیە پێویستە حکومەتەکان و ناوەندە زانستیەکان گرنگیی بەو لایەنە بدەن.
- زۆرینەی بەرتویژان هاوڕا بوون لە سەر ئەوەی کە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا دەبنە هۆکاری دروستبوونی ئاشوب لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، ئەوەش دەبێتە هۆی لێکرازان و کوشتنی گیانی داهێنان.
- تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان رۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینەداو هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی.
- دیارترینی شێوازەکانی دەربڕینی ڕکوکینە بریتیبوون لە : شێواندنی راستیەکان و درۆهەڵبەستن و قبوڵنەکردنی ئەوەی دیکە.

**3. توێژینەوەی مصطفى حميد كاظم الطائي (2020) بە ناونیشانی (النظريات المفسرة للعنف و خطاب الكراهية في وسائل الاعلام) لە (جامعة عجمان- الامارات العربية المتحدة) ئەنجامدراوە و لە بەرگی 19 ی ژمارە 2 ی گۆڤاری (المجلة الجزائرية الاتصال) بڵاوكراوەتەوە.**

لەو توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی و ڕێبازی شیکاری ناوەڕک بەکارهاتووە، لە شیکردنەوەی داتاکان کە پەیوەندیان بە نێوان کێشە و دەرئەنجامەکانەوە هەیە بە شێوازی چوون لە بەشەوە بۆ گشت و بە پێچەوانەوە (من الجزء الى الكل و من الكل الى الجزء) لە دۆخی هەڵێنجان و گشتاندن دا.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

- ئاشنابوون بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی عەرەبی لە بەرامبەر گوتاری ڕکوکینە.
- بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە وروژاندنی گوتاری ڕکوکینە.
- لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆکارو پاڵنەرەکانی گوتاری ڕکوکینە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دا.
- گەڕان بەدوای بیردۆزە تێروتەسەلەکاندا دەربارەی توندوتیژیی و گوتاری ڕکوکینە.
- گەڕان بەدوای شوێنەوارو دەرئەنجامەکانی گوتاری ڕکوکینە لە میدیاکاندا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە:**

- گوتاری ڕکوکینە وەک دیاردە ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەیەو کاریگەرە بەو ژینگەیەی تاک تێیدا پەروەردە دەکرێ هزر و خواستەکانی ئاراستە دەکات.
- لە کاتی ڕووداوی نا ئاساییدا زەمینە لەبارتر دەبێت بۆ گەشەکردنی گوتاری ڕکوکینە، چوونکە ئەو گوتارە هێز لە ناوەوەی تاکەکان وەردەگرێ و پاشان دەپەڕێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە گوتاری کۆمەڵێک و هەندێکجاریش دەبێتە گوتاری زۆرینە.
- ملکەچ بوونی زۆربەی دەزگا میدیایەکان لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی و وڵاتانیشدا بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی و گۆڕینی بابەتە میدیایەکان بۆ کاڵا ، کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێ و بە چاوی زیان و قازانج مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، هۆکارن بۆ جێکردنەوەی ئەو جۆرە گوتارانە و گەشەکردنیان.

**4. توێژینەوەی ناصر الرحامنة (2018) لە ژێر ناونیشانی (خطاب الكراهية في شبكة الفيسبوك في الأردن دراسة مسحية) وەک داواکاریەک بۆ وەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زانکۆی (جامعة الشرق الأوسط) ئەنجامدراوە.**

توێژینەوەیەکی وەسفیی یە، کە پشتی بە فۆڕمی راپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری،لەنموونەی هەڕەمەکی (400) کەسی لەخۆ گرتووە لە پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتووی شاری عەمانی پایتەختی ئوردن.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئاشنابوون بە :

- چەمکی رکوکینە و جۆرەکانی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان باون.
- شوێنەواری گوتاری رکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەتی فەیسبووک.
- کاریگەریی گوتاری رکوکینە لە فەیسبووک لە سەر سیستەمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەلی ئوردنی.
- ئەو رۆڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەیگرێن لە بڵاوکردنەوەی گوتاری رکوکینە و توندوتیژیی، یان لە رووبەڕووبوونەوەی و رێگری لێکردنی.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

- چەمکی رکوکینە کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک زۆر بەکارهاتوون، جۆراوجۆرن، لە پێش هەموویان 'شێواندنی راستیەکان یان بە درۆخستنەوەیان' دوای ئەوە 'قبوڵ نەکردنی ئەوەی دیکە'
- ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە کار بۆ نانەوەی ئاشوب لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکەن، کە بە لێک دوورکەوتنەوە و رک لە یەکبوونەوە کۆتایی دێت.
- ئەوەی پەیوەندی بە کاریگەریی گوتاری رکوکینە هەیە لە رێگای فەیسبووکەوە لە سەر دامەزروە ئاینی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکان لە کۆمەڵگەی ئوردنی،دەرئەنجامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو گوتارە هۆکارە بۆ توندڕەوی و رکابەری مەزهەبی و ئاینی، هۆکاریشە بۆ لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

**5 . توێژینەوەی دامەزراوەی (مهارات)ی لوبنانی(2018) بە ناونیشانی (خطاب الكراهية على وسائل التواصل الاجتماعي) بڵاوكراوەتەوە.**

ئەم توێژینەوەیە بە رووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی ساڵی 2018 لوبنان گرێدراون و پشتی بە رێبازی شیكاری چەندایەتی و چۆنایەتی داتاكان بەستووە.

**گرنگترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

- دیاریكردنی سامپڵێك لە رووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان كە ببوونە مایەی مشتومڕی گشتی.
- دیاركردنی گوتاری ركوكینە كە لە ئەنجامی ئەو رووداوانە هاتوونەتە ئارا لە هەردوو سەكۆی فەیسبووك و تویتەر،لە ماوەی توێژینەوكەدا.
- دیاریكردنی قەبارەی گوتاری ركوكینە هەروەها جۆر و ژێدەرەكەی.
- دیاریكردنی لیستێك بەو دەستەواژانەی ركوكینە لەخۆ دەگرن.

**گرنگترین دەرئەنجامەكانی ئەو توێژینەوەیە:**

- زۆرینەی گوتارەكانی ركوكینە لە هەژمارە كەسیەكان بڵاودەكرێنەوە.
- دیارترین جۆری گوتاری ركوكینە هاندان و زەمینەسازیە بۆ توندوتیژیی.
- زۆرترین دەستەواژەی دووبارە لە گوتارەكانی ركوكینەدا بێڕێزیكردن بە كەسایەتیەكان و هەڕەشەكردنی راستەوخۆ بووە.
- ژێدەری زۆربەی ئەو بابەتانەی گوتاری ركوكینەیان لەخۆوە گرتووە لە نووسین و پارچەی دەنگی و وێنە، ئەوانە بووینە كە مۆنتاژو دەستكاری كراون و بە مەبەست و بە شێوازێكی دیكە چاككراون.

**تاووتوێی توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە بە پەیڕەو کردنی ڕێبازی زانستی شیکاری لە ڕووی ئامانج و ڕێباز و دەرئەنجامەکانییەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا خاڵە هاوبەش و لێکچوو و جیاوازەکانی بەم جۆرەیە:

- **لە ڕووی ئامانجەوە:** ئەم توێژینەوەیەلە ڕووی ئامانجەوە خاڵی هاوبەش و لێکچووی لەگەڵ توێژینەوەکانی(الرحمانة، موسسة المهارات و د.الطائي و شاكر فاطمة شيماء، ضيف هللا سهية) هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەگەڵ توێژینەوەکەی (د.الخصاونة – د.العتوم) هەیە.
- **لە ڕووی جۆر و ڕێبازەوە:** لە ڕووی جۆری توێژینەوەو ڕێبازی بەکارهاتوو تێیدا ئەم توێژینەوەیە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەر پێنج توێژینەوەکەدا هەیە چونکە پشتی بە ڕێبازی تێبینیکردن بەستووە، دواتر شیکاری ناوەڕۆکی بۆ داتاکان کردووە.
- **لە ڕووی دەرئەنجامەوە:** لەگەڵ هەر پێنج توێژینەوەکەی پێشوو خاڵی هاوبەش و جیاوازی بە ئاستی جیاواز هەیە، ، لەگەڵ توێژینەوەکانی (الرحمانة, موسسة المهارات, الطائي و شاكر فاطمة شيماء، ضيف هللا سهية) خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە، لەگەڵ توێژینەوەکەی(د.الخصاونة – د.العتوم) خاڵی هاوبەشی کەم و جیاوازی زۆر هەیە.
- **لە ڕووی خستنەسەری ئەکادیمیەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەنەوە شیکاری گوتاری ڕکوکینە دەکات، یەکەم لەلایەنی پەیامدەرەوە واتا چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بابەت لەلایەن دەزگاکانی میدیاوە، کە بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاری کراو بە گوتاری ڕکوکینە بارگاوی کراون، دووەم، لایەنی وەرگر و چۆنیەتی پێشوازی کردنی لەو گوتارە و کارلێک کردنی لەگەڵیدا، بە وەرگرتنی نموونە لە هەردوو لا و کۆکردنەوەی داتا لە سەر هەردوو ئاستەکەدا، دەمانگەیێنێ بە ئەنجامێکی زانستی لە دیاری کردنی ئاست و ڕووبەری تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم: ناساندنی چەمکەکان:**

دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان بە یەکێک لە هەنگاوە پێویستیەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، لەبەرئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لەو بیروبۆچوونانەی توێژەر مەبەستیەتی پێی بگات، لێرەشدا گرنگترین زاراوە و چەمکەکانی ئەم توێژینەوە دەخەینەڕوو:

1. **رۆڵ**: چەمکێکە کە تەرکیز لە سەر هەندێک ماف و ئەرک دەکات، بە شێوەیەکی روون پەیوەندی بە پێگە و کاریگەرییەوە هەیە لە نێو کۆمەڵگادا، رۆڵی کەسەکان(ئەرک و ماف) لە هەر هەڵوێست و کردارێک دیاری دەکات لە رێگای کۆمەڵێک پێشبینی و لێکدانەوە، کە ئەوانەی دیکە(کۆمەڵێک کەس) باوەڕیان پێدەهێنن، لە هەمان کاتدا کەسەکە خۆشی باوەڕی بەو شتانەوە هێناوە.(almerja 2021)

**2.تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**: زادەی کۆمەڵگای هاوچەرخە، کە لە رێگای وەچەرخانێکی گەورەی تەکنۆلۆژیایی بەرهەمیهێناون، یەکێک لە گرنگترین لێکەوتەکانی ئەو وەرچەرخانە، دروستبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیە بە هەموو جۆر و رەهەندەکانیەوە، کە گرنگترین و ناسراوترین و کاریگەرترینی ئەو میدیاییە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن(techopedia 2022) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک پلاتفۆڕمن کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تەکنۆلۆژی دادەمەزرێن، کە رێگەی بە دروست کردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو بابەتانە دەدەن کە بەکارهێنەران دروستیان دەکەن، هەروەها دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە دروست بکەن(arimetrics n.d.) .

**3.تەشەنەکردن:** کرداری گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا، ئەو گوزارشتە بۆ گواستنەوەی دەرد و نەخۆشی و پەتا بەکاردەهێندرێ، لە بواری کۆمەڵایەتیدا بیردۆزێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ناوی (بیردۆزی تەشەنەکردنە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا)، لە ساڵی ١٩٦٢ ئیفەرت رۆجەرز کتێبێکی بە ناوی (تەشەنەکردنی داهێندراوەکان، The Diffusion of innovations) لەوێدا بەو شێوەیە پێناسەی تەشەنەکردن دەکات:"کردارێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کە هزرێکی داهێنەرانە یان چەمکێک بڵاودەبێتەوە، لە رێگای کەسانی ناو کۆمەڵەیەکی جڤاکی یان هەر

هۆکارێکی دیکەی گەیاندن بێت"، رۆجەرز چوار هۆکار بە بنەمای خێرایی تەشەنەکردنی بیرۆکەی نوێ دادەنێ، داهێنانەکە(بیرۆکە)، جۆری کەناڵی گەیاندن، ماوەی ئاراستەکردن و جەخت لێکردنەوەی لەسەر ئەو کۆمەڵە جڤاکیە و سروشتی ئەو کۆمەڵە جڤاکیە (HALTON 2021).

**4.گوتار:** بریتیە لە هەر جۆرە شێوازێکی دەربڕین، لە شێوەی بیرۆکە، یان بۆچوون بێت لە بەرامبەر جەماوەر، بە شێوەی نووسراو، یان گوتراو بێت، بینراو یان بیستراو بێت، لە چوارچێوەی کارێکی هونەری بێت یان گوتارێکی رۆژنامەوانی، ئەو گوزاشتە(گوتار) بە هەر رێگا و شێوازێک بڵاوبکرێتەوە، لە رێگای پەیوندی کەسیەوە یان میدیای جەماوەریەوە ( Mass Media) وە بێت یاخود لە رێگای میدیای نوێوە (New Media) (الحسيني 2022).

**5.رکوکینە:** بە عەرەبی(الكراهيه) بە ئینگلیزی(Hate) هەستێکی توند و بەهێزی ناعەقلانی و دوور لە لۆژیکە لە دژایەتی کردنی کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک بێت بەهۆی ناسنامەکەیانەوە(کۆمەلایەتی، سیاسی و رەگەزی)، کە لە چوارچێوەی یاسا و جاڕنامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ دیاری کراون (الهواري 2017).

**6.گوتاری رکوکینە**: وا پێناسە دەکرێ، کە گوتارێکە رکوکینە بڵاودەکاتەوە، لە رێگای هاندان و وروژاندنی خەڵک لە سەر ئەو رکابەریانەی هۆکارەکانیان رەنگ و رەگەز و رەچەڵەک و نەتەوە و بیرباوەڕ هەیە، کە لایەنێک ئەوەی دیکە پشت گوێبخا و پێشێلی مافەکانیان بکات یان پێیانەوە رەوا نەبینێت، تۆمەتبارکردنی ئەوەی دیکە بە خیانەت و گەندەڵی (شیماء 2021، 6)

**7.هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی فیدراڵیی، نەتەوەیی، نیشتیمانییە، سیاسی و ئابووری خۆبەڕێوەبەرە لە ناو کۆماری فیدڕالی عێراقدا، لە ڕۆژهەلاتەوە ئێران، لە باکوورەوە تورکیا، لە ڕۆژئاواوە سوریا و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق سنوورەکانی پێک دێنن، پایتەختەکەی شاری هەولێرە کە کۆنترین شاری جیهانە کە ژیان تێیدا بەردەوامە، هەروەها شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەلەبجە لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکان وەک ئەوەی لە

دەستووری هەمیشەیی عێراق دیاری کراوە هاوبەشە لە بەڕێوەبردنیان کە شاری کەرکوک گرنگترین ئەو ناوچانەیە.

## بەشی دووەم

## تیۆرینامە

دەروازە

یەکەم: پێناسەی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی

دووەم: گرنگییەکانی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی

سێیەم: جۆرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی

چوارەم: فاکتەرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی

پێنچەم: کەرستە و ئامرازەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی

شەشەم: ئامرازەکانی لەچێوەگرتن

حەوتەم: هۆکارە کاریگەرەکانی لە چێوەگرتنی میدیایی

هەشتەم: رەنگدانەوەی تیۆریی لەچێوەگرتن لەو توێژینەوەیدا

# بەشی دووەم

# تیۆرینامە

**دەروازە**

هەر توێژینەوەیەک لە هەر بوارێکدا پێویستی هەیە پشت بە تیۆرێک یان زیاتر ببەستێ، بواری میدیا و کۆمەنیکەیشن بە درێژایی مێژووی وەدیارکەوتن و گەشەکردنی، چەندین تیۆری لێ وەبەرهاتوون، کە رەهەند و چوارچێوە زانستەکانیان دیاری دەکەن. ئەم توێژینەوەیەپشت بە تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی دەبەستێ، چونکە گریمانەی تیۆرەکە و ئامراز و کەرستەکانی بۆ دیارکردنی نموونە و کۆکردنەوەی داتاکان گونجاون.

**یەکەم: پێناسەی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی**

ئەو تیۆریە لێکۆلینەوە دەکات لە کاریگەرییەکانی پەیامی میدیایی، لەو تیۆریەدا ئەوە بە بنەما وەرگیراوە، کە رووداوەکان و پێکهاتەی دەزگا میدیایەکان بەخۆیان واتادار نین، تا نەخرێنە ناو کۆنتێکست و چێوەیەکی میدیایی، ئەو چێوەیە گۆکردن و تێکست و واتاکان رێک دەخات، هەروەها لێزانی و بەها کۆمەلایەتیە باوەکان بەکاردەهێنێ. (الربيعي ٢٠٢٠) لە چێوەنانی پەیامی میدیایی دەستەبەری ئەو توانایە دەکات کە ناوەڕۆکی پەیامەکە هەڵبسەنگێنێ و رۆڵەکەشی لە چێبوونی کاریگەریی لە سەر بۆچوون و ئاراستەکان دیاری بکات. واتا لە کاتی ڕوودانی رووداوێکدا، رەنگە واتا و دەلالەتی گەورەیان لای خەڵک نەبێت، بەڵام هۆیەکانی راگەیاندن لە رێگای لەچێوەگرتنی میدیاییەوە، لە رووی زمان و داڕشتن و فۆکس لەسەر کردن، دەیکەنە بابەتێکی گرنگ و ڕۆژەڤی(بابەتی رۆژ)ی کۆمەڵگە (الدليمي 2016، 25)

دەزگاکانی میدیا چوارچێوەیەک بۆ پێشهات و پێشبینیەکان دەکێشن، تا لە کاتێکی دیاریکراودا بتوانن باشتر هەست و تێگەی(درک) خەڵک رابکێشن. کەواتە لەچێوەگرتنی میدیایی کردەیەکی پێشوەختە رێکخراوە لەلایەن پەیامدەرەکە، کە پەیامەکەی بەشێوەیەک داڕشتۆتەوە ببێتە جێی بایەخپێدان لای خەڵک و بیانپەڕێنەوە ناو لیستی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لە باوەڕپێهێنانیاندا هەیە (الدليمي 2016، 27)

**دووەم: گرنگییەکانی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی:** (مهدي 2020)

1. میدیا دەتوانێ لەڕێی پیادەکردنی ئەم تیۆرییەوە، کاریگەریی لەسەر جەماوەر دروست بکات، لە ڕێگای شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان و پرسە پێشنیارکراوەکانەوە.
2. دەتوانێ بناغەیەکی هۆشیاری و تایبەت دروست بکات لە کاتی ناکۆکیەکان و پرسە نێودەوڵەتیەکاندا، هەروەها توانای هەیە لە ڕوانگەیەکی نێودەوڵەتیەوە بەشدار بێت لە هەڵبژاردنی پێگە و جۆری میدیاکەدا.
3. توانا و شیانی پێویستی هەیە لە بنایتنان، یان هەڕەفاندنی(تێکدان)ی لایەنێکی دیاریکراو لە دەق (تێکستە) میدیایەکەدا، ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی چەمکە دژ بەیەکەکانی ناو دەقە میدیایەکە.
4. توانای پێوانەکردنی ناوەڕۆکی (ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ – تێکست و کۆنتێکست) هەموو دەق و پەیامە میدیایەکانی هەیە، ئەوانەی، کە دەتوانن ئاراستە و وەڵامە مەعریفی و ویژدانیەکانی جەماوەری بەئامانجگیراو دیاری بکەن.
5. وێڕای دروستکردنی واقیعێک، تواناشی هەیە مشتومڕ و گفتوگۆ دەربارەی بابەتە پێشنیارکراوەکان دروست بکات.
6. توانای پێوانەکردنی هەموو ئەو ناوەڕۆکانەی هەیە کە هەموو کەناڵی پەیوەندیکردن و میدیایەکان لەخۆیانی دەگرن، چ ڕاشکاو بن یان ناڕاشکاو لە ڕووماڵەکانیاندا، بەتایبەتی لەو پرسانەدا کە ناوەڕۆکی سیاسییان هەیە.

**سێیەم: جۆرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی**

بیرمەندان چەند جۆرێکی لەچێوەگرتنیان دیاریکردووە کە بە ڕووماڵکردنی میدیایی بابەتەکانەوە گرێدراون:

- **لە چێوەگرتنی تایبەت بۆ پرسێکی دیاری کراو:** تەرکیز لەسەر یەک پرس دەکرێت، یان لە سەر ڕووداوێک، لە ڕێگای بەدیارخستنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو ڕووداوە بۆ جەماوەر، هەوڵ بۆ سەلماندنی دەدرێ وەک حەقیقەتێک، وەک ئەوەی دەزگا میدیایەکە لەچێوەی

گرتووە (الربيعي ٢٠٢٠) بۆ نموونە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەربارەی پرسی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان (باسکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکە و شیکردنەوەی، لێکەوتەکانی بڕیارەکە، لە کاتی جێبەجێکردنیدا پێشبینی چی دەکرێ، لە کاتی جێبەجێنەکردنی چ پێشبینی دەکرێ) .

- **لەچێوەگرتنی گشتی:** لە چوارچێوەیەکی گشتیدا تەماشای ڕووداوەکان بکەی، روونکردنەوەی گشتیان دەربارە بدەی و بە پێوەرە کەلتووری و سیاسیەکانەوە گرێبدرێن، رەنگە ئەو جۆرەیان قبوڵکردنی لەلایەن وەرگرەوە ئاسان نەبێت، بەڵام گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و خستنەڕووی چارەسەری و قایل کردنیان لە دوور مەودادا. (صفية 2016، 11)
- **لەچێوەگرتنی ستراتیژی:** لە چوارچێوەیکی ستراتیژیەوە دەڕوانیتە ڕووداوە کاریگەرەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو لەچێوەگرتنە لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و سەربازیەکان دەگونجێ ، جەخت لەم بەهایانە دەکاتەوە: (الربيعي ٢٠٢٠)
  - پرەنسیپی بردنەوە و دۆڕان، پێشکەوتن و دواکەوتن و رابوون و داڕوخان.
  - زمانی شەڕ و ململانێ و ڕکابەری ناوخۆیی و دەرەکی.
  - پرنسیپی دەسەڵات و هێز و سەرچاوەکانیان و خەڵک و خستنەڕوویان.
  - پێشکەشکردنی خزمەتگوازاری گەورە، یان شکستهێنان و رەخنەلێگرتنی توند.
- **چێوەی گرنگییدانە مرۆییەکان**: لە چوارچێوەی کاریگەرییە مرۆییەکان و هەست و سۆزە گشتیەکان لە ڕووداوەکان دەڕوانێ، پەیامەکان لە چوارچێوەی چیرۆکێکی درامیدا دادەڕێژرێن کە هەستێکی سۆزداریی کاریگەرییان هەیە. (صفية 2016، 12)
- **چێوەی ئەنجامە ئابوریەکان:** ئەو چوارچێوەیە راستیەکانی لەخۆوە دەگرێ کە بەرئەنجامی ئابوریانەی ڕووداوەکانن، ئاماژە بۆ کاریگەرییە پێشبینی کراوەکان دەکات لە سەر تاکەکان و وڵات و دامەزراوە گەورەکان، دەزگاکانی میدیایی وادەکەن لە ڕێگای بەکارهێنانی داتاو ژمارە داراییەکان، پەیامەکانیان کاریگەرتر بکەن، بۆ نموونە بڕینی بودجە و شایستە

داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق، هەروەها گران بوونی کەلوپەلی خۆراک و سووتەمەنی (صلوي 2012، 35).

- **چێوەی بەرپرسیارێتی:** لایەنی پەیامدەر ئەو پرسیارە لە پەیامەکەی خۆیدا دادەنێ "کێ بەرپرسە لەوە؟" تاکەکان و دامەزراوەکان و دەوڵەت پەیوەستن بە زانینی بەرپرسیار لە رووداوەکان و دیاریکردنی کەس، یان دامەزراوە یان یاسا و رەفتار یاخود حکومەت یان لایەنێکی دیاریکراو (خیرالله، 16).
- **چێوەی ململانێ:** رووداوەکان لە چوارچێوەی رکابەریەکی توند و دژواردا پێشکەشدەکرێن، رەنگە لە پەیامی میدیاییدا هۆکارە گرنگەکان وەلاوەبندرێن لە پێناو پتر وەدیارخستنی چوارچێوەی ململانێکە. وەدیارخستنی گەندەلی و باوەڕنەبوون بە بەرپرسان، بەر لە رووداوەکان کەسەکان نیشان بدرێن، چاوەکان لە سەر بەرژەوەندییەکان بن لە جیاتی ئامانجەکان، زۆربەی جاران پەیامەکە بە پێوەدانگی سەرکەوتوو و شکستخواردوو، براوە و دۆڕاو هەڵبسەنگێندرێت، ئەوەش دوای ئەوەی رۆژنامەوانان و بێژەران زێدەڕۆیی دەکەن لە لەچێوەگرتنی دا، وەک رووداوێکی گرنگ. (BEY 2013) (باڵباڵێنی ناو حیزبەکان، پرسی یەکلایی کردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار لە نێوان بەربژێرە کوردەکان، پێکهێنان و پێکنەهێنانی حکومەتی عێراق، یەکبوون و پەرتوازەبوونی گوتاری کوردستانی).
- **چێوەی پرەنسیپە ئەخلاقیەکان:** نمایشکردنی راستیەکانە لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و بەها کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕووی قسەی لە عەقلیەت و بیروباوەڕو پرەنسیپە جێگیرەکانی(داب و نەریت)ی وەرگرە. لایەنی پەیامدەر لە ژێر چەتری ئەخلاقی گشتیی کۆمەڵگەدا پێشوازی لە رووداوەکان دەکات و مامەڵەیان لەتەکدا دەکات، لە رێگای بەکارهێنانی کۆتەیشن و بەڵگەی ئاینی و بەستنەوەیان بە واقیعەوە، یان بە سەرچاوەو کەسانێک، وەک ژێدەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو چوارچێوەیە. (BEY 2013).

**چوارەم: فاکتەرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی**

فاکتەرەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی هەمان چوار فاکتەرەکەی کردەی کۆمەنیکەیشنن:

1. **پەیامدەر (رۆژنامەوان):** رەنگە بە مەبەست یان بێ مەبەست بڕیارەکانی خۆی پێشکەش بکات لە رێگای لەچێوەگرتنی بەها و بیروباوەڕەکانییەوە بە گوێرەی پلانێکی دارێژراو کە پێی دەڵێن Schemata ( سکیمەتا – پلان ، نەخشە) ئەوانە رۆڵی گرنگ لە دروستکردنی هەواڵدا، دەبینن لە رێگای هەڵبژاردنی بەکارهێنانی زمانیی و لێوەرگرتن (Quotation) و ئەو زانیاریانەی دەبنە مایەی دڵنیابوون لە فاکتەر و لایەنە دیاریکراوەکانی چیرۆکە هەواڵەکە، میدیاکاران هەواڵەکان لە ڕێگای بژاردەکانیان لەچێوەدەگرن لە کاتی نووسین و ئامادەکردنی ئەو چیرۆکەهەوالانە، ئەو بژاردانەش کاریگەرن لە سەر چۆنیەتی شیکردنەوەی چیرۆکەکان لەلایەن وەرگرانەوە (الواحد, 6-7)
2. **دەق (Text):** ئەو لەچێوەگرتنانە دەگرێتەوە کە تەنها بریتی نیە لە وشە سەرەکیەکان، بەڵکو لە دەستەواژەی دیاریکراو، وێنە دیاریکراوەکان، سەرچاوەی زانیاریەکان و ئەو رستانەی راستی و بڕیاری دیاریکراو لەخۆ دەگرن. وەدیاردەکەوتن،
3. **وەرگر Receiver:** رەنگە هزر و بۆچوون و لێکدانەوەی وەرگر لەچێوەدانەکە ، بە گوێرەی مەبەست و خواستی لایەنی پەیامدەر، لە دەقێکدا رەنگبداتەوەو رەنگە بەو شێوەیەش نەبێت.
4. **کەلتوور Culture:** کۆمەڵێک چێوەی هاوبەشن کە لە گوتاری تاکەکان یان تێهزرینی کۆمەڵگە پێشکەش دەکرێن، Entman باوەڕی وایە کە ئەو کۆمەڵە چێوەیە شایەنی ئاماژە بۆ کردنن، دەکرێ لە رووی تاقیکردنەوەیاندا وابناسێندرێن: کە کۆمەڵێک چێوەی باون، گوتار و تێهزرینی خەڵک بەگشتی یان گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی تێیدا جێبگرن.

Entman وای دەبینی، کە ئەرکی هەر چوار جۆری لەچێوەگرتنەکە وێکچوون، کە بریتین لە دوو خاڵە:

- هەڵبژاردن و خستنەڕوو.

- بەکارهێنانی ئەو فاکتەرانە مشتومڕ دەربارە کێشەکان و هۆکارەکانی دروست بوونیان دەکەن. کە بە هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی چارەسەری کۆتاییان دێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەزگاکانی راگەیاندن بە بەشداربوو هەژمار دەکرێن لە کردەکانی هەڵبژاردن و لەچێوگرتندا، بەشیوەیەک ئەو هەڵبژاردنانە لە رێگای چالاکیی کەلتورییەوە دەگوازرێنەوە، کە لە گەشەپێدانی گوتارە میدیایەکەدا نوێنەرایەتی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن (Communication) دەکەن، کە دەچنەوە سەر رێگای دامەزراندنی بنەماکانی چالاکیە دەروونیە زمانەوانیەکان Psycholinguistic Processes کە لە هۆشیاریی (مەعریفە) مرۆییدا بایەخیان هەیە (صفية 2016، 87).

**پێنچەم: کەرستە و ئامرازەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی:**

مەبەست لە میکانیزمی لەچێوەگرتن Frame Mechanisms ئەو پێگەیەیە، کە چیرۆکە هەواڵەکە لە رۆژنامەدا دەیگرێت، هەروەها لە هەبوونی ئاماژە و سیمبول کە ئاماژەبن بۆ گرنگیی هەواڵەکە، هەروەها بەکارهێنانی هۆکارە وێنەییەکان وەک: وێنە و هێلکاری، ناونیشانی لاوەکی، هەروەها قەبارەی هەواڵەکە، ئەو ناساندن و ئامرازانە لەخۆ دەگرێت: (متري، 342)

- پێگەی هەواڵ یان چیرۆکە هەواڵەکە.
- سیمبول و ئاماژەکان
- وێنە و هێلکاری
- ناونیشانی لاوەکی
- قەبارەی هەواڵ

بە گوێرەی Entman(1991) هۆکارەکانی لەچێوەگرتنی میدیایی زۆربەی جار ئەوانە لەخۆ دەگرن:

- وشە سەرەکیەکان Keywords
- خوازە Metaphors
- چەمکەکان Concepts
- سیمبولەکان Symbols
- وێنە بینراوەکان Visual Images

ئاماژە بۆ هەڵبژرادن و خستنەڕوو Selection & Salience وەک پێویستیەکی لەچێوەدانان، ئەوەش لە پێناو دیاریکردنی کێشەیەک یان شرۆڤەکردنێک کە هاودەنگییەک دەربارەی هەبێت، یان هەڵسەنگاندنێکی ئەخلاقیانە، یاخود چارەسەرییێک بۆ بابەتەکە، پشتگوێخستن و خۆلادان لە بەشێک لە زانیاریەکان یان هەندێک لایەنی دیاریکراو لە بابەتەکەدا بە کەرستەی لەچێوەگرتن هەژمار دەکرێن (خیرالله، 73).

Pan & Kosichi چەند کەرستەیەکیان پێشنیاز کردووە بۆ دروستکردنی لەچێوەگرتن کە ئەمانەن: (الدليمي 2016، 56)

- دروستکردنی پێکهاتەکانی چیرۆکە هەواڵەکە.
- هزرە سەرەکیەکانی ناو چوارچێوەی چیرۆکە هەواڵەکە.
- بنیاتنانی بابەتی دەق.
- بەرئەنجامە ناوەکییەکان Implicit Conclusions

**شەشەم: ئامرازەکانی لەچێوەگرتن:** (**عبدالمؤمن** 2016)

- میکانیزمی بنیاتنانی کۆنتێکستەکان .Contextualization
- بەشەخسی کردنی هەڵوێست و ڕووداوەکان .Personalization
- زێدەکردنی لایەنی درامی بۆ هەڵوێست و ڕووداوەکان .Dramatization
- بەشکردن و پارچەکردنی هەڵوێست و ڕووداوەکان .Fragmentation
- نموونەسازی هەڵوێست و ڕووداوەکان .Prototyping
- داشۆران لە مرۆڤایەتی .Dehumanization
- بە شەیتان کردن .Demonization
- یەکسانی .Equalization
- لە ڕەگهەڵکێشان و پاکتاوکردن .Sanitization

**ئەوانەش میکانیزمی لەچێوەگرتنن:** (**محمد** 2021)

- ناونیشانە سەرەکی و هێدلاینەکان.
- ناونیشانی لاوەکی
- وێنەی فۆتۆگرافی
- کۆمێنتی سەر وێنەی فۆتۆگرافی
- پێشەکیە تۆخەکان
- هەڵبژاردنی تایبەتی سەرچاوەکان

- هەڵبژاردنی تایبەتی لێوەرگرتنەکان .Choice of quotes
- لێوەرگرتنە پشتڕاستکراوەکان Confirmed quotes

**حەوتەم: هۆکارە کاریگەرەکانی لە چێوەگرتنی میدیایی:**

لەلایەن رۆژنامەوانانەوە(لایەنی پەیامدەر) پێنج فاکتەری ناوەکی و دەرەکی هەن کە کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتی لەچێوەگرتن هەیە: (متري، 480)

- داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان
- کۆتوبەند و فشاری دامەزراوەیی یان رێکخراوەیی.
- گرووپەکانی فشار و بەرژەوەندییەکان
- کۆتوبەند و رۆتینە رۆژنامەوانیەکان
- ئاراستە ئایدۆلۆژی و سیاسیەکانی رۆژنامەوانان

**هەشتەم: رەنگدانەوەی تیۆری لەچێوەگرتن لەو توێژینەوەیدا:**

تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی، بایەخ بە هەردوو ئاستی سەرەکی و گرنگیی کردەی پەیوەندیکردن (Communication) پەیامدەر و وەرگر دەدات، واتا لێکۆڵینەوە لە دۆخی کاریگەرەیەکانی پەیامەکە دەکات، بەوشێوەیەی لەچێوەگیراوە، لە رووی دەق، لە شێوازی داڕشتن و بڵاوکردنەوەی ئەو چێوەیان بۆ دەکێشرێت کە کاریگەریی لە سەر ئاراستەکردنی تاکەکان و دروستبوونی رای گشتی هەبێت، لە بەرژەوەندیی سیاسەت و ئامانجەکانی دەزگا میدیاییەکە یان خاوەنی دەزگاکە. ئەم توێژینەوەیە کە هەوڵێکی زانستییە بۆ پێوانەکردنی رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستان، بایەخ بە هەردوو لایەنی پەیامدەر(پەڕەی فەیسبووکی دەزگا میدیاییەکان) و لایەنی وەرگر(دانیشتوانی کوردزمانی هەرێمی کوردستان) دەدات، بۆیە ئەو ئامراز و کەرستانەی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی فەراهەمی کردوون، گونجاون بۆ کۆکردنەوە و پۆلێن کردنی داتا و زانیاریەکان، پاشان شیکردنەوەیان.

## بەشی سێیەم

## تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و گوتاری رکوکینە

یەکەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

دووەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا

سێیەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری رکوکینە

چوارەم: فەیسبووک فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتی

پێنجەم: فەیسبووک و گوتاری رکوکینە

شەشەم: پێناسەی رکوکینە

حەفتەم: چەمکی رکوکینە

هەشتەم: هۆکارەکانی دروستبوونی گوتاری رکوکینە

نۆیەم: تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە

## بەشی سێیەم

## گوتاری رکوکینە لە  تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا

### یەکەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

مەبەست لە تۆڕ کۆمەڵایەتیەکان، ئەو سەکۆیانەن کە پشت بە تۆڕی ئینتەرنێت  دەبەستن لە پێناو ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردنی بەکارهێنەران و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان خۆیاندا، لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک، کە دەرفەت بە تاک و گروپەکان دەدەن، پەیوەندیان هەبێت لە ناو بۆشایەکی گریمانەیی (الرحامنة 2018)، لە ڕێگای ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانە هەر کاتێک و لە هەر شوێنک خەڵک دەتوانێ پەیوەندیان هەبێت، پەیوەندی دەنگ و رەنگ و ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و تێکست و شتی دیکەش، تا مانگی ئۆکتۆبەری 2021 ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە 4.5 ملیار بەکارهێنەر تێپەڕی (DOLLARHIDE 2021)، گۆڕانکاریەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ماوەی بیست ساڵی رابردوو زۆر خێرا بوون و هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دروست بوون تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، ئەو گۆڕانکاریانە لە خێراتربوون دایە، بۆ نموونە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای مۆبایل رۆڵێکی بنەڕەتیان هەبووە لە دروست بوون و کاریگەریی لە سەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان،، تەلەفۆنی زیرەک(مۆبایل)  لە سەرتاسەری جیهاندا لە پێش هەموو هۆکارەکانی دیکەیە لە رووی بەسەر بردنی کاتەوە لەسەر ئینتەرنێت ، چونکە هۆیەکانی پەیوەندی کردن لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک لە هەموو ئامێرەکان بەردەستە (simplilearn 2022)

### دووەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

دکتۆر فاتیمە سالم، مامۆستای میدیا لە زانکۆی کوێت، لە توێژینەوەیەکیدا کە ساڵی 2016 لە سەر کۆمەڵگای کوێتی ئەنجامی داوە، چەند پرسیارێکی گرنگیی وروژاندووە، دەربارەی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی دەبنە هۆکاری تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا، چ هۆکارێکی هەیە کە کەسێک رکی لەوانەی دیکە ببێتە؟ چ پاڵنەرێک هەیە بۆ نووسینی پۆستێک یان تویتێک کە گوتاری رکوکینە لە خۆبگرێت؟ هۆکار چیە کە توندڕەوەکان سوکایەتی دەکەن

و جوێن بە هەموو ئەوانە دەدەن کە بۆچوونیان لەگەڵیان جیاوازە؟ چ پاڵنەرێک هەیە کە کەسانی توندڕەو لە رووی هزریەوە رکیان لە تێهزرینی ئەوانی دیکە بێت، زۆر جار تا رادەی ناوزڕاندن و شکاندنی کەسێتی؟ (السالم، 2016)، لە وەڵامی پرسیارەکاندا، ئەو توێژەرە ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی دەستنیشان کردووە (ئیرەیی پێبردن، تیۆری خۆخاڵیکردن، نووسین ئاسانترە، خەباتی سەر قەنەفە و گوتاری سیاسی).

ئیرەیی پێبردن: بەشێک لە توێژەران و پسپۆڕان کاریان بۆ دەستنیشان کردنی گرنگترین هۆکارەکان کرد، گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە ئیرەیی دیارترین هۆکارە، لێرە مەبەست لەو غیرەیە نیە کە گەیشتۆتە رادەی نەخۆشی، بەڵکو هەندێک کەس هەست بە نارەحەتی و شلەژان دەکەن لە بینینی کەسانێک کە لەوان سەرکەوتوترن، لە رووی ناوبانگ و هزر و زانست و زانین، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نەرێنی بنووسێ، کە تژی رکوکینە بێت.

تیۆری خۆبەتاڵکردنەوە: هۆکارێکی دیکە رژاندنی توڕەیی و رکوکینە دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەتاڵکردنی کەسەکە، ئەو تیۆرە بە لایەنی دەروونیەوە گرێدراوە، کە دەیسەلمێنێ دیتنی توندوتیژیی لە ئامارزاەکانی راگەیاندن، وا دەکات کەسەکە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان توڕەیەکەی خۆی بەو شێوەیە بڕێژێ، بە گوێرەی گۆڤاری ساینتکی ئەمریکایی کەسەکان لەو جۆرە دەربڕینە زبرانە هەست بە حەسانەوە دەکەن کاتێک لەوانەی دیکە دوورن، چونکە دوور بوون زۆر لەمپەر و ناوبڕ لادەدات.

- نووسین ئاسانترە: توێژینەوەکان وای بۆدەچن، کە کەسەکان هەست بە حەسانەوە دەکەن کاتێک یاخی دەبن و جوێن دەدەن و سوکایەتی دەکەن لە رێگای نووسین، زیاتر لە رێگای زارەکی. (العاصي، 2019)
- خەباتی سەر قەنەفە: پرسێکی سەلمێندراوە، کە زۆربوونی بەکارهێنانی زمانی زبر لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا ئەوەیە، کە کەسەکان هەست بە دەسکەوتێکی گەورە دەکەن کە بەرامبەر کەسێک توندتیژ دەبن، هەتا ئەگەر ئەو دەسکەوتە نەرێنیش بێت، پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە ژیان خێرا و وروژێنەرتر بووە لە جاران، کاتێک کارێکی گرنگ نیە ئەنجامی

بدەن، بۆیە زۆر کەس چالاکیەکانیان لە خەباتی سەر قەنەفە کورت دەکەنەوە. (فوزي، 2021)

- گوتاری سیاسی: مامۆستای رۆژنامەوانی و ئەتیک لە زانکۆی واشنتن (د. ئیدوەرد وسرمان) دەڵێ:"یەکێک لە هۆکارەکانی تەشەنەکردنی زمانی زبر و گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا گوتاری سیاسیە لە رێگای ئامرازەکانی راگەیاندن دا"، جەخت دەکاتەوە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و لە رێگای ئامرازەکانی راگەیاندن و لە نێوان دوو رکابەری سیاسی هۆکارێکە پەتاکە هەموو خەڵک بگرێتەوە. (السالم، 2016).

**سێیەم: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری رکوکینە:**

بە چڕی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هاوکارن کە مانا و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز لە سەرتاسەری دونیا دروست ببن، ئەوانە رەنگە لەگەڵ دونیای راستەقینە جیاواز بن، ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانە دەرفەتیان بۆ کەسانی توندڕەو رەخساندووە کە لەو سەکۆیانە یەکدی بگرنەوە، لە شوێنی لە یەک دوور و بە ناو و ناونیشانی وەهمی، ئەوەش وای کردووە کە پرۆسەی پەیوەندیکردنیان ئاسانتر و هەرزانتر و بێ ترستر بێت، لە پێناو خۆکۆکردنەوە و ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی گیان و گوتاری رکوکینە دەربارەی کۆمەڵە و دەستەی دیاریکراو (الخصاونة، 2021)

وێڕای ئەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەک لە ناوەکەی دیارە لە فراوان بوونی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە شوێن و ژینگە و کۆمەڵگەی جیاوازەوە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی کاریگەریی زۆری هەبووە، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەو کاریگەرییە خەریکە لایەنە ئەرێنیەکەی دابپۆشێ بە هۆی تەشەنەکردنی بڵاوبوونەوەی هزری نەشیاو و فەرهەنگی جیاکاری و گوتاری رکوکینە لە نێوان پێکهاتە و ئاین و نەتەوەکاندا (الرحامنة، 2018) لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکان ئەو دیاردەیە زۆرتر دیارە و قووڵتر رووچووە و گەیشتۆتە ئاستی کینە بەرامبەر شار و حیزب و گروپ و کۆمەڵەی جیاواز.

زۆرجار گوتاری ڕکوکینە سەرچاوەکەی ئەو دوو مافە سروشتیەیە ڕکابەری و یەکسانی کە لە نێوانیاندا مافی خۆپاراستن لە ڕەگەزپەرستی و ئازادی ڕادەربڕین جێگایان دەبێتەوە، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردووە و کێشەکەش گەورەتر، لەو چەند خاڵە تیشکیان دەخەینە سەر:

**یەکەم،** زۆر پۆست و بابەت بەبێ ویستی خەڵک و لە دەرەوەی چوارچێوەی مەبەستە سەرەکیەکە بڵاودەکرێنەوە، کە لێکەوتەکانی لەلایەن نووسەرانی و ئەوانەش بڵاویان کردۆتەوە پێشبینی کراو نەبووە.

**دووەم،** کەرستە دیجیتالیەکان(ژمارەیەکان) لەوانەش پرۆگرامەکانی نووسین و وێنە و یاریە ڤیدیۆیەکان، ئەگەر دەستکاری کردنی پۆست و بابەتەکان زۆر دەکات لە سەر لە نوێ داڕشتنەوەی لەلایەن لایەنی سێیەمەوە، دەرئەنجامەکانی پێشبینی نەکراون.

**سێیەم،** سەکۆ ژمارەییەکان گۆڕەپانێکی کراوەن بۆ 'گوتاری ڕکوکینەی بەکۆمەڵ' دەرفەت بە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان دەدات لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و توندترکردنی تا دەگاتە ئەو دۆخەی کە پێشتر وا نەبووە.

**چوارەم،** گوتاری ڕکوکینە لە ڕێگای ئینتەرنێت هەندێک دەستەواژە دەوروژێنن، کە دەچنە پسپۆڕیەتی دادگاکان، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆدەنگیەکی جیهانی دەربارەی یاسا و ڕێساکان، لە نێویشیاندا بەرپرسیارێتی و بەرپرسیارێتیەکانی میدیا جیهانیەکانی وەک Google و Facebook. (الربضي، 2020). بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و لە هەر ناوەندێکی دادگایی ناوخۆیی، ئازادی ڕادەربڕین مافێکی مەرجەدارە و حکومەتەکان دەتوانن ئەو مافە بە شێوەیەکی یاسایی سنووردار بکەن لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا. بەڵام کۆدەنگیەک نیە دەربارەی دیاریکردنی ئەو کاتە دیاری کراوە کە گوتاری ڕکوکینە دەگرێتەوە، بەپیرەوە چوونی پرسی نەهێشتنی ئەو گوتارە سێ بنەما لە خۆوە دەگرێ، وەک لە بنەماکانی جاڕنامەی کامدن دەربارەی ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی دا هاتوون، پێویستە حکومەتەکان هاوسەنگی ڕاگرن

لە نێوان مافی ئازادی رادەربڕین و پێویستی پارێزگاری کردن لە کەمینەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیاکاری و دژایەتی و توندوتیژیی (amnesty, 2014).

**چوارەم: فەیسبووک فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە**

ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتیە لە تەنها پێگەیەک بۆ نمایشکردنی وێنەیەکی کەسی و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و خێزان گۆڕا بۆ کەناڵی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە ئەلکترۆنیەکان و سەکۆیەک بۆ نمایشکردنی بۆچوون و هزری سیاسی و لەوەش زیاتر رۆیشتووە تا ئەو رادەیەی ئەوەی زۆر لە هێز و ئاراستە سیاسیەکان نەیانتوانیوە بیکەن لەو سەکۆیە دەکرێ لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی یەکجارزۆر لە دەوری ئەو بۆچوون و هزرە سیاسیانە (الرحامنة 2018، 17)، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆیە سەکۆیەکی سەرەکی بازاڕسازیە کە هەزاران کۆمپانیای گەورە و گچکە پشتی پێ دەبەستن بۆ پەیوەندی کردن بە جەماوەرەکەیانەوە، بە هەمان شیوە زۆرینەی رۆژنامە بە کاغەزی و ئەلکترۆنیەوە بۆ گواستنەوەی هەوالەکانیان و پەیوەندیان لەگەڵ خوێنەرانیان پشتی پیدەبەستن، وەک چۆن ئامرازەکانی دیکە میدیای جەماوەری( Mass Media) پشتی پێدەبەستن. وێڕای ئەوەی کۆمپانیای فەیسبووک لەو چەند ساڵەی دوایدا ڕووبەڕووی بۆتەوە بەڵام هێشتا پلەی یەکەمی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی بەرنەداوە، چالاکترین تۆڕە کە مانگانە زیاتر لە (2.6) دوو ملیار و شەش سەت هەزار کەس تێیدا کارایە (ارقام 2022) لە سەر ئاستی کاتی بەکارهێناندا بەگوێرەی توێژینەوەیەکی تۆڕی ئاژانسی ژمارەیی Digital Agency network لە ساڵی 2019 تێکڕای ماوەی بەکارهێنای فەیسبووک بۆ کەسێک 19.5 کاتژمێر بووە، هەر ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک هەرزەکار و لاون(DAN 2021)

**پێنجەم: فەیسبووک و گوتاری رکوکینە:**

دامەزراوەی(بيت الاعلام العراقي) لە ساڵی 2017 کتێبێکی بەناوی (قاموس الكراهية) دەرکرد، ئەو کتێبە ئەو دەستەواژە و چەمک و گوزارشتانە لەخۆوە دەگرێ کە بە شێوەیەکی ترسناک لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوبوونەتەوەو خەریکە جێگای ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاو

گفتوگۆ دەربارەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەگرنەوە، کتێبەکە ئەو گوزارشتانە لەخۆوە دەگرێ کە لە دژی پێکهاتە و نەتەوەکان بەکاردەهێندرێن کە زیاتر پاڵنەری ئاینی و سیاسیان لە پشتەوەن. لە راپۆرتی سییەم لەو کتێبەدا بەدیار دەکەوێ کە زۆرینەی گوتارەکانی رکوکینە چ لە روانگەیەکی ئاینیەوە بن یان سیاسی بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک سەکۆیەکی بڵاوکردنەوەو بانگەشە بەکاردەهێنن (العراقي 2017)، بە گوێرەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکان لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسیەکان و رووداوە ئەمنیەکاندا، هەروەها بۆنە و یادە ئاینیەکان بەکارهێنانی گوزارشتەکانی رکوکینە بە رێژەیەکی مەترسییدار زێدە دەبن. کۆمپانیای فەیسبووک لە ئاداری 2019 رایگەیاند کە لە ماوەی نیوان مانگی ئۆکتۆبەری 2018 تا مانگی ئاداری 2019 کە دەکاتە کەمتر لە شەش مانگ، زیاتر لە حەفت ملیۆن پۆستیان سڕیوەتەوە، کە رکوکینەیان لە خۆگرتبوو (اسود، 2019)، لە مانگی ئۆکتۆبەری 2020، لە گوتەکانیدا لە بەردەم ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکادا، خاوەنی کۆمپانیای فەیسبووک، مارک زۆکربێرگ، لە وەڵامی پرسیار دەربارەی هەوڵەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گوتاری رکوکینە، بە ژمارە وەڵامی دانەوە، کە ئەوان توانیویانە بە ڕێژەی 94% ئەو پۆستانە لابدەن، کە ناوەڕۆکەکانیان رکوکینەیان هەڵگرتووە، چەند مانگێک دواتر لە بەردەم هەمان لێژنەی ئەنجوومەنی پیران زۆکربێرگ ئاشکرای کرد کە زیاتر لە (12) ملیۆن پۆستی جۆراوجۆریان لاداوە کە هەڵگری گوتاری رکوکینە بوونە، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دزە پێکراو دەڵی کە ئەوان لە نێوان 3-5% دەتوانن کار لە سەر لادانی گوتاری رکوکینە بکەن(Giansiracusa 2021) ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فەیسبووک بە دوو رێگا دەتوانێ ئەو کارە بکات، یەکەمیان لە رێگای خەوارزمیەکانی ناو سیستەمەکە، دووەمیان لە رێگای ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە، بۆیە ئەو (12) ملیۆنەی زۆکبێرگ رایگەیاند تەنها واتایەکی هەیە کە ئەوان (250) ملیۆن پۆستی دیکەیان بەجێهێشتووە و لایان نەداون لە فەیسبووکدا (Giansiracusa2021) .

**شەشەم: پێناسەی رکوکینە**

دەستەواژەی رکوکینە لە رووی پێناسەکردنەوە هێشتا جێگای مشتومڕە و یەکلایی نەبۆتەوە، بەهۆی جیاوازی لێکدانەوە و دیاریکردنی رەهەندەکانی بە شێوەیەک کە جێگای پەسندی گشتی بێت (عبدالسلام 2021)، بەشێک توێژەران کۆکن لە دیاریکردنی هەندێک ئادگار و رەهەندەکانی دەستەواژەی رکوکینە، کە هەستێکە یان هەستگەلێکی قێزەونە یان نەفرەت کردن و دژایەتیە، یان هاوسۆزنەبوونە لەگەڵ کەسێک یان هزرێک یان شتێک یان دیاردەیەکی دیاریکراو (بوجمعة 2020)، وشەی رکوکینە زۆربەی جاران ئەوانە دەگرێتەوە لە وەسفێکی نەرێنی شتێک کە رەنگدانەوەی هەڵوێست وەرگرتنێکی پێشوەختە بێت، یان لایەنگرییێکی کوێرانەی لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە، هەروەها دەمارگیری و دژایەتی کردنی کۆمەڵێک یان پێکهاتەیەک یان چینێکی کۆمەڵایەتی یان رەوتێکی سیاسی یان هەر کۆمەڵە و یەکەیەک کە وەک خۆیان قبوڵنەکرێن. نەتەوە یەکگرتووەکان بەو جۆرە گوتاری رکوکیەنە پێناسەدەکات، کە پەیوەندیەکی زارەکی یان نووسراو یاخود رەوشتیە کە هێرش و هەڕەشە دەکات یان زمانێکی رکاویی و رەگەزپەرستانەیە بە ئاماژەکردن بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک بە هۆی ئاین یان رەگەز یان رەگەزنامەیان و رەنگ و رەچەڵەک یان هەر شتێکی دیکە (kaiciid 2021)، پێناسەیەکی دیکە کە رەهەندەکانی گوتاری رکوکینە روونتر نیشان دەدات دەڵێ:'هەر وشەیەک یان ئاخافتنێک کە رکوکنە لە خۆ دەگرێت زێترە لە تەنها وشەیەک، دەکرێ گوزارشتێکی مەبەستدار بێت، یان خراپ باسکردن و روشاندن یان هاندان بێت لە دژی کۆمەڵێک یان دەستەیەک لە خەڵک، ئەوەش دەکرێ لە رێگای ئینتەرنێت بێت یان هەر رێگایەکی دیکە، یان هەردوو رێگا بەیەکەوە، لەوانەیە لە رێگای بەکارهێنانی رەمزێک، وێنەیەک، ئاماژەیەک، ئیمۆجیەک یان خود پارچە ڤیدیۆیەک بێت .(Brittan Heller 2019) ".

**حەفتەم: چەمکی رکوکینە**

بیرمەندان لێکدانەوەی جیاواز و زۆریان بۆ رکوکینە کردووە، دیکارت باوەڕی وایە کە رکوکینە درک کردنە بەوەی کە شتێکی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە و خۆتی لێ دوور دەگرێ.

ئەرستۆ بەو شێوەیە بۆی چووە کە رکوکینە ویستی لە ناوبردنی گیاندرایکی نەخوازراوە، دێڤد هیۆم وای دەبینێ کە هەستی رکوکینە کورت ناکرێتەوە و دیاری ناکرێ، زۆربەی جار دەبێتە هۆی لەناوچوونی هەردوولا (بوجمعة 2020)، یەکێتی ئەوروپا بەو شێوەیە چەمکی رکوکینەی دیاری کردووە، کە هەموو جۆرە گوزارشتێکە کە بڵاودەکرێتەوە یان هاندانی لەخۆوە دەگرێ یان بەهانە بۆ دژایەتی رەگەزی و بیانی دەهێنێتەوە، کە بنەمایەکی توندڕەوی هەبێت، کە لە شێوازی دژایەتی کردنی نەتەوەیی و ئاینی یان جیاکاری بەرامبەر پەناهەندە گوزارشتیان لێ بکرێت (خمایسة 2019) ئەنکلۆپیدیای ستانفۆرد بۆ فەلسەفە، لە دواین بڵاوکراوەیان لە حوزەیرانی 2022 دا، وا باسی چەمکی گوتاری رکوکینە دەکات، کە ناتواندرێ لە چەمکێکدا لە چوارچێوەی بدەی، چونکە بەرفراوانترە، چەمکێکی وەسفییە کە بۆ دیاریکردنی ئاستێکی دیاریکراو لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە، هەروەها وەک چەمکی هەڵسەنگاندنی سەرچاوەی گوتارەکەشە وەک کارێکی نەرێنی و شایەن بە چاودێری کردن و سانسۆر کردن، دەرئەنجامی دیاریکردنی ئەو ئاست و کۆمەڵەیە کە گوتاری رکوکینە سەرچاوەی لێ دەگرێ ئەوە شوێنەواری مەترسییداری لێدەکەوێتەوە، بۆ باشتر تێگەیشتن لەو چەمکە ئەنکلۆپیدیای ستانفۆر چەند نموونەیەکی ریز کردووە، کە هانی توندوتیژیی ئاینی و رەگەزپەرستی دەدەن هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژیی لە دژی ئافرەتان و سوکایەتی کردن پێیانەوە، لەگەڵ هەر وشەیەک کە بێڕێزی بێت بەرامبەر ئەو جینۆسایدانەی دژی مرۆڤایەتی کراون و هۆلۆکۆستی وەک نموونە هێناوەتەوە .(SEP 2022)

**هەشتەم: هۆکارەکانی دروستبوونی گوتاری رکوکینە**

بە هەڵە وێنەکردنی ئەوەی دیکە، ترس لە کێبڕکێ، وا هزر بکەی ئەوەی دیکە دژتە یان دوژمنتە، رۆشنبیری گشتی و پەروەردە و فێرکردن کەرستەن بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی مێژوو. (خ. صالح 2020، 74–92) زۆر لە میللەتان وەک دیلی رووداوە دیرۆکیەکان دەمێنەوە، هەروەها جیهانبینی، نەگەیشتنی زانیاری، زۆر لە هەڵوێست و بۆچوونەکان لە سەر بنەمای نەبوونی زانیاری و بۆچوونی پێشوەختە دروست دەکرێن. یەکێک لە دیارترین هۆکار کە لە

پشت سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینەیە ئاینە، بە درێژایی مێژوو فەرهەنگێکی تژی لە وشە و دەستەواژەیە، هەروەها شرۆڤەی جیاواز بۆ دەقە پیرۆزەکان رکوکینە بەرهەم دەهێنێ و هەر ئەوەشە بۆتە هۆکاری دروستبوونی ئاینزاکان لە ناو یەک ئایندا و دەژایەتی یەکتر دەکەن، هەروەها ئەو رەوتە تەکفیری و سیاسیەی لە پەنای ئاین ئەو کارە دەکەن هەمیشە ماف بەخۆیان دەدەن بەناوی بەرگریکردن لە ئاین و رەوشتی گشتی هێرش بکەنە سەر ئەوەی دیکە و بە هەموو جۆرێک هەوڵی تێکشکاندنی بدەن (عمارة 2021، 39-40)

لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، ئەو وەسفە زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، تێڕوانین و کاری سیاسی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانی گوتاری رکوکینە، کە لە زۆربەی کاتدا گفتوگۆی هۆشمەندانە و رەخنەگرتن غایبە و لە جێگەیاندا بەگژ یەکداچوون و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر ئامادەیی بەهێزی هەیە، ئەوەش هاوکار و پاڵنەرە بۆ سەرهەڵدانی گوتاری رکوکینە و لایەنەکان وەک چەکێک لە دژی یەکتری بەکاری دەهێنن، لە رێگای پێگەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (المغاري 2017)، هەموو ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کراوە دەگەڕێتەوە سەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکان، چونکە ئەو گەشەیە بە کۆمەڵێک هۆکار کاریگەرییان لە سەری هەیە، لە لەدایک بوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات، کە لە نێو ماڵ و خێزان گەورە دەبێ، کە کەسایەتی و تێهزرینی بە کۆمەڵێک هۆکار کاریگەر دەبێت، لە دڵ رەقی و پەروەردەی توندوتیژ و بێبەش بوون لە ژیانی و پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی منداڵی، لە رووی دەرونیەوە وەک ئاسایش و دڵنیایی و رێزگرتن، پاراستنی کەسێتی، لە رووی مادیشەوە لە دابین کردنی جلوبەرگ و خۆراک و خوێندن، پاشان ئەو ژینگە کەلتووریەی تێیدا گەورە دەبێت، لە سیستەمی خوێندنەوە بگرە تا ژینگەی سیاسی و ئاینی و ئەو دەوروبەرەی پەیوەندی لەگەڵیان هەیە (ع. صالح 2017) گوتاری رکوکینە لە کاتی کێبڕکێی یان ئاڵۆزیەکی سیاسی زیاتر بە دیار دەکەوێت، لە هەڵبژاردنەکاندا بەربژێران پەنا بۆ بەکاهێنانی زمانێکی زبر دەبەن کە لە رێگەیەوە رکوکینە دەچێنن، لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەو گوتارە بەهێزەوە ئامادەیی هەیە، زۆر لەو پارت و بەربژێرانەی کۆکردووەتەوە

بەکارهێنانی زمانی رق و رقەبەری، قینە و دووبەرەکی، سڕینەوە و یەکتر نەخوێندنەوە، زمانی زبر و هەڵدانەوەی نەنگی یەکترە (بێدار 2021) کورد وەک نەتەوە باجی مێژوویی گەورەی داوە بە هۆی باڵادەست بوونی گوتاری رکوکینە لە سەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی، کە تا رۆژگاری ئێستامان درێژکراوەتەوە و بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان دادەندرێت لە سەر قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان، هەموو ئیمارەتە کوردیەکان، حکومەتەکەی شیخ مەحمود، کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ بەر لەوەی دوژمن بیانڕوخێنێت و لاوازیان بکات، رق و قین و دووبەرەکی هەرەسی پێ هێنان (ساڵح 2020)

**نۆیەم: تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە**

به گوێرەی راپۆرتێکی روانگەی میدیایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا، کە لە ژێر ناوی (گوتاری رکوکینە و وروژاندنی. دیاردە و چەمک و میکانیزمی بەرەنگاربوونەوە) کە لە ساڵی 2019 بڵاوکراوەتەوە، تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە بۆ پێنج ئاست دەگەڕێنێتەوە،ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەر پێنج ئاستدا دەستەواژەی (ئەوەی دیکە – الاخر) بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەیە. لە ئاستی یەکەمدا، کە زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنەکان بەدیاردەکەوێ ئەویش لە شکاندنی یەکتر و تۆمەتبەخشینەوە و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی کە زیاتر سیاسەتڤانان سەرچاوەی ئەو جۆرە گوتارانەن، لە ئاستی دووەمدا مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکرێ و لێرەدا وشە بێبەری نیە لە هەڵگرتنی پەیامی رکوکینە وەک، چونکە وەک چۆن وشە دەتوانێ پەیامی خۆشەویستی و لێبوردەیی هەڵگرێ بەهەمان شێوە دەتوانێ پێچەوانەکەشی بکات، لێرەدا سەرنج دەچێتە سەر میدیاکاران کە دەبنە بەشێک لە ناوەندی بەرهەمهێنانی گوتاری رکوکینە، لە ئاستی سێیەمدا دروست کردنی وێنەیەکە کە پشت بە خەیاڵ و ئەو گوتارە دەبەستێ کە بۆتە بەشێک لە باوەڕ و بۆچوون واتا وێنەکردنی (ئەوەی دیکە)، وەک ئەوەی لە میدیای و سۆشیال میدیای کوردیدا بۆتە دیاردە بە شەیتان کردنی ئەوەی دیکە، وەک توێژەری فەڕەنسی جۆن ڤاز لەو بارەیەوە دەڵێ بەبێ ئەگەر (ئەوەی دیکە)

نەبێت ئەوە (من) بوونی نیە ئەوەش یەکێکە لە داهێنانەکانی مێژوو. لە ئاستی چوارەمدا دەستەواژەی (ئەوەی دیکە) بە مەبەستی ئینکارکردن بەکاردەهێندرێ، لە ئاستی پێنجەمدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە پێشێلکردنی مافەکانی (ئەوەی دیکە)یە و نەهێشتنی ئازادی و هەوڵدانە بۆ سڕینەوە (بوجمعة 2020). سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2019 لە گوتارێکیدا بەناونیشانی (گوتاری رکوکینە وەک ئاگری ناو کایە) رایدەگەینێ کە ئەو گوتارە سەرتاپای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، ئەوەش دەڵێ:'رکوکینە بە خشکەیی دەبێتە رەوتی زۆرینە چ لە سیستەمە لیبراڵیەکان بێت یان سیستەمە سەرکوتکارەکان بێت، باڵی کێشاوە بە سەر هاوبەشی مرۆڤایەتیمان(Guterres, 2019) '، هەندێک پێیان وایە کە دەتوانن پرەنسیپەکانی ئازادی رادەربڕین بکەنە بەهانەی بەکارهێنانی گوتاری رکوکینە، ئازادی رادەربڕین ئەو مافە لەخۆ ناگرێ کە چۆنت بوێ و لە هەرجێیەک و بە هەرشێوازێک لێدوان بدەی و بێاخڤی، هەروەها ئەو مافەش لە خۆ ناگرێ کە بە پەنابردن بۆ فاکتەری قەبە کردن و وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک بە رێگایەکی ناسروشتی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا (Brusco 2021)بە گوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی نیودەوڵەتی جنێڤ بۆ دادپەروەری(GICJ)، کە لە ساڵی 2021 بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات کە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە سەر ئاستی جیهاندا گەیشتۆتە دۆخێکی مەترسییدا، بۆتە هەڕەشە لە سەر بەها مرۆیەکان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئایندەی ئەو کۆمەڵگایە، داوا دەکەن کە لە ئاستی وڵاتان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کار بۆ سەر خستنی ئەو ستراتیژیەتە بکەن کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2019 بۆ رووبەڕووبوونەوەی گوتاری رکوکینە رایگەیاندووە، کە خۆی لە چوار خاڵی سەرەکیدا دەگرێت:(NORA FUTTNER 2021)

1.ستراتیژیەتەکە و جێبەجێکردنی لەگەڵ مافەکانی ئازادی رادەربڕین بێتەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی لە رادەبڕینی زیاتر دەکات، نەوەک کەمتر وەک هۆکارێکی سەرەکی لە رووبەڕووبوونەوەی گوتاری رکوکینە.

2.بەرپرسیاریێتی چارەسەرکردنی پرسی گوتاری رکوکینە دەکەویێتە ئەستۆی هەمووان، حکومەت و کۆمەڵگە بە کەرتی گشتی و تایبەتەوە، لە تاکەکانەوە بگرە لە ژن و پیاو، هەموو بەرپرسن و پێویستە هەمووشیان کار لەو پێناوەدا بکەن.
3.لە دونیای دیجیتاڵدا، لە سەر نەتەوە یەکگرتووەکانە پشیوانی نەوەی نوێ بکات، کە هاوڵاتی دیجیتالیین(ژمارەیی) ئەوانەی دەتوانن گوتاری رکوکینە بناسنەوە و رەتیبکەنەوە و لە لە رووی بوەستنەوە.
4.پێویستمان بە زانیاری زیاترە بۆ ئەوەی کاراتر کاربکەین، ئەوەش پێویستی بە خڕ کردنەوەی زانیاری و داتا و توێژینەوە و هەماهەنگی زیاتر هەیە، لەوانەش هۆکارە سەرەکیەکان و هۆکار و ئەو دۆخەی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گوتاری رکوکین (un, United Nations Strategy and Plan of Action on Hate Speech 2019)

ناوەندی نیودەوڵەتی جنێڤ بۆ دادپەروەری (GICJ)لەو دەرئەنجامەی راپۆرتەکەیان پێی گەیشتوون لە چەند خاڵێکدا دەیانکاتە پێشنیاز بۆ ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ رێگەگرتن لە زیاتر تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە:

ولآتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان هان بدات بۆ رێکخستنی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە رێگای دانانی یاسای تایبەت بەو بوارە.

بە بەردەوامی جەخت کردنەوە لە ولآتانی ئەندام بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنانەی لە راگەیەندراوی شاری دێربانی ئەفریکای باشور لە ساڵی 2001 دا هاتوون، هەروەها پێشکەشکردنی راپۆرتەکانیان لەو بارەیەوە بەشێوەیەکی رێکوپێک دەربارەی ئەو پێشکەوتنانەی لەو بارەیەوە روودەدەن.

هۆشداری بە ولآتانی ئەندام بدات، کە خەمساردی نەکەن لە سزا دانی ئەو کەسانەی گوتاری رکوکینە بلآودەکەنەوە، هەوەها گێرانەوەی ماف بۆ قوربانیەکان لە رێگای قەرەبووکردنەوەیان.

هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ بنیاتنان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی هۆشیارکردنەوە خەڵک لە مەترسییەکانی گوتاری رکوکینە و رەگەزپەرستی.

ئەورێنمایانە ئاراستەی وڵاتان بکەن، کە توانای جێبەجێکردنیان هەیە، بۆ ئەوەی حکومەتەکان بتوانن ڕێگری لە کەسانی دەست ڕۆیشتوو بگرن، کە گوتاری رکوکینە بڵاو دەکەنەوە.

بە بەردەوامی بانگەشە و سەرکۆنەکردنی گوتاری رکوکینە و ڕەگەزپەرستی بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هەروەها شەرمەزارکردنی ئەو سەرکردە دەمارگیر و پۆپۆلیستانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ مەترسیینە لە سەر کەرامەت و یەکسانی مرۆڤەکان. ( Brusco 2021)

## بەشی چوارەم

## تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و کەلتووری کۆمەڵگەو تاک

### یەکەم: تێڕوانینە فەلسەفیەکانی مارشال ماکلۆهان بۆ میدیا

1. حەتمیەتی تەکنۆلۆجی
2. ئامرازەکانی میدیا درێژکراوەی هەستەکانن
3. چەمکی گوندی گەردوونی

### دووەم:میدیاو کەلتوورو گوتاری ڕک وکینە.

4. ڕەوتی مێژوویی زمانی زبر لە میدیای کوردیدا
5. زمانی زبر و مۆدێلێکی نوێی میدیایی
6. زمانی زبر لە پەرچەکرداری سیاسیەوە بۆ دەردێکی کۆمەڵایەتی
7. گوتاری ڕک وکینە و بازاڕی میدیایی

# بەشی چوارەم

## تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری کۆمەڵگەو تاک

**یەکەم: تێڕوانینە فەلسەفیەکانی مارشاڵ ماکلۆهان بۆ میدیا**

لە ساڵی 1960 بیرمەندی کەنەدی مارشاڵ ماکلۆهان(1911 – 1980) بۆمبی پرسیارێکی دەربارەی پەیوەندیی نیوان ئامرازەکانی میدیا و کەلتور فرێدایە نێو گۆڕەپانی ئەکادیمییەوە. پرسیارێک کە بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژگارە، نوێ و لە ناکاو بوو. ئەو بڕوای وابوو کە پێویستە ئامرازەکانی میدیایی بە گوێرەی ژینگەکانیان شی بکرێنەوە. چونکە ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی مرۆڤ لە بواری تەکنۆلۆژیادا بەدەستی دەهێنێ و لەناویاندا دەژیێ، هەموو ئەو چەمک و مانایانە دەگۆڕن، کە دەوریان داوە، لە ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە تا دەگات بە زانستیانە تێگەیشتن لە هەست و واتاکان گشت بۆچوونەکانی مرۆڤ و ئەزموون وکارامایی وهەڵوێست ورەفتارەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەو پرسانەی گرێدراوی ژیانی رۆژانەیەتی.

ئەو پرسیارەی ماکلۆهان دواتر پرسیارگەلێکی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە چوارچێوەی تیۆری حەتمیەتی تەکنۆلۆژیا کە بە تیۆری مارشاڵ ماکلۆهانیش بەناوبانگەو دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نیو سەدە بەربڵاوترین تیۆرو بەناوبانگترینیانەو هێشتا زۆرترین گفتوگۆ و لێکدانەوەی دەربارە دەکرێ. ناوەڕۆکی ئەو تیۆرییە هەندێ چەمک و دەستەواژەی لێی وەبەرهاتوون، کە گرنگترینیان دەستەواژەکانی (حەتمیەتی تەکنۆلۆجی) و (گوندی گەردوونی) و ناساندنی ئامرازەکانی میدیا وەک (درێژکراوەیەکی هەستەکانی مرۆڤ) .

### 1. حەتمیەتی تەکنۆلۆجی:

بیردۆزی حەتمیەتی تەکنۆلۆجی (Technological Determinism) تێڕوانینێکی فەلسەفیانەی مارشاڵ ماکلۆهان بوو دەربارەی میدیا، کە لەو گوتە بەناوبانگەیەوە دەست پێدەکات (ئامراز پەیامە). ماکلۆهان ئامرازەکانی راگەیاندن بە درێژکراوەی هەستەکانی مرۆڤ دادەنێ، بەوەی مرۆڤەکان لەرێگەی بەکارهێنانی هەستەگەلێکی دیاریکراوی پەیوەندداربە جۆری ئامرازەکەو شێوازی نیشاندانی، خۆیان لەگەڵ دۆخی ژینگەیی هەر سەردەمێکدا

دەگونجێنن. (دباغین،2008). لێرەوە ماکلۆهان پەرەسەندنی پرۆسێسی پەیوەندیکردن ((Communicationی بۆ چوار قۆناغ پۆلێن کردووە، **یەکەم،** قۆناغی زارەکی بەر لە نووسین، **دووەم،** قۆناغی نووسین کە لە سەردەستی هۆمۆر و لە سەردەمی گریک وەدیارکەوت و بۆ دووهەزار ساڵ بەردەوام بوو، **سێیەم،** قۆناغی چاپکردن کە لەساڵی 1500 تا نزیکەی 1900 بەردەوام بوو، **چوارەم،** لە1900وە قۆناغی ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان دەست پیدەکات کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

ماکلۆهان مەبەستی لە گوتەکەی'ئامراز پەیامە' ئەوەیە کە سروشتی هەر ئامرازێک نەک ناوەرۆکەکەی بنەمای دروست کردنی کۆمەڵگەکانە، بەو پێیەی هەر ئامرازێک جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە کە سوود لەو بابەتانە وەردەگرێ کە ئامرازەکە نیشانیان دەدات (حیدر فلاح زید، 2020)، کاتێک ماکلۆهان لە ساڵی 1962 ئەو بۆچوونەی دەربڕی کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفیانەی گرنگیی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە، گرنگترین پرسیار ئەوە بوو، ئایا ئەو حەتمیەتە ئەو هەستانەی مرۆڤ لە ناو دەبات کە  گیانەوەرێکی خودان قەوارەیەکی سەربەخۆیەو دەتوانێ بە سەر ئەو حەتمیەتەدا سەرکەوێ کە لە دەرئەنجامی گوێنەدانی خەڵک لە گرنگیی نەدان بەوەی چ لە دەوروبەریان روودەدات دروست بووە؟ چونکە داهێنانە تەکنۆلۆجیە گرنگەکان کاریگەریی بنچینەییان لەسەر کۆمەڵگەکان هەیە.

مارشال ماکلۆهان لە چوارچێوەی ( بیردۆزی حەتمیەتی تەکنۆلۆجیدا ) چۆن بابەتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی لە پرسی پەرەسەندنی ئامرازەکانی میدیا نزیک کردۆتەوە،

(ئایا ماسی دەزانێ جەستەی تەڕە ؟)، ئەوە ئەو پرسیارە بوو، کە ماکلۆهان وروژاندی، بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە 'نەخێر'ە ماسی نازانێ تەڕە، چونکە خۆی بە ئاو (ژینگەیەکی ئاویی) دەورەدراوە، بۆیە هەر هەست بە بوونی ئاو ناکات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە ئاو دەردەهێنرێت. پەیوەندی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگەو میدیاش بەو جۆرەیە، ئامرازەکانی میدیایی لە هەموو لایەک دەوریان داوین و ژیانیان داپۆشیوین و بەجۆرێ لەناویاندا رۆچووین کە هەست بەبوونیان ناکەین و بەبێ ئەوانیش ناژین و هەڵناکەین. (رندا, 2017) ئەو بۆچوونە

دوو ئاراستەیەی لە نێوان حەتمیەتی تەکنۆلۆجیا و دەربازبوون لێی، پرسیارێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا: ئایا ئەو گۆڕانکاریە تەکنۆلۆجیانە، پێویست و ناچارین و ناتوانیین لێیان دەربازبین؟ ماکلۆهان لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر لە هۆکارەکانی ئەو گۆڕانە تێگەیشتین ئەوە دەتوانین تەکنۆلۆجیایەکە کۆنترۆل بکەین و هەر کاتێک بمانەوێ بەکاری بێنین نەک بەگژیدا بچینەوە (سعیدة، 2014). لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر سەریهەڵدا: ئایا ئامرازەکانی میدیا کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر دەکەن؟ بەبۆچوونی ماکلۆهان ئەو ئامرازانەی میدیا کە کۆمەڵگە بەکاریان دەهێنێت یان ناچارە بەکاریان بهێنێت سروشتی کۆمەڵگەکەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دیاری دەکەن، هەر ئامرازێکی پەیوەندیکردن کە درێژکراوەی هەست و خواستی مرۆڤەکانە، لەگەڵ خۆیدا کەشێکی نوێ دێنێتە ئاراوەو بەجۆرێک کار لە شێوازی بیرکردنەوەیان دەکات، کە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا گونجاوبێت. (تواتي، 2013)

### 2. ئامرازەکانی میدیا درێژکراوەی هەستەکانن:

مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستە دیاریکراوەکانی کە پەیوەندیان بە جۆری ئامرازی وەرگرتن و شێوازی بڵاوکردنەوەی هەیە، توانای خۆ گونجاندنی هەیە لەگەڵ دۆخ و ژینگەی جیاوازو نوێدا، بە شێوەیەک هەر ئافراندنێک و هەر ئەپلیکەیشنێکی تەکنەلۆجی درێژکراوەی هەست و نەستە دیاریکراوەکانی مرۆڤە، (سرینیفاسن، 2017) بۆ نموونە کامێرای تەلەڤیزیۆنی درێژکراوەی هەستی بینینمانە، مایکرۆفۆن وسپیکەر درێژکراوەی هەستی بیستنمانە. ئەو درێژبوونەوەیە پێویستی بە پەیوەندیەکی باشە لە هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان هەستەکان و ئۆرگانەکانی دیکەی جەستە، بۆ نموونە قورسە ملکەچی ئەو پەیوەندیە باش و زانیارییە نوێ و وروژێنەرانە نەبین، کە لە دیمەنە تەلەڤیزیۆنیەکاندا دەبینرێن و بە گوێرەی تایبەتمەندیی کەلتوورەکان دەگۆڕێن. ئامرازەکانی میدیا بارودۆخ و ژینگەمان دەگۆڕن، چونکە وا دەکات هەستەکانمان لەگەڵ کرداری وەرگرتنی زانیاری و زانین لە ڕێگەی ئامرازەکانەوە بگۆڕدرێن، بەکارهێنانی هەر هەستێک، شێوازی بیرکردنەوەمان دەگۆڕێت، کە بەهۆیەوە کاردەکەین و

رەفتار دەکەین، هەروەها شێوازی تێگەیشتنمان لە جیهان دەگۆڕێت، کە لە کۆتایی دا دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی نوێی مرۆڤایەتی. (عبان، 2016)

### 3. چەمکی گوندی گەردوونی:

ماکلۆهان لە روانگەیەکی سیاسیانەوە ئامرازەکانی (میدیای نوێNew Media ) ی بە هۆکاری گۆڕانێکی مەزن دادەنا کە جیهانیان کردۆتە گوندێکی جیهانی Cosmic Village – لە ناویدا هەموو جیهان بەشێوەیەکی راستەخۆ بەیەک دەگەن، هەروەها ئەو ئامرازە نوێیانە توانای گەڕاندنەوەی کۆمەلگەی مرۆڤایەتیان هەیە بۆ قۆناغی یەکەم کە قۆناغی فیودالیە بە گوێرەی پۆلێنبەندیەکەی ماکلۆهان، چونکە جیهانمان بۆتە جیهانێکی نوێ کە: (کات Time – تێیدا وەستاوە (و (پانتایی (Space یش ون بووە، بۆیە جارێکی دیکە دەستمان بە دروستکردنی هەستە سەرەتایەکان و هەستە فیودالیەکان کرد، کە چەند سەدەیەکی کەم بەهۆی فێرکردنەوە لێیان دابڕابووین، بۆیە پێویستە ئێستا ئاگایەکانمان لە دۆخی کردارەوە بگۆڕین بۆ دۆخی پەرچەکردار، و پێویستە دەرئەنجامی هەر سیاسەتێک، یان کارێک بزانین، چونکە دەرئەنجامەکان روودەدەن یان بەبێ(خۆگرخاندن) تەمبەڵی کردن تاقیدەکرێنەوە. (میسر، 2021).

دەکرێ بپرسین: ماکلۆهان بۆچی دەستەواژەی گوندی گەردوونی Cosmic Village ی هەڵبژارد ؟ چەمکی گشتی و باوی گوند، واتا هەبوونی ژمارەیەک خانوو لە نزیک یەکتریەوە و زۆربەی جاریش گوند تەنها کەسانی سەر بە یەک هۆز، یان تیرە و بەرەباب، یان یەک خانەوادە تێیدا دەژیین، لە سەردەمی ئێستاماندا ئێمە لە ناو ئەو گوندە گەردوونیە بە هەموو وردەکاریەکەیەوە دەژیین کە مارشال ماکلۆهان لە ساڵی 1968 کتێبی جەنگ و ئاشتی لە گوندی گەردوونیدا War and peace in global village – پێشبینی کردووە، لەوەی جیهان بۆتە گوندێکی بچووک و هەندێکیش دەڵێن بۆتە گوندێکی گچکەی لە شوشە دروستکراو، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و ئامرازەکانی پەیوەندی کردنەوە، ئەو

پێشڤەچوونانەی ماوەکانیان نزیک کردۆتەوەو کاتیان ویکهێناوه، بەشێوەیەک مرۆڤ بە ئاسانی و بەخێرایی دەتوانێ لە نێو ئاوایەکانی جیهان هاتوچۆ بکا، هەروەها ئاگاداری هەموو ڕووداوو هەواڵێک بێت لەسەرتاسەری جیهاندا لەڕێگەی مۆبایلی زیرەک و تۆڕە جیاوازو هەمەڕەنگەکانی پەیوەندیکردنەوە. ئەو بارودۆخە نوێیە بووە هۆی دوورکەوتنەوەمان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە پۆلێنکردنی زانیاریەکان، و پشت بەستن بە جۆرو شێوازێکی گشتگیر، چیدیکە دروست کردنی شتێکی زنجیرەیی یەک بە دوای یەکدا ئاسان نیە، چونکە پەیوەندیە ڕاستەوخۆکان وایان کردووە هەموو زانیاریە یەکانگیرەکان لەو ژینگەو کەشەی دەورەیان داوە کارلێک بکەن. (مدن، 2013)

دواجار دەتوانیین جەخت لەسەر چەند خاڵێکی جەوهەری لە تیۆرییەکەی مارشاڵ ماکلۆهان دا بکەینەوە:

- تیۆری ماکلۆهان لە سەر دوو لایەن بنیات نراوە، یەکەم هەر گۆڕنکاریەکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی گۆڕانە لە تەکنۆلۆجیای پەیوەندیکردن و میدیادا، وەک ئەوەی خۆی جەختی لێدەکاتەوە کە هەموو گۆڕانکاریەکان بە ئامرازەکانی میدیایی گرێدراون زیاتر لەوەی بە ناوەڕۆکەکەی گرێدرابن. (دباغين, 2008)
- جەخت کردنەوەی ماکلۆهان لە سەر حەتمیەتی تەکنەلۆجی کە وەک چەمک لە حەتمیەتی ئابوری کارل مارکس وەرگیراوەو دواتر (ثورستاين فبلن) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەمکی حەتمیەتی ژمارەیی خستەڕوو، کە بیرۆکەکەی پشت بە دوو بنەما دەبەستێ، یەکەم کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری بە پشت بەستن بە هۆکارە مادیەکان پێش دەکەون، دووەم هۆکارە مادیەکان خێراتر گەشە دەکەن لە هۆکارە مەعنەویەکان. (المحارب، 2012)
- خاڵێکی دیکە کە ماکلۆهان تیشکی خستۆتەسەرو ڕەهەندەکانی دیاریکردووە ئەوەیە، لەگەڵ هاتنی هەر ئامرازێکی نوێی پەیوەندیکردندا، ئەگەر ئامرازە هەنووکەیەکە لەناو نەبات ئەوا بە لادانی سەرنجی جەماوەر لەسەری لەڕێی پیشکەشکردنی خزمەتگوزاریەوە، پاشەکشێی

گەورەی پێدەکات،. مێژووی ئامڕازەکانی میدیایی لە چاپخانەوە تا بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگات ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە. (تالیف فرنسیس بال، 2013)

- پێشکەوتنی ئامڕازەکانی میدیایی لەگەڵ ئەو هەموو ئاسانکاری و خزمەتگوزاریانەی لەگەڵ خۆیان هێناویانە و جیهانیان کردۆتە گوندێکی بچووک، بەڵام تاکەکانی کۆمەڵگەیان لە نێو ئەو جیهانە گریمانەییەی بۆیان ئەفراندوون، زیاتر بەرەو گۆشەگیری و تەنیایی بردوون، ئەو دۆخەیش بۆتە هۆی کاڵبوونەوەی بەهاو ئادگارە مرۆییەکان کە بەر لەو قۆناغە ڕاستەقینەیەک بوون و خەڵک لەگەڵیان دەژیا. (تالیف فرنسیس بال، 2013).

**دووەم:میدیا و کەلتوور و گوتاری ڕک وکینە.**

لەم سەردەمەدا رژدترین تێبینی و ڕەخنە لە سەر میدیا شێوازی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی، نەک تەنیا لە ناپاراوی و نەشارەزایی لە زماندا، بەڵکو میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە لە میدیای جەماوەریەوە تا میدیای ژمارەیی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان(پێگە و سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) توشی دەردێکی کوشندە بۆنەتەوە. لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی زبرەوە هانی ڕسکانی گوتاری ڕک و کینە دەدرێت بە هەموو شێوازەکانیەوە. لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بەکارهێنانی ئەو زمانە زبرە بە ڕوونی دیارە، ئەوەش مرۆڤایەتیی خستۆتە ناو قەیرانێکی گەورەو ڕووبەڕووی پرسیارێکی سەختیشی کردۆتەوە، کە ئایا میدیا لەتوانایدایە خۆی و کۆمەڵگەش لەو قەیرانە رزگار بکات؟

لە گەڕان بەدوای بەرسڤێک بۆ ئەو پرسیارە ئەوەندەی پەیوەندیی بە کۆمەڵگەو میدیای کوردییەوە هەبێت لەم بەشەی کوردستاندا، ساتمە لە راستییەک دەکەین کە تێڕوانینمان دەباتەوە سەر ڕووداوگەلێکی سیاسی کە سەرچاوەی نەهامەتیەکانی گەلی کوردستانە بە لە هەموو کایەو بوارەکاندا. ئەو زمانە زبرەی ئەمڕۆ بۆتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی گوتاری میدیای کوردی، یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی قۆناغێکی مێژوویی کە بۆ ئێستاش درێژبۆتەوەو لە هەموو کاتێک کاریگەرترە. ئەو ڕووداوانەی بزاڤی سیاسیی کوردستانیان دووکەرت کرد،

لەوێوە کەوتینە نێوان دوو دەستەواژەی (من) و (ئەو) یان (ئێمە) و (ئەوان)و لەئەنجامی بەریەککەوتنیاندا گوتارێکی نوێ دروستبوو کە گوزارشتی لەو دۆخە نوێیە دەکرد. ئەو زمانە زبرەی ئەمڕۆ پانتاییەکی فراوانی لە میدیای کوردیدا داگیرکردوە، بەرهەمی ئەو گوتارە سیاسیە پڕ لە دژایەتیەیەو ئێستا لە ناو گوتاری ڕک و کینەدا خۆی ڕێکخستۆتەوەو کوردەواریی خستۆتە بەردەم قۆناغێکی هەستیارو ترسناکەوە. ئەو گوتارە سیاسیەی کە هۆکار بووە بۆ لێکترازانی سیاسی، هەر خۆیشی هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی و جوگرافیشە .

**1. ڕەوتی مێژوویی زمانی زبر لە میدیای کوردیدا**

مێژووی بەکارهێنانی زمانی زبر لە میدیای کوردیدا ڕەگ و ریشەی هەیە و دەرهاویشتەی ناکۆکیە سیاسیەکانە کە لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە لە ئەنجامی جودابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە مستەفا بارزانی رابەری شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1964 دا (قادر،2012،ل 61). لەو مێژووەوە زمانی زبر لە چوارچێوەی گوتاری ڕکابەری و دژایەتیکردن و ناوزڕاند و بڵاوکردنەوەی ڕک و کینە دەخزێتە ناو مێژووی رۆژنامەوانیی کوردییەوە. ' باڵی مەکتەبی سیاسی درێژەی بە دەرکردنی رۆژنامەی خەبات داوەو ئەم بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامانەشی دەرکردووە: « ئاسۆی کورد، ئاگر، بروسکە، خەباتی کوردستان، رزگاری، نشرة اخبارية، صدی کورستان، رزگاری کوردستان، رەنج، بۆپێشەوە، پێشڕەو... هتد' (ئەحمەد, 2019) لە نێو ئەو بڵاوکراوانەدا کە رەنگدانەوەی بۆچوونی سیاسیی رەوتەکە بوون لەژێر ناوی(پارتی دیموکراتی کوردستان)دا کاریان دەکردو لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە (1914-2000)سەرپەرشتی دەکران، بڵاوکراوەکانیان تەرخان کردبوو بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕشی کوردستان و رابەرەکەی مستەفا بارزانی (قادر، 2012، ل 64). لە ساڵی 1969 بەکارهێنانی ئەو زمانە زبرە توندتر بوو و ڕووبەرەکەشی فراوانتر بوو کاتێک گۆڤاری ڕزگاری کە نەوشیروان مستەفا (1944-2017) خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری بووە. ئەو ڕۆژنامەیە بۆ دژایەتیی شۆڕشی کوردستان و سەرۆکەکەی مستەفا بارزانی

دروست بوو کە ئامانجی بێ بەهاکردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕان بوو لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا" (ڕەسوڵ، 2017) .

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975، قۆناغێکی نوێی سیاسی لە باشوری کوردستان(هەرێمی کوردستان- عێراق) سەریهەڵدا، قۆناغێکی نوێی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردییش دەستیپێکرد، ئامرازە میدیایەکان(بیستراو و خوێندراو) بەسەر حیزبەکاندا دابەش ببوون، لە نێوان حیزبەکاندا ململانێی سیاسی گەیشتە رادەی شەڕی براکوژی. بۆیە گوتاری میدیایش وەک لولەی تفەنگ لە سنگی براکان کراو بەکارهێنانی زمانی زبر بە بەکارهێنانەوەی هەمان دەستەواژەکانی سەردەمی جیابووەنەوە گیانیان وەبەرهێنرایەوەو ژمارەیەکی زۆرتر لە وشەو دەستەواژەی نوێی زبر کەوتنە ناو فەرهەنگی سیاسی و میدیایی کوردییەوە (ئەحمەد، 2019).

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویێکەوە کەوتەسەردەمێکی نوێ، بەڵام زۆری نەبرد جارێکی دیکە ئاڵۆزیە سیاسیەکان هەڵکشانەوەو گەڕێکی دیکەی شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەستی پێکردەوە. هەڵمەتی میدیایی بەر لە پێکدادانی چەکداری دەستی پێکرد، جارێکی دیکە وشە و دەستەواژە زبرەکان بوونەوە بەشێک لە گواستنەوەی هەواڵەکانی شەڕو هێرشکردنە سەر یەکتری لەو قۆناغەشدا ژمارەیەکی زۆری وشەو دەستەواژەی نوێی زبر چوونە سەر خەرمانەی گوتاری زبری میدیایی کوردی (بابۆلێ، 2010)

### 2. زمانی زبر و مۆدێلێکی نوێی میدیایی:

بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا، شەڕی میدیایی کۆتایی نەهات، بەڵکو پەڕیەوە قۆناغ و بارودۆخێکی نوێ. حیزبە سیاسیەکانی کوردستان مۆدێلێکی نوێی میدیایان داهێنا لە ژێر ناوی میدیای ئازادو سەربەخۆو ئەهلیدا، سێبەری حیزبیان درێژکردەوە سەر گوتاری میدیایی، بۆیە ئەو میدیایە وەک میدیای سێبەر ناسرا (سەعید، 2019)، پارتە

سیاسیەکان کەوتنە داهێنان و دامەزراندنی چەند کەناڵێک کە ناڕاستەوخۆ خزمەت بە سیاسەتەکانیان بکات و لە ژێر ناوی تردا بێت. ئیتر ئەمە دەرگای کردەوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین کەناڵی تر کە نەزانرێت هی کێن و بۆ چ ئامانجێک کاردەکەن،دواتریش درووستبوونی حیزبی نوێ و سەرهەڵدانی باڵەکان لەناو حیزبەکان ژینگەی بۆ تەشەنەی ئەم جۆرە میدیایە فەراهەم کرد (سەعید، 2019). لە پەنابردن بۆ دروست کردنی ئەو جۆرە میدیایە و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی زبر ئاماژە بە هەمان ئەو ناوانە دەکەن کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا داهێنەر و بەکارهێنەری زمانی زبر بوون لە نێو میدیای کوردیدا " دوای زیاتر لە چل ساڵ بە هەمان دەستەواژەو بۆچوون و نەفەسی کارکردن و ئامانجی سیاسی ڕۆژنامەگەلێکی خستەوە بازاڕ لە ژێر ناوی ئازادیی ڕاو ڕادەربڕیندا نوکی قەڵەمەکان بازاڕی ناوزڕاندن و بوختان و تۆمەت دروستکردنیان دروستکردو بوونە بەرهەمهێنەری چەندین ناوو پاڵەوانی میدیایی کە خەڵک ئێستاش بە جنێوو هێرشکردنە سەر هەموو پیرۆزیەکان دەیانناسێتەوە" (ڕەسوڵ، 2017). گوتارو کاری ڕۆژنامەوانی بوونە جوێن نامەو ڕەخنە تەنها ناونیشانێک بوو بۆ جێکردنەوەی سوکایەتی و بێڕێزیکردن بە هەموو شتێک، ئیدی گوتاری ڕک وکینە کرا بە کەرستەی بنیاتنانی هزرو کەسایەتیی بەهێزو خەڵکی بەناو ئۆپۆزیسیۆن.

ئەو قۆناغە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، حیزبەکان کە بە هۆی هەبوونی یاسای حیزبەکان و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر یاساو حیزبە ڕکابەرەکان و تێکنەدانی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانیان، وەک ئەلتەرناتیڤێک دامەزراوەی میدیای سێبەریان کردە بەشێک لە ستراتیژیەتی کارەکانیان و سوود لێوەرگرتنیان بە دوو ئاراستە، یەکەمیان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی بۆچوونی جیاوازو ئاراستەکردن وڕاکێشانی مەیلی ڕای گشتی بەلای خۆیاندا، دووەمیان هێرشکردنە سەر ڕکابەرو نەیارە سیاسیەکانیان و شکاندن و سوکایەتی پێکردن و هێرشکردنە سەر ژیانی کەسی و تایبەتی کەسەکان و لەڕیی پەنابردنە بەر هۆنینەوەی چیرۆک و بێڕێزیپێکردنی تا ئاستی تێوەگلاندنی ئەندامانی خێزانەکانیان و عەشیرەت و شارو ناوچەکانیشیان. هەموو ئەوانەش سەرچاوەکەی بۆ ناکۆکی سیاسی نێوان لایەنەکان

دەگەڕێتەوە، کە لەو خاڵەدا مێژوو زیاتر لە جارێک لە نێو مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دا خۆی دووبارە کردۆتەوە، "دەبینین لە هەر قۆناغێکدا ناکۆکی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا دەرکەوێت، ڕۆژنامەکان لە جیاتی ئەوەی هەوڵی بچووکردنەوەو داپۆشینی بدەن، بە وتار و نوسینی ئاگرینی کەسانێک جۆشیان داوە، کە سەر بە لایەنە ناکۆکان بوون". (بابۆلی، 2010) .

### 3. زمانی زبر لە پەرچەکرداری سیاسیەوە بۆ دەردێکی کۆمەڵایەتی

زمانی زبر لە میدیای کوردیدا بەرهەمی پەرچەکردارێکی سیاسی بوو کە گوتاری سیاسیی کوردی بەسەر دوو دەستەواژەی نوێ دابەش کرد، کردار و پەرچەکردار، جەلالی و مەلایی، پارتی و یەکێتی کە تا ئێستاش ئەو لێکترازانە بەردەوامەو لە تەنها هەڵوێست و ناکۆکیەکی سیاسیەوە پەڕیوەتەوە ناو بوارەکانی دیکەو لە هەمووشیان زیاتر کاریگەریی و مەترسییی لەسەر بواری کۆمەڵایەتی دروست کردووە " جوێنی سیاسیی لە جوێنی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی مەترسییدارترە، چونکە لە هەمان کاتدا کە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵایەتی سانسۆری جوێنەکان دەکات و فۆرمە زمانیەکەیان دەگۆڕێت، ئاواش کولتووری ڕەتکردنەوەی جوێن لە کۆمەڵگەدا، دەیەوێ جوێندانمان وەک شتێکی ناشیرین و دزێو بیربخاتەوە و بیناسێنێ. بەڵام جوێنی سیاسیی، بەو هۆیەوە کە ڕادەگەیەنرێ، بڵاو دەکرێتەوە، فۆرمە زمانیەکەی پیرۆز و جوان پیشان دەدرێ، یان ئیستاتیزە دەکرێ و تەنانەت قۆشمەجاڕانە و نوکتەئامێزانەش دەخرێنە ڕوو، ئەوە دەبێتە بەشێک لە پرۆسەیەکی پەروەردەکاری، کە خۆ دەربازکردن لێی ئاسان نابێت. جوێنی سیاسی، کە ئامانجی شکاندنی پیرۆزییە سیاسیەکانی بەرامبەرە، لەبەر ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێمان لێیان دەبێت، خۆی وەک جێگرەوەیەکی پەروەردەیی (ناپەروەردەکارانە) پێناسە دەکات. پەروەردەمان دەکات بە پێچەوانەی پرانسیپە پەروەردەییەکانەوە. جوێنی سیاسی شەڕانییەت بڵاو دەکاتەوە" (سیوەیلی، 2020) بەربڵاویی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان رووبەری بەکارهێنانی زمانی زبری فراوانتر کردووە، تا ئەو

رادەیەی کە زمانی زبر جێگای ڕەخنە و لێکدانەوەی گرتۆتەوە،" بەشێکی هەرە زۆری ئەوەی ئەمڕۆ (ئیدی لە بواری سیاسی، یان کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆشنبیریشدا بێت) کە وەک ڕەخنە لە فەزای گشتی و بەتایبەتتر لە فەزای مەجازیدا (سۆشیال میدیا) ساغ دەکرێتەوە، ڕق هەڵڕشتن و خاڵیکردنەوەی کینەیە" (بێخاڵی، 2020) .

لە هەر کوێ پەیوەندیکردن هەبێت ئایدۆلۆژیاش هەیە، ئایدۆلۆژیا دەبێتە دەمامکی پاراستنی بەرژەوەندییەکان. بۆیە کەسانێک تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە هەموو ئامراز و ژانەرەکانیەوە بەکاردێنن بۆ دروست کردنی واقیعێک کە پێشتر ڕەهەندەکان و سنوورەکانی دیاریکراون و نەخشەیان بۆ کێشراوە (المدني، 2015) ئەو واقیعەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دایدەڕێژێ بریتیە لە (باوەڕیەکی دەستکرد) دەکرێتە ژێدەر بۆ لیکدانەوە و بەرخوردکردن لەگەڵ هەموو پرس و بابەتەکان بە گوێرەی گونجان یان گونجاندنی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی کە لە پشت پەیامەکەوەن. بۆیە دەتوانین تا ئەو رادەیە بڕۆین و بڵێین واقیع بە مانا کلاسیکیەکی و حەقیقەت وەک پێشتر پێناسەی کراوە لە سەر لێواری داڕمانە و هەندێکیش دەڵێن تەواو داڕماوە و ئێستا مرۆڤایەتی لە سەر دارو پەردووی حەقیقەت جیهانێکی دیکە لە وەهم بنیات دەنێت (اسماعيلي، 2019) .

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکارهێنانی زمانی زبر تەنها لە بواری سیاسەت نەماوەتەوە، بەڵکو زیاتر تەشەنەی کردووە و بۆتە کەرستەی دروستبوونی گوتاری ڕک و کینە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان، هەروەها لە نێوان ناوچەو شارەکان، بە تایبەتیش ئەو دابەش بوونە جوگرافیەی لێکەوتەی دابەش بوونە سیاسیەکەیە، تێکەڵبوونی وشە و دەستەواژەی زبر تا دەگاتە جوێندان و هێرش کردنە سەر کەسایەتی و ژیانی کەسی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە، " ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی جوێنفرۆشدا دەژین. جوێن کاری خۆی دەکات و جوێنفرۆش کاراکتەرێکی دیارە. ئایا ئەمە چ جۆر کۆمەڵگەیەکە کە تیایدا جوێن دەبێتە جێی ستایش و جوێنێک دەتوانێت کێشەیەکی سیاسیی بنێتەوە، زۆرێک لە کیشەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن لە ئاستی تانەو جوێندا ماونەتەوە. کێشەی نێوان دەسەڵات و میدیای ئەهلی

زۆر جار بە زمانی جوێن خۆی دەردەبڕێ" (سیوەیلی، 2020). پشت گوێخستنی ئەرکی ڕەوشتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دیارترین خاڵە کە ئەو قۆناغەی پێ بناسرێتەوە ئەوەش تەنها لە دەزگاکانی میدیایی و کەسانی سیاسی کورت ناکرێتەوە بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی گشتگیر و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، چونکە ئەگەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەو تایبەمەندیانەی هەیەتی ڕوویێکی باشی هەبێت، ئەوا ڕوویێکی دیکە زۆر بە نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە شکاوەتەوە، بەهۆی وابەستە بوون و ئاسان بەکارهێنان و دەست را گەیشتن بە میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگایەکی نەخۆش دروست بووە، زۆربەی کاتی گەورەو بچووکەکان بە دیار ئەو جۆرە لە میدیای نا بەرپرس بە فیرۆدەدرێت (قەشقەیی، 2021). ڕووی هەرە خراپ و ترسناکی ئەو میدیایە ئەفراندنی دنیاو کەشێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسیەیە کە هەمووان وەک یەک قسە دەکەن و وشەو دەستەواژە بەکاردەهێنن بەتایبەتی لە میدیای کۆمەڵایەتیدا، لە باشووری کوردستاندا نەک بە تەنها میدیاو پەرلەمانتاران خاوەنی گفتووگۆیەکی زاڵ و درو هێرشکەرو تاوانبارکەرن، بەڵکوو ئەم دیاردەیە وەها ڕۆچووەتە خوارەوە، کە منداڵانی باخچەی ساوایانیش بەو شێوازە لەگەڵ یەکترییدا گفتووگۆ دەکەن (سەعید، 2021).

### 4. گوتاری ڕک وکینە و بازاڕی میدیایی

گوتاری ڕک وکینە لە میدیادا بە تایبەتی لە میدیای کۆمەڵایەتیدا، ئەوەندە هەرمێنی پەیدا کردووە کە بە دەیان سەکۆو پێگەی بۆ دروستکراوەو بۆتە هۆی بەناوبانگ کردنی ژمارەیەک زۆری خەڵک، هەروەها پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاری بە کەسانێک بەخشیوە کە ئەگەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانی زمانی زبر نەبوایە هەرگیز بەو ئامانجە نەدەگەیشتن.

زمانی زبر بازاڕێکی تایبەت بەخۆی هەیە هەموو ئەوانەش کە هامۆشۆی ئەو بازاڕە دەکەن چ کڕیار بن یان فرۆشیار لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە کە هەردوولایان سەر بە یەک کەلتوور و بەرهەمی یەک جیهانبینین، لەناوەڕۆکدا هەموو ئەوانەی بەزمانی جنێو قسەدەکەن یەک

ژێرخانی کەلتووریان هەیەو بەرئەنجامی یەک دیاردەن. هەموویان لەبازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوەو خاوەنی یەک جۆر مێنتێلێتی(ئەقڵییەت) و هۆشیاری و پەروەردەن. بکەری جنێودەر مەلا بێت یان قازی، ڕۆشنبیر بێت یان سیاسی، ئاغا بێت یان گەدا، سەر بەهەمان کەلتوورن و هەمان ئەخلاق بەرهەم دێنێتەوە کە تا دوا ئاستی خۆی نزمە (رەسوڵ، 2020). نیگەرانیی گەورە ئەوەیە، ئەو نەوەی ئێستا پێدەگات نەوەیەک نییە لە حوجرە، یان قوتابخانە، یاخود کتێبخانە، یاخود لە یانەیەکی رۆشنبیری و فکری یاخود لە زانکۆ چاوبکاتەوەو ئیلهام وەربگرێت، بەڵکو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە کۆمەڵگە ئاشنادەبێت و لەوێوە خەڵک دەبینێت و چاو هەڵدێنێت، کلیک لەسەر پۆستێک دەکات لیستێکی هەزار بەهەزار جنێوی دێتە بەرچاو. سەرسامدەبێت بەو پاڵەوانانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن، رۆژانە ئەو لایڤانەی بەرچاودەکەوێت کەپیاوێک یاخود ژنێکی ٤٠ ساڵ دانیشتووە ئەنواع و ئەشکاڵ جنێو بەم و بەو دەدات و بە خراپترین و ناشیاوترین شێوە ناوی کەسانی دیکە دەهێنێت. ئەگەر ئەم نەوەیە لە ژینگەیەکی ئاواوە پێبگات کە زۆربەیان کاتێکی زیاد لە حەد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، دەبێت لە داهاتوو چەندە لەخەمی بەها باڵاکانی کۆمەڵ و ئاکارو خووڕەوشتی جوان و چاکەکاری و رێزگرتن و خۆشویستن و پاکێتیدا بێت؟ بە دەم و دەستی خۆمان، بیرکردنەوەیان خەوشدار دەکەین و نموونە ناشیرینەکانیان دەرخوارد دەدەین (حەسەن، 2019) .

# بەشی پێنجەم
# لایەنی شیکاری

یەکەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە

دووەم: شیکاری لە سەر ئاستی (پەیامدەر)

سێیەم: لە سەر ئاستی (وەرگر)

## بەشی پێنجەم
## لایەنی شیکاری

### یەکەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە

**یەکەم، ناساندنی نموونەکان:** وەک لە ماڵپەڕ یان لە پەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بڵاویان کردۆتەوە، ئەو ماڵپەڕانە بەو شێوەیە خۆیان ناساندووە، وەک ئەوەی لە خوارەوە یەک بە یەکیان ناسێندراون:

1- Politic Press

دەزگای میدیایی پۆڵەتیک، دەزگایەکی ڕاگەیاندنی فکری، سیاسی ڕووناکبیری گشتییە، ئامانج لێی گەشەپێدانی هزری سیاسی و نیشتمانی کۆمەڵگەیە.
https://www.facebook.com/politicmediapress

2- Diplomatic

دیپلۆماتیک میدیایەکی ئەهلییە، بایەخدەدات بە ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەرهەمهێنانی میدیایی دەکات.
https://www.facebook.com/Diplomaticmg

3- Bwar Media

بوار، دەزگایەکی میدیایی تایبەت بە هەواڵ و زانیاری و شرۆڤەی تایبەتمەند و جیاوازە.
https://www.facebook.com/Bwar.Mediaa

4- **ستاندەر** Standard Kurd

گرنگیی ڕاگەیاندن لەسەردەمی ئێستادا هێندە لەپێش چاوە پێویست بەباسکردن ناکات، کوردیش وەک بەشێکی دانەبڕاوی ئەم جیهانە لەگەڵ بوونی ئازادیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بایەخی پتر بە ڕاگەیاندن دەدات، ئەوەتانێ ژمارەی کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، سایت و ڕادیۆکان، تا دێت زیاتر دەبێت .

لەم نێوەندەدا پرۆژەی ستاندەر وەک بیرۆکەیەکی خۆماڵی هەڵقەلاوی نێو جەرگەی شەقامی کوردی بە لەخۆگرتنی ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی بیروڕا جیاواز بەگۆڤارێکی مانگانە هاتنە نێو کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی، دوای دووساڵ وەک پێویستیەکی قۆناغەکە ڕۆژنامەی

ستاندەریش هاوشانی گۆڤارە مانگانەکە هەفتانە بە١٦ لاپەڕە دەستی بەدەرچوون کرد، سایتی ستاندەر کوردیش کەپێشتر تەنها رۆژنامەو گۆڤارەکەی لەخۆدەگرت بەچاکمانزانی بیکەینە رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئازادو رۆژانە خوێنەری کورد لەسەرتاسەری دونیادا لەهەواڵو گۆڕانکاریەکان ئاگاداربکەینەوە.

بەردەوامیو گەشەی ستاندەر لەو مەودا فراوانەی بیروڕا دەربڕینەدایە کە تائێستا رەنگی داوەتەوە لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکە، قەڵەمە ئاراستە جیاوازەکان رەنگێکیان بەخشیوە بەستاندەر کە جگە لەرەنگی نیشتمان لەهیچ رەنگێکی دیکە ناچێت، هەموو رەخنەو تێروانینێکی جیاوازیش کەبڵاوی دەکەینەوە مەبەستمان لێی گێڕانەوەی رێزی تەواوە بۆ هاوڵاتی کوردو بەرچاوڕۆشنی بەرپرسانە لەو هەڵەو کەموکورتیانەی ئێستا.
https://www.facebook.com/skurd.net

5- Xor

خۆر، دامەزراوەیەکی میدیایی هەمەڕەنگە، تیشک دەخاتە سەر بابەتەکانی ڕۆژانە و دەنگ و ڕەنگی ئێوە دەبێت.https://www.facebook.com/Xorkrd /

6- **دامەزراوەی میدیایی مەلیک**-Malik

لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئێمە لێرە خزمەت بە کورد دەکەین.

دەربارەی دامەزراوەی میدیایی مەلیک...لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئێمە لێرە خزمەت بە کورد دەکەین و دەمانەوێت هەمووان پێکەوە دژی ئەو ستەم و نادادیە بوەستینەوە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان ٢٩ ساڵە بەردەوامیی پێدەدەن و سامانی سەروژێری وڵات تاڵان دەکەن. دامەزراوەی میدیایی مەلیک، لەلایەن دەستەیەک لە رۆژنامەنوسانی خاوەن ئەزموونەوە بەڕێوەدەبرێت و دەمانەوێت پەردە لەسەر ئەو هەموو گەندەڵی و بێ سەرو بەرییە هەڵبدەینەوە کە جوت بنەماڵە بەناوی دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی حکومەتەوە دەیکەن و جگە لە ژان و ناسۆریی و زوڵم و زۆرداریی و نادادیی هیچیان بۆ کورد فەراهەم نەهێناوە .
https://www.facebook.com/melik88

**دووەم،هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو نموونانە:** هۆکاری دیاریکردنی پەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی ماڵپەڕەکان، ئامانج لەو هەڵبژاردنە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی دەربارەی میدیا بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کراون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە فەیسبووک بەربڵاوترین تۆڕی کۆمەڵایەتیە کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن، هەروەها لەو تۆڕەکۆمەڵایەتیدا، بۆچوونی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانیان دەخەنە روو و گفتوگۆی دەربارە دەکەن، ئەوەش هۆکارە کە میدیای جەماوەری Mass Media و میدیای ژمارەیی Degital Media سوود لەو تۆڕەکۆمەڵایەتیە وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی هەمان ئەو بابەتانەی کە بە شێوەی ئاسایی خۆیان لە ماڵپەڕەکانیان - رۆژنامەی ئەلکترۆنیەکەیان(Website) بڵاوی دەکەنەوە.

**دووەم:** لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک جەماوەری بەکارهێنەر، دەتوانێ بە رێگا و شێوازی جیاواز، کارلێک لەگەڵ بڵاوکراوەی ئەو میدیایانەدا بکات. لە رێگای نووسینی تێچینە (کۆمێنت) بێت، یان پەسندکردن(لایک) یاخود دانانی ئیمۆجیەک کە گوزارشت لە هەست و سۆز هەروەها هەڵوێستی کەسەکە بکات، لە رێگای پەرچەکردارو کاردانەوەی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە دەتوانین، داتا و زانیاری پێویست و راستەقینە وەدەست بخەین، کە راستەوخۆ لەلایەن کەسانێکەوە خراونەتە روو کە لە رێگای توێژەر پرسیاریان ئاراستە نەکراوە، تا سنووریان بۆ داندرابێ و وەڵامەکانیان پێشبینی کراو بن، بەڵکو ئەو بەشداربووانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بە سروشتی خۆیان و بەبێ هیچ راسپاردە و داوایەک هەڵوێست و باوەڕی خۆیان خستۆتە روو، کە ئەو جۆرە زانیاری و داتایانە راستەقینە و راستینە و دەکرێ ببنە بنەمایەک بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گوتارەدا لەلایەن کەسانێک یان خودی دەزگاکان، کە بیانەوێ بەشدار بن لە رێگریکردن لە زیاتر تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە.

ئەو پەڕانەی فەیسبووکی ئەو پێگە ئەلکترۆنیە هەواڵیانە، ژمارەی وەرگرانیان جیاوازە، ئەوەش لە ڕێگای لایک کردنی پەیجەکان ژمارە و ڕێژەی وەرگرانیان دیار دەبێت، وەک لەو خشتەیە دا نیشان دراوە.

**خشتەی 2 ژمارەی لایکی پەڕەکان لە فەیسبووک**

| ناوی پەڕەکانی فەیسبووک | ژمارەی لایکی پەڕەکە |
|---|---|
| Politic Press | 175,003 |
| Diplomatic | 94,383 |
| Bwar Media | 58,040 |
| Standard Kurd | 244,609 |
| Xor | 197,397 |
| مەلیکMalik | 378,413 |
| کۆی گشتی | 1,147,845 |

ئەو ژمارانە ئەو رووبەرە نیشان دەدەن کە ئەو ماڵپەڕەکان لە ڕێگای پەڕەی فەیسبووکیان گرتوویانە، کە نموونەی توێژینەوە پێک دەهێنن، هەروەها کاریگەریی ئەو پێگە (پەڕە)انە نیشان دەدات، لە سەر بۆچوونی تاکەکان، کە لە ڕێگای کارلێکی جیاوازەوە لەگەڵ بابەتەکان نیشانی دەدەن. لایک کردنی ئەو پەڕانە بەو ژمارانەی لە خشتەکەدا دیاری کراون، واتا ئەوانە ژمارەی گرێنتی وەرگرانن کە پۆست و بابەتی ئەو پێگانەیان پێ دەگەن. جگە لە لایک کردنی پەڕە (پێگە) سەرەکیەکە، لە ڕێگای چەند ژمارەیەکی دیکەش دەتوانین قەبارەو ژمارەی کارلێک لەگەڵ بابەتەکان پێوانە بکەین، ژمارەی ڤیوەکانیان Views (9,434,803) نۆ ملیۆن و چوارسەد و سی و چوار هەزار و هەشت سەد و سێ کەسە، تەنها لە ماوەی ئەو مانگە گریمانەیەی بۆ توێژینەوە دروست کراوە کە خۆی لە (7) ڕۆژی راستەقینە دەبینێتەوە، هەروەها تەنها لە ڕێگای ژانەرێکەوەیە کە ڤیدیۆیە و ژمارەیان 231 ڤیدیۆیە، کە چیتر دەزگا گەورە میدیایەکانی (گەورە لە رووی خەرجی مادی و توانای مرۆیی) وەک دەزگاکانی تەلەفزیۆنە ئاسمانیەکان یان رۆژنامە گەورە بەناوبانگەکان، بەڵکو پێگەیەکی ئەلکترۆنی کە

ڕەنگە یەک کەس بەڕێوەی ببات، کاریگەریی و ڕووبەری وەرگرانی مەزنتربێت لەو میدیا نەریتیانە (میدیای جەماوەری – Mass Media).

لەو شەش پێگەیەی وەک نموونەی توێژینەوە هەڵبژێدراون، چواریان،Politic Press، Diplomatic، Bwar Media، Standard Kurd ماڵپەڕن Website، واتا ئەو بابەتانەی لە پەڕەی فەیسبووکیان بڵاودەکرێنەوە لە ماڵپەڕەکەش بڵاوکراونەتەوە، ئەوانە ناونیشان و ستافی بەڕێوەبردنیان دیار و ئاشکرایە. دووەکەی تر Xor، مەلیکMalik ماڵپەڕەکەیان هاوشانی پەڕەی فەیسبووکیان ئەکتیڤ نیە، هەبوونی ماڵپەڕەکەیان تەنها وەک پێویستیەکی هەبوون و بەردەوامی پەڕەی فەیسبووکیانە، هەروەها ستافی بەڕێوەبردن و ناونیشانیان دیار نیە.

**دووەم، شیکاری لە سەر ئاستی پەیامدەر**

پێکهاتەکانی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی چوارن (پەیامدەر، پەیام، وەرگر و کەلتوور)، پەیامدەر هەڵسوڕێنەری ئەوانەی دیکەیە، پەیامدەر پەیامەکە هەڵدەبژێرێت بەگوێرەی ئەو ئامانجەی هەیەتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی، لەو ڕێگایەشەوە کاریگەریی لەسەر وەرگر دروست دەکات، لە ڕێگای کەڵەکەبوونی ئەو پەیام و کاریگەرییانە، مەعریفەیەکی نوێ دروست دەبێت، کە بە هۆیەوە تاکەکان ئاراستە دەکرێن و ڕای گشتی لێ دروست دەبێت، ئەوەش دەبێتە کەلتووری مەعریفی و هەڵسوکەوتی وەرگران، و شێوازی بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوونیان، گوزارشت کردن لە باوەڕ و هەڵوێستەکانیان.(Mumen 2016)

تیۆری لە چێوەگرتنی میدیایی، لەو دۆخە دەکۆڵێتەوە کە پەیامەکە دروستی دەکات، ئەو تیۆریە لە سەر ئەو باوەڕە بنیاتنراوە، کە ڕووداو و ناوەڕۆکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە خۆیانەوە هیچ واتایەک نادەن، تا ئەو کاتەی دەخرێنە ناو چێوەیەک، کە وشە و دەستەواژە و واتاکان ڕێک دەخات، لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە کارامەیی و بەها باوە کۆمەڵایەتیەکان. لە چێوەگرتنی پەیامی میدیایی توانای پێوانەکردنی ناوەڕۆکی پەیامی میدیاییت بۆ دەڕەخسێنی، ڕۆڵێ لە دروست کردنی کاریگاری لەسەر بۆچوون و ئاراستەکان شی دەکاتەوە) جاسم

2020( لەم تەوەرەدا چۆنیەتی مامەڵەکردنی پەیامدەر (دەزگا میدیاییەکان) لەگەڵ بابەت و زانیاریەکان دەخەینە روو، هەروەها ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکە و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی و ئەو شێواز و ڕێگایانەی بەکارهاتوون، بەمەبەستی دروست کردنی کاریگەریی لە سەر وەرگر، کە ئەوە ئامانجی گەورەی میدیایە.

**خشتەی 3 پۆلێنکردنی بڵاوکراوەکان لە سەر  ئاستی جوگرافی دیاریدەکات**

| پێگەکان / جیوگرافیا | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | Malikمەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ناوخۆی | 47 | 84 | 135 | 90 | 121 | 92 | 123 | 80 | 41 | 87 | 30 | 100 | 497 | 88 |
| هەرێمایەتی | 2 | 3 | 6 | 4 | 10 | 8 | 27 | 17 | 6 | 13 | 0 | 0 | 51 | 9 |
| نێودەوڵەتی | 7 | 13 | 9 | 6 | 0 | 0 | 4 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 20 | 3 |
| کۆی گشتی | 56 | 100 | 150 | 100 | 131 | 100 | 154 | 100 | 47 | 100 | 30 | | 568 | 100 |

لە خشتەی(3) لە ئەنجامی هاوێرکردن (پۆلێن کردن)ی بابەتە بڵاوکراوەکان لە سەر ئاستی جوگرافی، بۆمان دەردەکەوێت، کە بایەخی هەرە زۆر بە هەواڵ و بابەتی ناوخۆیی(هەرێمی کوردستان – عێراق) دراوە بە ڕێژەی (88%). گرنگییدان بەو هەواڵانەی پەیوەستن بە پرسە هەرێمایەتیەکان بە پلەی دووەم دێت، وێڕای ئەوەی بۆ گەلی هەرێمی کوردستان پرسە هەرێمایەتیەکان، تەنها بە وڵاتە دراوسێکانەوە گرێنەدراوە، بەڵکو بە پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەلی کوردستانیشەوە گرێدراون، بەڵام رووبەری گرنگیپێدانیان تەنها بە ڕێژەی (9%) بووە، لە کۆی ئەو بابەتانەی لە هەر شەش پێگە ئەلکترۆنیەکە بڵاوکراونەتەوە.

هەواڵە نێودەوڵەتیەکان کەمترین بایەخیان پێدراوە، بە ڕێژەی(3%) کە بۆ هەرێمی فیدڕالی وەک هەرێمی کوردستان جێگای تێڕامانە، چونکە بە درێژایی ساڵانی هەبوونی وەک هەرێمی فیدڕالی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتیمانی کاریگەر بووە بە ڕووداو و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان، دروست و بوون و دامەزراندنەکەی و مانەوەی بە بڕیارێکی نێودەوڵەتیەوە گرێدراوە، کە بڕیاری 688 ئەنجوومەنی ئاسایشە(1991 /un, digitallibrary.un.org) .

ئەو جیاوازیە لە ڕێژەکان دەمانباتەوە سەر پێناسە سادە و نەریتیەکەی میدیا "دروست کردنی رای گشتیە و ئاراستە کردنی تاکەکانە بۆ ئامانجێکی دیاری کراو". (الشحي 2022) ئەو پێگە میدیایانە وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون لە پێناو ئامانجێک پەیامەکانیان بە شێواز و ناوەڕۆکی جیاواز بڵاودەکەنەوە.

**خشتەی 4 ژانرەکانی نموونەی توێژینەوە دیار دەکات**

| پێگەکان / ژانرەکان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| هەواڵ | 22 | 31 | 32 | 16 | 23 | 11 | 23 | 12 | 13 | 16 | 2 | 6 | 115 | 14 |
| راپۆرت | 4 | 5 | 16 | 8 | 12 | 6 | 10 | 5 | 10 | 13 | 0 | 0 | 52 | 6 |
| وتار | 0 | 0 | 2 | 1 | 2 | 1 | 3 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 7 | 1 |
| لێدوان | 6 | 8 | 26 | 14 | 13 | 6 | 39 | 20 | 8 | 10 | 8 | 22 | 100 | 12 |
| شیکردنەوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 40 | 19 | 2 | 1 | 20 | 25 | 0 | 0 | 62 | 8 |
| پۆستەر | 11 | 15 | 44 | 23 | 40 | 19 | 81 | 41 | 27 | 35 | 18 | 48 | 221 | 29 |
| ڤیدیۆ | 30 | 41 | 74 | 38 | 79 | 38 | 38 | 20 | 1 | 1 | 9 | 24 | 231 | 30 |
| کۆی گشتی | 73 | 100 | 194 | 100 | 209 | 100 | 196 | 100 | 79 | 100 | 37 | 100 | 788 | 100 |

لە لێک جودا کردنەوەی بابەتەکان بە گوێرەی ژانرەکانیان، وەک لە خشتەی(4) وەدیاردەکەوێت، بابەتە ڤیدیۆیەکان زۆرترین رووبەریان گرتووە بە ڕێژەی(30%)، کە نیشاندەری ئەوەیە، پێگە ئەلیکترۆنیەکان لە پێناو پێکانی ئامانجەکانیان، هەوڵ دەدەن هەموو هەستەکانی وەرگر بدوێنن، بە تایبەتی بینین و بیستن (دەنگ و رەنگ).

هاتنی ژانری پۆستەر لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی(29%) دووپات کردنەوەی هەمان راستیە، هەروەها دەرخەری ئەوەشە، کە پێگە کۆمەڵایەتیەکان سوود لە هەموو ژانرەکانی میدیایی وەردەگرن (بینراو و بیستراو و خوێندراو) بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان. ئەوەش دەمانباتەوە سەر ئەو بۆچوونە باوەی کە دەربارەی پەیامی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگوترێتەوە، کە کورت و پوختە، خەڵک توانای بابەتی درێژی نەماوە، هەموو شتەکان خێرابوونە و مرۆڤ دەبێ بەو خێرایانە رابگات، وەک ئەوەی مارشال ماکلۆهان لە تیۆری(حەتمیەتی تەکنۆلۆژیا) باسی لێوە

کردووە، لە وێکهاتنەوە و گچکەبوونەوەی جیهان لە کەمبوونەوەی کات و شوێن (Sullivan 2015).

هەر ئەوەشە وای کردووە کە ژانری وتار کە درێژترین ژانری میدیاییە، لە دوایین خانەی گرنگییپێدانی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانە بێت. وەک لە خشتەکە دا دیارە، گرنگییپێدان بە ژانەرەکان لە پێگەیەکەوە بۆ یەکی دیکە جیاوازە، لە هەندێکیان ڤیدیۆ لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، وەک Bwar Media و Diplomatic لە هەندێکی دیکە ڤیدیۆ لە ریزبەندی کۆتایی دایە، وەک Xor و مەلیک-Malik، ئەوەش بۆ لایەنی دارایی و ژمارەی ستاف و هەبوونی خەڵکی پسپۆڕ لەو بوارانەدا دەگەڕێتەوە، چونکە دروستکردنی بابەتی ڤیدیۆیی بە هەموو جۆرەکانیەوە، توانای مادی و مرۆیی پێویستە (بودجە و کارامەیی و لێزانی).

**تێبینی:** کۆی گشتی بابەتەکانی هەر یەک لەو شەش پەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە خشتەی(4) لەگەڵ کۆی گشتیان لە خشتەی(3) تێکناکەنەوە(یەکناگرنەوە)، چونکە زۆرینەی بابەتەکان لە ڕێگای زیاتر لە ژانرێکەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە زۆربەی هەواڵ، ڕاپۆرت، شیکاری و ڤیدیۆکان، پۆستەری تایبەتیان بۆ دروست کراوە و لەگەڵیان داندراون، یان ژمارەیەک لە ڤیدیۆکان بە تایبەتی ڕاپۆرتە ڤیدیۆییەکان زیاتر لە هەواڵێکیان لە خۆگرتووە.

**خشتەی 5 جۆری ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان لە پۆستەکان دەخاتەڕوو**

| پێگەکان / ج. ڤیدیۆ | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیکMalik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| چاوپێکەوتن | 11 | 28 | 11 | 12 | 11 | 17 | 10 | 29 | 0 | 0 | 0 | 0 | 43 | 18 |
| ڕاپۆرت | 7 | 18 | 30 | 34 | 31 | 45 | 5 | 15 | 0 | 0 | 0 | 0 | 73 | 30 |
| ڕاستەوخۆ | 14 | 36 | 25 | 28 | 16 | 23 | 3 | 9 | 0 | 0 | 0 | 0 | 58 | 24 |
| لێدوان | 7 | 18 | 23 | 26 | 10 | 15 | 13 | 38 | 0 | 0 | 9 | 90 | 62 | 26 |
| هی دیکە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 9 | 1 | 100 | 1 | 10 | 5 | 2 |
| کۆی گشتی | 39 | 100 | 89 | 100 | 68 | 100 | 34 | 100 | 1 | 100 | 10 | 100 | 241 | 100 |

لەو خشتەیەدا جۆری ئەو ڤیدیۆیانە دەردەخات، کە لە ڕووماڵی نموونەی توێژینەوە دا بڵاوکراونەتەوە، ئەو ڤیدیۆیانەی زۆرترین پانتاییان گرتووە، ڕاپۆرتی ڤیدیۆیین بە

ڕێژەی(30%) لە زۆربەی ڕاپۆرتەکاندا زیاتر لە هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە، ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن کەسێکەوە(بێژەر) پێشکەش دەکرێن، لە رووی دەنگ و وێنەگرتن و دابین کردنی پێداویستیەکانی دیکە ئامادەکاریان بۆ کراوە، هەموویان لە ناو ستۆدیۆ و لە ڕێگای ( Green Screen) وە (Background)ی بۆ داندراوە. دووەم ژانەر کە رووبەرێکی گەورەی وەرگرتووە لێدوانە (بۆچوون-Openion، لێدوان-Statemant) کە بە ڕێژەی(26%)، لە ریزبەندی سێیەمدا ڕاستەوخۆکانن(Live) بە ڕێژەی(24%) کە لە ڕێگایەوە هەواڵ و زانیاری مەیدانی (In the field) بۆ وەرگرانیان دەگوازرێتەوە، ئەوەشیان لایەنی کەم کەسێکی دەوێ کە کارەکە ئەنجام بدات، هەمان شت بۆ چاوپێکەوتنیش ڕاستە کە لە ڕێزبەندی چوارەم دێت بە ڕێژەی(18%).

ئەو ڕێژانە ئاماژەن ئەو ئەو پێگە ئەلکترۆنیانە ستافی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها شوێنی تایبەتی کار، لەو خشتەیەدا وەدیار دەکەوێت کە چوار لە نموونەکانی توێژینەوە لەو جۆرە پێگە ئەلکترۆنیانەن ئەوانیش(Politic Press، Diplomatic، Bwar Media و Standard Kurd)، دەربارەی دوو نموونەکەی دیکەی توێژینەوە (Xor و مەلیکMalik) کە کەمترین ڕێژەی ڤیدیۆیان بڵاوکردۆتەوە، مەلیک بە بڵاوکردنەوەی (10) پارچە ڤیدیۆ لە ڕیزبەندی پێش کۆتاییە، کە هەموو پارچە ڤیدیۆکانی لە سەرچاوەی دیکە وەرگرتوون کە تەلەفزیۆنی NRT کە هەردووکیان سەر بە جوڵانەوەی نەوەی نوێن، هەروەها Xor کە تەنها یەک پارچە ڤیدیۆی بڵاوکردۆتەوە بە هەمان شێوە لە سەرچاوەی دیکەی وەرگرتووە، ئەوەش ئاماژەیە کە ئەو دوو نموونەی توێژینەوەیە ژمارەی ستاف و توانای داراییان سنووردارە.

**خشتەی 6 بوارەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو**

| پێگەکان / بابەتەکان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیکMalik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| سیاسی | 20 | 42 | 60 | 48 | 82 | 70 | 75 | 63 | 29 | 82 | 25 | 76 | 291 | 61 |
| کۆمەڵایەتی | 9 | 19 | 23 | 18.5 | 1 | 0.5 | 3 | 2.5 | 2 | 6 | 1 | 3 | 39 | 8 |
| ئابوری | 13 | 27 | 28 | 22 | 25 | 21 | 35 | 30 | 2 | 6 | 5 | 15 | 108 | 22.8 |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.20 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.5 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | وەرزشی |
| 1 | 5 | 3 | 1 | 0 | 0 | 2 | 2 | 0 | 0 | 0.5 | 1 | 2 | 1 | هونەری |
| 7 | 34 | 3 | 1 | 6 | 2 | 2.5 | 3 | 8 | 10 | 11 | 13 | 10 | 5 | تەندروستی |
| 100 | 478 | 100 | 33 | 100 | 35 | 100 | 118 | 100 | 119 | 100 | 125 | 100 | 48 | کۆی گشتی |

لەو خشتەیەدا ئاستی گرنگیی پێدانی نموونەی توێژینەوە دەخاتە روو بەو رەهەندانەی بابەتە بڵاوکراوەکان لەخۆیان گرتووە، بابەتی سیاسی لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (63%) بابەتە ئابووریەکان بە ریژەی (22.80%) لە پلەی دووەم دێن، رێژەی(8%) کە پلەی سێیەمە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان جێیان گرتووە، لە پلەی چوارەمیش بابەتی تەندروستی بە ریژەی(7%)، ئینجا بابەتی هونەری بە رێژەی(1%) پلەی پێنجەم و بابەتی وەرزشی بە رێژەی(0.20) لە پلەی شەشەم دێت.

ئەو داتایانە ئەوە نیشان دەدەن کە ژینگەی توێژینەوە ژینگەیەکی سیاسیە، بۆیە بابەتە سیاسیەکان لە پلەی یەکەمەوە دێن، وەرزش و هونەر کە دوو بواری کات بەسەربردن و چێژوەرگرتنن لە نزمترین پلە دێن، لەو بابەتە ئابوری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشیانەش بە بابەتی سیاسیەوە گرێدراون بۆیە گرنگییان پێدراوە و بڵاوکراونەتەوە، چەند نموونەیەک بۆ ئەوە دەهێنینەوە:

لە 14/6/2022 لە Politic Press لیدوانی فرۆشیارێکی مەیدانی ئاژەڵانی سلێمانی داندراوە، کە بڵاوکردنەوەی رێنمایی خۆپاریزی لە پەتای خوێن بەربوون لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە دژایەتی خۆیان دادەنێ و هەبوونی پەتاکە بە درۆ وەسف دەکات، کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و بە زیانی خەڵکە.

لە 19/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی دەربارەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لە Diplomaticبڵاوکراوەتە، بەو ناونیشانە(سلێمانی کەوتە ئینزارەوە و بەغدا هاتە سەرخەت) ئەوە ناونیشانێکی سیاسیە و زیاتر سەرنج بۆ سەر ململانێی سیاسی نێوان بەغدا و هەولێر و هەروەها هەولێر و سلێمانی دەبات.

تاکە هەواڵی وەرزشی کە Bwar Media لە رۆژی 23/6/2022 بڵاوی کردۆتەوە، ڤیدیۆیی چوونی لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە بۆ ناو یاریگا، لە دوای بردنەوەی یانەی نەورۆز لە یانەی هەولێر، ئەو کارەی لاهور شێخ جەنگی نمایشێکی سیاسی بوو لە بەرامبەر رکابەرەکانی کە بڕیاری دوورخستنەوەیان داوە لە پۆستی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کەواتە هەواڵە سیاسیە نەک وەرزشی.

هەروەها پەڕەی فەیسبووکی پێگەی ئەلکترۆنی مەلیک کە یەک بابەتی هونەری بڵاوکردۆتەوە لە رۆژی 11/6/2022 گۆرانیەکە دوو هونەرمەند بە دووقۆڵی بەند بەسەر بەنزینەکەی شاسوار عەبدولواحیدی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێی هەڵدەڵێن.

ئەوە نموونە و داتایانە، ئەوە نیشان دەدەن کە میدیای نوێ (تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان – پێگە ئەلیکترۆنیەکان) نەیانتوانیەوە دیمەنی گشتی بەر لە پەیدابوونی ئینتەرنێت و بوونە پێویستی(مۆدە) بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بگۆڕن، بەڵکو بوونەتە درێژکردنەوەی هەمان قۆناغ، کە ململانێی سیاسی و گفتوگۆی توندی سیاسی رووبەری گەورەی گرنگیی پێدانی تاکەکانی گرتبوو. ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە دیارتینیان ئەوانەن:

- خەڵکی هەرێمی کوردستان هێشتان لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانی دەربازیان نەبوە، بە هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەڵکو بەردەوام هەڕەشەی لە ناو چوونی ئەو قەوارە فیدڕالیە دەستوریەی لێدەکرێت، کە لە دەستوری عێراقی بەناوی هەرێمی کوردستان دانپێداندراوە.
- درێژبوونەوەی ناکۆکی و شەڕی سیاسی و سەربازی نێوان پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، کە لە دوای دروستبوونی دامەزراوە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە ساڵی 1992 نەتواندراوە تێپەڕێندرێن، بەڵکو پرۆسەی بە حیزبی کردنی کۆمەڵگە زیاتر بووە، بۆیە ناکۆکی نێوان تاکەکانیش یان گروپەکان توندتر بووە.
- میدیا لە هەرێمی کوردستاندا درێژکراوەی گوتاری سیاسی و دەنگی حیزبەکانە، کە چۆن میدیای جەماوەری Mass Media لە ژێر کۆنترۆلی حیزب دابوو، بەهەمان شێوە کار

بۆ کۆنترۆلکردنی میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش دەکەن، بە درێژ کردنەوەی هەمان نەفسیەت و رکابەری سیاسی.

**خشتەی 7 ڕێکاری لەچێوەگرتنی گوتاری رکوکینە دیاریدەکات**

| پێگەکان / شێواز | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | Malikمەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| هەڵبەستن | 15 | 39 | 27 | 35 | 27 | 46 | 16 | 37 | 8 | 40 | 6 | 24 | 99 | 38 |
| لێقرتاندن | 5 | 14 | 14 | 18 | 0 | 0 | 2 | 5 | 0 | 0 | 11 | 44 | 32 | 12 |
| خستنەسەر | 15 | 39 | 21 | 27 | 27 | 46 | 22 | 51 | 12 | 60 | 7 | 28 | 104 | 40 |
| هەڵگێڕانەوە | 3 | 8 | 16 | 20 | 5 | 8 | 3 | 7 | 0 | 0 | 1 | 4 | 28 | 10 |
| کۆی گشتی | 38 | 100 | 78 | 100 | 59 | 100 | 43 | 100 | 20 | 100 | 25 | 100 | 263 | 100 |

ئەو ڕێکارانەی لە پرۆسەی لەچێوەگرتنی هەواڵ و زانیاریەکان لە نموونەکانی توێژینەوە بەکارهاتوون، بە ڕێژەی جودا ئامادەییان هەبووە، وەک لە خشتەی (7) دیارە، خستنەسەر لە ڕیزبەندی یەکەم دێت بە ڕێژەی (40%)، لە دوای ئەویش لە پلەی دووەم هەڵبەستن دێت بە ڕێژەی(38%)، ئینجا لە لێقرتاندن بە ڕێژەی (12%)، هەڵگێڕانەوە بە ڕێژەی (10%) بە دوای یەکتر دا دێن.

**خستنەسەر** لە ئامادەکردن و دارشتنی هەواڵ وەک لێقرتاندنیەتی، واتا بە خستنەسەری زانیاری نا دروست، ئەوە هەواڵەکە لە ڕێچکەی رەسەنی خۆی دەردەهێندرێ و خاڵی دەبێت لە بەها و چوارچێوە پیشەیی و ئەخلاقیەکەی. ئینتەرنێت  وەک فەزایەکی گریمانەیی دەرفەتی داوە کە چیرۆکەکان بە گوێرەی خواستی لایەنی بڵاوکراوەو بە مەبەستی پێکانی ئامانجێک دیاریکراو خستنەسەری بۆ بکرێت و وەک بابەتێکی میدیایی و هەواڵێکی بە زانیاری، پێشکەشی وەرگران بکرێت، ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان سەرهەڵدانی هۆکاری نوێ، دووەمیان قورسیی  چاودێری کردن. ڕێژەی بەرزی ڕێکاری خستنەسەر لە نموونەی ئەو توێژینەوەیدا سەلماندنی ئەو راستیەن:

Standard Kurd لە ڕۆژی 11/6/2022 ڕاپۆرتێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە کە سێ هەواڵ لە خۆدەگرێت، دوو لەو هەوالانە خستنەسەریان بۆ کراوە، هەوالی یەکەم (هەولەکانی

پارتی بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ ئێران شکست دەخوات) هەواڵی دووەم (جیاوازیەکانی سەدر و بارزانی قوڵتر دەبێتەوە چوارچێوەی هەماهەنگیش دەیەوێت سوودی لێ ببینێت). لە هەردوو هەواڵەکەدا پارتی و سەرۆکەکەی بە ئامانج گیراون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی لاواز نیشان بدرێن، و ئەو پەیامە بە وەرگر بدرێت، وێڕای ئەوەی ئێران بە موشەکی بالستی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی داوە، چەندین جار لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە ئێران بە درۆن هێرشکراوەتە سەر هەولێر، بەڵام پارتی ئامادەی تەنازولکردنە بەڵام ئێران رازی نیە.

**هەڵبەستن** (هۆنینەوە) وەک دەستەواژەیەکی کۆن لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا بەکارهاتووە، چ لە سەر ئاستی گفتوگۆی ئاسایی کە یەکێک ویستوویەتی کەسێک بەو شیوەیەی لای پەسند بووە وێنەی بکات، ئەوەش لە رێگای هەڵبەستنی چیرۆکێک یان رووداوێک، جا چ بە پۆزەتیڤ بووبێت یان نەگەتیڤ، ئەو دەستەواژەیە لە ئەدەبیات بە تایبەتی لە بواری شیعر و چیرۆک  بە چڕی بەکارهێندراوە تا ئەو رادەیەی شیعر کە وشەیەکی عەرەبیە و کراوەتە کوردی وشەی هەڵبەستیان لە بەرامبەر داناوە. وەلێ ئەو دەستەواژەیە لە بواری میدیاییدا، لەگەڵ فروان بوونی رۆڵ و کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو پێگە هەواڵیانەی ئامانجی سیاسیان هەیە، وەک میکانیزمێک ئەو دەستەواژەیان بەکارهێناوە، ئەوەش زیاتر لە پێگە هەواڵیە سیاسیەکان بەکاردەهێندرێت، وەک ئەوەی لە نموونە وەرگیراوەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە لە خانەی دووەم ئامادەیی هەیە:

Bwar News لە رۆژی 3/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی کە لە دوو هەواڵ پێکهاتووە بڵاوکردۆتەوە:

- <u>پارتی و یەکێتی لە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن رێککەوتوون</u>
- <u>تەمەنی پەرلەمان درێژ دەکرێتەوە و ماوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەسەردادێت.</u>

هەمان پێگەی هەواڵی لە ڕۆژی 14/6/2022 لە ڕاپۆرتێکی ڤیدیۆیی کە دوو هەواڵ لە خۆ دەگرێت، ئەو دوو هەواڵەی سەرەوە ڕەت دەکاتەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵانە:

- <u>وردەکاری ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە سەر دواخستنی هەڵبژاردن.</u>
- <u>تەمەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، بۆ یەک خولی دیکە درێژ دەکرێتەوە.</u>

ئەوەی جێی تێبینیە، ئەو چوار هەواڵە بە هەردوو ئاراستەی بڵاوکردنەوەی زانیاری، تەنها چیرۆکی هەڵبەستراون، چونکە (دوای زیاتر لە دوو مانگ لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە) نە ڕێکەوتن کراوە لە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن، نە ڕێکەوتنیش کراوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن.

میکانیزمی لێقرتاندن و هەڵگێڕانەوە کە لە خشتەی سەرەوە لە پلەی سێیەم و چوارەم دا هاتوون، **لێقرتاندن** بە درێژایی مێژووی ڕۆژنامەوانی لە ئامادەکردن و داڕشتنی هەواڵ ئامادەیی هەبووە، وەک کردەیەکی پێویست بۆ گونجاندنی زانیاریەکان لەگەڵ سیاسەتی دەزگاکە سوودی لێوەرگیراوە بەڵام تا ڕادە و سنوورێکی دیاریکراو کە لەسەر ناوەڕۆک و ڕاستگۆیی زانیاریەکان کاریگەر نەبێت. هەروەها هەڵگێڕانەوە وەک یەکێک لە میکانیزمەکانی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی لە دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە بەکارهاتووە:

لە ڕۆژی 23/6/2022 پێگەی مەلیک پارچە ڤیدیۆیەکی بڵاوکردۆتەوە، کە بریتیە لە لێقرتاندنی گوتەی چەند پەرلەمانتارێکی پارتی و یەکێتی (پێکهێنەرە سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، گوتەی ئەو پەرلەمانتارانە بەشێوەیەک لێبقرتێندراون و هەڵبژێردراون دواتر هەڵگێڕاونەتەوە کە مانایەکی پێچەوانە بدات و زیاتر مایەی گاڵتەپیکردن بن نەک گوێلێگرتن، لە ڕێگایانەوە ئەندامانی حیزبە رکابەرەکانیان وەک کەسانی نەزان و دەبەنگ بناسێنن، پاشان لەگەڵ چەند پارچەیەکی کۆمێدی لێکێندراون، کە دیمەنێکی گاڵتەجاڕی دروست بکات، واتا بەمەبەستی گاڵتەکردن بە بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارانە ئەو پارچە ڤیدیۆیە بەو شێوەیە دروست کراوە:

پەرلەمانتاری یەکەم:"حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک ئاوەدانی کردووە کە رەنگە بە دەسکەوتی شارستانی گەورە هەژمار بکرێن، کە رەنگە تەنها بکرێ بە شارەکانی وەک پاریس و لەندەن".

دیمەنی کۆمیدی: پێکەنینێکی تژی لە گاڵتەپێکردن و هێستیری

پەرلەمانتاری دووەم: ئەو رێگایە بۆتە سرێکی گەورە، لە ماوەی سی ساڵدا حکومەتی کوردستان پێی نەکراوەتە دوو ساید.

پەرلەمانتاری سێیەم:"لە ئەوروپا هەندێکجار کە شەمەندەفەر بەکاردێت، یەک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەو هەموو بازگە و سەیتەرە نیە، خۆ ناکرێ شەمەندەفەرێک بە خێرایی دوو سەت بروا و بازگەیەک بیوەستێنی!"

دیمەنی کۆمیدی(دیمەنێکی کۆمیدی هونەرمەندێکی ناسراوە):"ئەمانە هەمووی تەسویر بکە، بۆ ئەوەی کە کامل بوو عەقڵی دوای ئەمە ئەمانەی بۆ لێدەنەوە لە ئەرشیڤا و پێی بڵێن ئەوانە کەرێێتیەکانی زەمانی زووت بوو".

پەرلەمانتاری چوارەم:"وەللاهی بیلاهی جەنابی وەزیر، خوا شاهیدە نە تونێل و نە میترۆمان دەوێ، نە خەتی قیتاری بەستنەوەمان بەهەموو شارەکان دەوێ".

دیمەنی کۆمێدی(هەمان هونەرمەند):"ئای لەوە ئەچێ ئەمان ئێمە بە کەر و گا بزانن، خەریکە ماوەیەکە رووتان دەدەمێ تەداخولات دەکەن".

پەرلەمانتاری پێنجەم:"بەراستی شەرمەزاریە ئەو پرۆژەیە بدرێتە کۆمپانیایەکی ئیسپانی جێبەجێی بکات.

هەمان هونەرمەندی کۆمیدی(دوای پیکەنینێکی گاڵەتەجاڕی):"بەڕاستی زیرەکی، بەڕاستی ماهیری".

پەرلەمانتاری یەکەم قسەکانی دووبارە داندراونەتەوە:"حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک ئاوەدانی کردووە کە رەنگە بە دەسکەوتی شارستانی گەورە هەژمارە بکرێن، کە رەنگە تەنها بکرێ بە شارەکانی وەک پاریس و لەندەن".

هەمان هونەرمەندی کۆمیدی:"هەی رووت رەش بێ، هەی رووت رەش بێ، من خۆم دەزانم چت لێ دەکەم بەس سەبرت هەبێت".

**خشتەی 8 شێوەی لە چێوەگرتنی هاندان بۆ گوتاری رکوکینە دیاریدەکات**

| پێگەکان / شێوە | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| راستەوخۆ | 7 | 27 | 16 | 44 | 60 | 87 | 40 | 68 | 26 | 84 | 23 | 79 | 172 | 66 |
| ناراستەوخۆ | 19 | 73 | 30 | 66 | 9 | 13 | 19 | 32 | 5 | 16 | 6 | 21 | 88 | 34 |
| کۆی گشتی | 26 | 100 | 36 | 100 | 69 | 100 | 59 | 100 | 31 | 100 | 29 | 100 | 260 | 100 |

لە خشتەی (8) توانای پێوانەکردنی شێوەی (راستەوخۆ، ناراستەوخۆ) نیشاندەدات کە لە هەموو دەق و پەیامانە هەنە، کە کەوتوونەتە ناو بازنەی نموونەی توێژینەوە، وەک دیارە شێوەی راستەوخۆ لە هاندان بۆ گوتاری روکوکینە لە پلەی یەکەم بە رێژەی (66%) و شێوەی ناڕاستەوخۆش لە پلەی دووەم دێت بە رێژەی (34%)، بە هەردوو ئاست و شێوازەکە رێژەیەکی گەورە لە کۆی گشتی بابەتە بڵاوکراوەکان داگیر دەکەن. سێ خاڵی گرنگ هەن کە یارمەتی دەرن بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هاندەر بۆ گوتاری رکوکینە، کە بۆ هەریەکەکیان چەند نموونەیەک لە نموونەکانی توێژینەوە دەهێنینەوە:

1-بەلارێدابردن: ئەو هەواڵ و بابەتانەی هەوڵدەدەن راستەیەکان بەلاڕیداببەن، وەک، Diplomatic، 15/6/2022(داوا دەکرێت خاوەنی سێ بەنزینخانە ئیعدام بکرێن) ئەوە گوتەی پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە دانیشتنی پەرلەمان دەربارەی گران بوونی نرخی بەنزین سازدرا، وەک گوازارشت کردن لەوەی پێویستە ئەوانەی بەنزینی خراپ دەفرۆشن، گوتەیەکی باوی دووبارەکردەوە:"هەتا دوو سێ ساحێب بەنزینخانە لە سێدارە نەدرێن باش نابیت". بەلام ئەو پێگەیە بەوشێوەیە بەلارێی دابردووە.Politic Press ، 27/6/2022(خەڵک لە هەولێر بە لێشاو دەچنە تورکیا و نرخی تکتی فرۆکەش فڕیوە) لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یەکێک لە خاوەن نووسینگەکانی گەشتیاری و فرۆشتنی تکتی فرۆکە ئەو ناونیشانە هەڵبژێردراوە، کە بەگشتی تێیدا باسی گەشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا

و گران بوونی نرخی تکتی فرۆکە دەکات، بەڵام دارشتنی ناونیشانەکە بەو شێوەیە، لایەنگری بەلارێدابردنێکی ئاشکرایە، کە خۆی لە دژایەتی پارتێکی سیاسی دەبینێتەوە کە هەولێری لەسەر حیسابە، ئەو پارتە سیاسیە بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە وابەستەی تورکیایە.

2-لایەنگیریکردن کە پەیوەندی بەناوەڕۆکەوە هەیە: کاتێک پەیامی لایەنێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئاینی زاڵ دەکەی بەسەر لایەنێکی دیکە، وەک، مەلیک،27/6/2022 (دوای پشکنین دەرکەوت بەکتریای کۆلێرا لە سەر سەوزەکانی سلێمانی گەشەی نەکردووە. ئێستا تەندروستی سلێمانی چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە هەژارە دەداتەوە، کە بە شۆفل کەوتنە بەری رەنج و ماندووبوونی جوتیاری رەنج بەخەسار). فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند کە ئەو سەوزەیەی بە ئاوی پیس(ئاوی قورس) بەرهەمدەهێندرێت سەرچاوی بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرایە، پێگەی هەواڵی مەلیک بەو شێوەیە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەشێوێنێت و خەڵک لە دژی فەرمانگەیەکی تایبەتمەند هاندەدات، کە دوای پشکنین و هەماهەنگیکردن لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو بڕیار و رێنمایانەی دەرکردووە.

Bwar Media،23/6/2022 (بەهۆی وەرگرتنی بەرتیلەوە، سەرجەم بەڕێوەبەر و چاودێرەکانی سنووری شارەوانیەکانی هەولێر دەگۆڕدرێن) و (فەرماندەی هەموو لیواکانی هێزی پێشمەرگە دەگۆڕدرێن)، ئەو دوو هەواڵە لە یەک راپۆرتی ڤیدیۆیی دا بڵاوکراونەتەوە، لە هەردووکیان وشەی (سەرجەم) و (هەموو) بەکارهاتووە کە یەک واتایان هەیە، ئەوەش بۆ ئەوەی بە وەرگر بگوترێت ئەوانەی لە شارەوانیەکان کاردەکەن هەموویان گەندەڵن و کەس خزمەتی خەڵک ناکات، هاتنی هەواڵی گۆڕینی فەرماندەی لیواکانی هێزی پێشمەرگە و بەکارهێنانی (هەموو) کە هاوواتای (سەرجەمە) پەیامێکە کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بە وەرگر بگوترێت فەرماندەکانی پیشمەرگەش هەموویان وەک سەرجەم بەڕێوەبەری شارەوانیەکانن.

3-لایەنگیریکردن لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی دارشتنی هەواڵ(ئامادەکردن – نووسین): هاندەر و باوەڕی نووسەرانی هەواڵ، هاندەر دەبێت لە وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر

چیرۆکە هەواڵێکی دیاریکراو، بۆیە ناوەرۆکێکی لاگیر بەرهەمدەهێنن، وەک، Standard Kurd 23/6/2022(پارتی لە بارەی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان بە قازانجی لایەنەکانی نزیک لە ئێران خۆی یەکلاکردەوە)، بەو شێوەیە هەواڵەکە دارێژراوە، هەواڵە ڕەسەنەکەش ئەوەیە (فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا بەشداری لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان بکات، کە چاوەڕوان دەکرێت تێیدا جێگرەوەی پەرلەمانتارە دەستلەکارکێشاوەکانی ڕەوتی سەدر سوێندی یاسایی بخۆن).

Xor،19/6/2022(لە بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرا لە سلێمانی گومان لە پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو هەیە) لە درێژەی هەواڵ ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە گومان دەکرێ لەلایەن کەسانی تێکدەر و دەرکراوەوە سەرچاوکانی ئاو پیس کرابن. لە بەکارهێنانی دەستەواژەی (دەرکراو) دەزاندرێت کە مەبەست چ کەس و لایەنێکە، ئەو دەستەواژەیە بە بافل تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە گرێدراوە کاتێک دوای دوورخستنەوەی لاهور شێخ جەنگی لە ڕۆژی 8/7/2021 لە پۆستی هاوسەرۆکی یەکێتی، بافل تاڵەبانی لە 28/11/2021 لە بەردەم میدیاکان ئەو دەستەواژەیەی بۆ هاوسەرۆکی پێشوو بەکارهێنا و گوتی:"لە ناو یەکێتیدا دەرکراوەکان دەرکراون و هەرگیز.. هەرگیز نایێنەوە ناو یەکێتی" (NRT, NRT 2021)

**خشتەی 9 لایەنی بە ئامانج گیراو لە پەیامەکانیان دیاریدەکات**

| پێگەکان / لایەن | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| تاک | 11 | 30 | 14 | 17 | 24 | 28 | 9 | 12 | 9 | 43 | 2 | 5 | 69 | 20 |
| حیزب | 5 | 13 | 15 | 18 | 25 | 30 | 21 | 28 | 9 | 43 | 10 | 24 | 80 | 23 |
| حکومەت | 10 | 27 | 40 | 49 | 31 | 37 | 28 | 39 | 0 | 0 | 23 | 56 | 132 | 38 |
| پەرلەمان | 2 | 5 | 3 | 4 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 | 2 | 5 | 9 | 3 |
| شاروناوچە | 9 | 25 | 10 | 12 | 3 | 4 | 15 | 20 | 3 | 14 | 4 | 10 | 54 | 16 |
| کۆی گشتی | 37 | 100 | 82 | 100 | 84 | 100 | 74 | 100 | 21 | 100 | 41 | 100 | 344 | 100 |

وەک لە خشتەی (9) ڕوونکراوەتەوە، دامەزراوەی حکومەت ڕێژەی گەورەی بەرکەوتووە (38%) بە دوای حکومەتیشدا دامەزراوەی حیزب بە ڕێژەی (23%) دێت، لە پلەی سێیەم کەس(The individual) بە ڕێژەی (20%) بە ئامانج گیراوە، بە دوای ئەویش شار دێ بە ڕێژەی (16%) لە کۆتایشدا دامەزراوەی پەرلەمان بە ڕێژەی (3%) دێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ساڵی 1992 لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی دامەزراوە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سێ لایەنەی سەرەکی(پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پێک دێت). زۆرترین ئەو بابەتانەی لە دژی دامەزراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وروژێندراون، لەلایەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە نەبووە، بەڵکو ڕێژەی زۆرتر لەلایەن ئەو هێزانەوەن، کە بەشدار و پێکهێنەری سەرەکی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونە لە ساڵی 1991وە تاکو ئێستا، زۆرترین بابەت کە ڕکوکینەی لە بەرامبەر حکومەت هەڵگرتووە، لێدوانی پەرلەمانتارانی پارتە سەرەکیە پێکهێنەرەکانی حکومەتن:

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە دانیشتنی ڕۆژی 15/6/2022 پەرلەمانی کوردستان وەک لە Bwar Media بڵاوکراوەتەوە، بەو شێوەیە بۆچوونی خۆی دەربارەی حکومەت دەربڕیوە:"<u>خەو و ئیسراحەت خوا بە خەڵکی بەخشیوە، بەڵام ئەو حکومەتە خەو ئیسراحەتی لە خەڵک تێکداوە".</u>

هەر لە هەمان دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتارێکی دیکە لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت:"ئەم دەسەڵاتە فەنتەلوسە". وەک ئەوەی لە Bwar Media لە هەمان مێژوو بڵاوکراوەتەوە.

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، کە Bwar Media لە 23/6/2022 بۆچوونەکانی کردۆتە هەواڵ و پۆستەرێک، دەڵێ:"<u>حکومەتی هەرێم بە دوازدە ساڵ نەیتوانیوە یەک کیلۆمەتر بکاتە جووت ساید".</u>

له Standard Kurd له23/6/2022 له پۆستەرێکدا هاتووە:"له پێنج مانگی رابردوودا 200جار ئاسمان و خاکی هەرێمی کوردستان پێشێلکراوە". واتا هەرێمی کوردستان نه خاک و نه ئاسمانی پارێزراو نیه و شوێنێکی ئارام نیه و ژیانی دانیشتوانی له مەترسییدایه. هەروەها حکومەت توانای نیه بەرگری له هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی بکات.

Bwar Media له رۆژی 19/6/2022 له رێگای راپۆرتێکی ڤیدیۆیی، بابەتی دۆخی ئارامی هەرێمی کوردستانی باسکردووه له ژێر ناونیشانی:"هەرێمی کوردستان گۆرەپانی شەری درۆنەکان، چیتر هەرێم ناوچەیەکی ئارام نیه".

له پۆستەرێکی دیکەی Standard Kurd که له 15/6/2022 بڵاوکراوەتەوه، نووسراوه:"له سەردەمی بانگەشەی چاکسازی 700 کەسی نوێ به پلەی جیاواز له وەزارەتی پێشمەرگه خانەنشین کران". کۆنتێکستی (سیاق – چێوەبەند) ئەو گوتارەی له خۆی دەگرێت ئەوەیه که جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی که له ساڵی 2020 لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند کرا، حکومەت له باتی جێبەجێکردنی ئەوه پێچەوانەکەی دەکات. بەوەش جدیەت و راستگۆیی حکومەت دەربارەی پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی دەخاته بن گومان و پرسیاری خەڵک.

له Diplomatic له راستەوخۆیەک له رۆژی 15/6/2022 له یەکێک لەو بەنزینخانانەی تاکسیەکی زۆر نۆرەیان بۆ گرتووه، گەنجێک دەدوێنێ (دواتر لێدوانی ئەو گەنجه وەک بابەتێکی سەربەخۆ دووجاری دیکه بڵاوکراوەتەوه)، پۆستەرێکیشیان له قسەکانی دروست کردووه:"من گەنجێکم 250 دینار له گیرفانم نیه، حکومەت دزیمان لی دەکات". ئەوەی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیه ئەوەیه که پەیامنێرەکه له گەنجەکه دەپرسێت: تۆش تاکسیت هەیه و شوفێری؟ گەنجەکه له وەڵامدا دەڵێت:" نەخێر تاکسیم نیه، بەڵام مەعقوڵ نیه دوێنێ سەیارەمان به 150 وەرەقه (15,000) دۆلار کریوه ئەو بەنزینه خراپەمان تێکرد فیت پەمپ سووتاوه".

له 15/6/2022 له Politic Press پۆستەرێک له پۆستێکی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکی حاجی کاروان، بانگخواز و پەرلەمانتاری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دروست کراوه، که تێیدا باس له خراپی کەرتی تەندروستی و بێسەروبەری ئەو کەرته دەکات،

بەوشێوەیە:"قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ئیشی بە فریاکەوتنی هەولێر دەبێت". لە سەر پۆستەرەکەش بە نووسینێکی کورت هۆکاری ئەو توڕەیی و گلەیەی حاجی کاروان روونکراوەتەوە لە سەر زاری خۆی:"ئەم بەیانیە براکەم بردە فریاکەوتنی رزگاری پێیان وتم نەخۆش وەرناگرین، و دواتر بردمە فریاکەوتنی رۆژئاوا وتویان دکتۆر نەهاتووە". لە 23/6/2022 نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر لە روونکردنەوەیەکدا رایەگەیاند، بە هیچ شێوەیەک نە حاجی کاروان و نە برای سەردانی ئەو نەخۆشخانەیان نەکردووە. دوای ئەو روونکردنەوەیە حاجی کاروان پۆستەکەی لە پەڕەی خۆی لادا. سەیری پاشکۆی ژمارە (1) بکەن.

لە ڕیزبەندی دووەمدا حیزب بەئامانج گیراوە بە ریژەی (23%) یەو رێژەیە بەو شێوەیە بەسەر سێ حیزب دابەش بووە، لە ژمارەی ئەو (80) پۆستەی حیزبەکانی بە ئامانج گرتووە، پارتی دیموکراتی کوردستان (39) بابەتی بەردەکەوێت، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (38) بابەتی بەرکەوتووە، کۆمەڵی دادگەری کوردستانیش (3) جار بە ئامانج گیراوە، پارتی و یەکێتی کە دوو حیزبی دەسەڵادارن و زیاتر لە سی ساڵە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبەن، لە دەسەڵات بە شێوە ستوونی و ئاسۆیەکەی هاوبەشن، کۆمەڵی دادگەری کوردستان کە پێشتر ناوی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)بوو، ئێستا وەک لایەنەکی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان کارایە. بە بۆچوونی توێژەر هەبوونی رەخنە و رکابەری کردن لەگەڵ حیزبەکانی دەسەڵات ئەرکی حیزبی سیاسیە نەوەک دەزگای میدیایی، تەنها لەو کاتانە نەبێت کە دەزگا میدیایەکان درێژکراوەی حیزبە سیاسیەکان بن، یان هەمان کارنامەیان هەبێت. ئەوەی لە نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێت، میدیاکان درێژکراوەی هەمان گوتاری سیاسی حیزبەکانن، بۆیەشە بەشێکن لە دۆخە ناتەندروستەی پەیوەندی حیزبەکانی تێدا گوزرە دەکات، وەک لەو نموونانە دەیانخەینە روو:

لە 29/6/2022 مەلیک پۆستەرێکی لە سەر رووداوی کوشتنی دوو مامۆستای زانکۆ لە هەولێر وا بڵاوکردۆتەوە:"بکوژ و کوژراوەکانی رووداوەکەی هەولێر هەرسێکیان پارتین". لە

درێژەی هەواڵەکەدا وای نووسیوە:"بکوژ و کوژراوەکان هەرسێکیان پارتین، یەکێکیان لە هەڵبژاردنی 2018 کاندیدی پارتی بوو بۆ پەرلەمان".

Standard Kurd لە 23/6/2022 ئەوە ناونیشانی شیکاریەکی تایبەتی دەزگاکەیە:"ئەوەی لە عێراق روودەدات هاوشێوەی 31 ی ئاب دەبێت بەڵام ئەمجارەیان لە بەرژەوەندیی یەکێتی دەبێت". لێرەدا خاوەن و بەڕێوەبەرانی Standard Kurd بەو ناونیشانە دوو نیشانە دەپێکن: یەکەمیان، وەبیرهێنانەوەی رووداوێکی مێژووییە کە لە 31/8/1996 روویدا، پارتی دیموکراتی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق کرد بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شاری هەولێر و دواتریش لە سەرتاسەری سنووری هەرێمی کوردستاندا. دووەمیان، نیشاندانی پارتی دیموکراتی کوردستانە وەک لایەنی شکستخواردووی ناو هاوکێشەی سیاسی عێراق، هەروەها ئەگەری بەهێزی دەرپەڕاندنی پارتی بە زەبری هێز لە هەرێمی کوردستاندا.

لە پلەی سێیەم تاک بە رێژەی(20%) بە ئامانج گیراوە، لەو نموونانەی توێژینەوە کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان بە راستەوخۆ یان ناراستەخۆ بە ئامانج گیراون. هەروەها ئەو پێناسەیەی گوتاری رکوکینە بە روونی دیارە، کە دەڵێ:"گوتاری رکوکینە بە ئامانج گرتنی هەر کەسێکە تەنها لەبەر ئەوەی جیاوازە". (القرعان, عمون 2021). گوزارشت کردن لە بیر و بۆچوون و رەخنەگرتن لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکی سیاسی ناچێتە خانەی گوتاری رکوکینە، بەڵام گوزارشت کردن لە رکلێبوونەوەت لە کەسایەتیەکی سیاسی لەبەر ئەوەی ئافرەتە یان بە هۆی رەنگ یان نەتەوە و ئاینەکەیەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە گوتاری رکوکینەیە، یاخود ناوزڕاندن و هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسایەتیەکەی ئەوەش لە چوارچێوەی گوتاری رکوکینە جێ دەگرێ، وەک ئەو نموونانە:

Xor لە 3/6/2022 هەواڵێکی بەو ناونیشانە بڵاوکردۆتەوە: عەلی باپیر باری دەروونی تێکچووە و هەڕەشەی تەڵاقدانی لە ژنە تازەکەی کردووە، ئەو هەواڵە کە بێ بنەمایە و هەڵبەستراوە، لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ شکاندنی کەسایەتی عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵی

دادگەری کوردستان بەوەی کە 'باری دەروونی تێکچووە' هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی شکستخواردووە بۆیە 'هەڕەشەی تەڵاقدان لە ژنە تازەکەی دەکات'. بۆیە هەر لە هەمان رۆژ Xor پۆستەرێکی دروست کردووە، وێنەیەکی عەلی باپیری داناوە و لەسەری نووسراوە: سیاسەت و شەهوەت و ئەمیر.

Politic Press لە 27/6/2022 لە راپۆرتێکی ڤیدیۆییدا کە سێ هەواڵ لەخۆوە دەگرێ، هەواڵێکیان بەو ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە: کوردێک شایی لە هاورەگەزخوازان دەکا بە شین. لێرەدا تاکێک کراوەتە بەهانە بۆ بەستنەوەی ناوی نەتەوەیەک بە کەسێکی تیرۆرست و بکوژ، کە لە خوێندنەوەی هەواڵەکەشدا لە شێوەی داڕشتن و تۆنی دەنگ و دانان بە وشەکان و وەستان و خوێندنەوەی پێشکەشکارەکە، بکوژ وەک پاڵەوان وێنا کراوە.

Diplomatic لە 14/6/2022 لە راستەوخۆیەکیدا لەگەڵ بانگخوازی ئیسلامی حاجی کاروان بابەتێکی هەستیاری کۆمەڵایەتی دەوروژێنێ، کە هێنانی ئافرەتی لەشفرۆشە بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاری لێکردنیان لەلایەن کەسانێکی دەست رۆیشتوو، Diplomatic دواتر بە لێقرتاندن و خستنەسەری گوتەکانی حاجی کاروان هەوڵدەدات ناو و پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی بەرپرسە سیاسیەکان و ژنەکانیشیان بڕوشێنێ، ئەو دوو ناونیشانە لەو راستەوخۆیە وەرگیراون و وەک پۆستەر بڵاوکراونەوەتە:

- حاجی کاروان باسی ژنی ئەو مەسولانە دەکات کە خاوەن مەساجن.
- حاجی کاروان باسی پەیوەندی بەرپرسەکان و ژنە لەشفرۆشەکان دەکات.

لە رێزبەندی پێش کۆتایی شار و ناوچەکان بە ئامانج گیراون بە رێژەی (16%) لەو نموونانەدا زیاتر گیانی شارچیەتی و ناوچەگەری رەنگی داوەتەوە. لە پلەی کۆتایشدا دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان بە رێژەی (3%) بەئامانج گیراوە. ئەوەی جێگای سەرنجە پێگە هەواڵیەکان لەو رووەوە سوودیان لە لێدوان و چاوپێکەوتن و بۆچوونی پەرلەمانتاران وەرگرتووە، پەرلەمانتارانی ئێستا (خولی پێنجەم) یان خولەکانی پێشوو.

**خشتەی 10 جۆرەکانی لە چێوەگرتنی رووماڵی گوتاری رکوکینە دیاریدەکات**

| پێگەکان / جۆر | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | Malikمەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| لەچیوەگرتنی تایبەت | 25 | 72 | 51 | 86 | 59 | 82 | 42 | 79 | 16 | 57 | 26 | 100 | 219 | 80 |
| لەچیوەگرتنی گشتی | 4 | 11 | 2 | 4 | 8 | 11 | 1 | 2 | 7 | 25 | 0 | 0 | 22 | 8 |
| لەچیوەگرتنی ستراتیژی | 6 | 17 | 6 | 10 | 5 | 7 | 10 | 19 | 5 | 18 | 0 | 0 | 32 | 12 |
| کۆی گشتی | 35 | 100 | 59 | 100 | 72 | 100 | 53 | 100 | 28 | 100 | 26 | 100 | 273 | 100 |

شێوازی رووماڵ کردن و چۆنیەتی لە چیوەگرتنیان لە نموونەکانی توێژینەوە بە رێژەی جیاواز رەنگیداوەتەوە، لە رێزبەندی یەکەم لە چیوەگرتنی تایبەت دێت بە رێژەی (80%)، لە دوای ئەویش بە جیاوازیەکی زۆر لەچیوەگرتنی ستراتیژی بە رێژەی (12%) و دواتریش لە چیوەگرتنی گشتی بە رێژەی (8%) دێن.

لە چیوەگرتنی تایبەت بۆ پرسێکی دیاری کراو: تەرکیز لەسەر یەک پرس دەکرێت، یان لە سەر رووداوێک، لە رێگای بەدیارخستنی رەهەندە جیاوازەکانی ئەو رووداوە بۆ جەماوەر، هەوڵ بۆ سەلماندنی دەدرێ وەک حەقیقەتێک، لە نموونەی توێژینەوە فۆکس لە سەر بابەتە ئابوری و ئاینی و تەندروستی و سەربازی و سیاسیەکان کراوە، لە قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەڕەشە سەربازیەکانی سەر هەرێمی کوردستان، کە هەوڵدراوە لە چیوەیەکی تایبەت ئاراستەی وەرگر بکرێن:

Dipliomatic لە 27/6/2022 ئەو هەواڵانە لە ژێر ئەو ناونیشانانە بڵاوکراونەتەوە، کە فۆکسیان لە سەر یەک بابەتە ئەویش نیشاندانی بێ دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، کە دامەزراوەیەکە بە ئەرکی خۆی هەڵناستێ و کارەکانی بە گوێرەی ئەرکەکانی بەجێ ناگەیەنێت:

- <u>پەرلەمانی کوردستان ئەو رۆڵەی پێنەدراوە کە مەرجەعی سیاسی بێت.</u>

- یاداشتێک دەربارەی بێکاری گەنجان و قاچاخچیەتی ماوەی 21 رۆژە لە پەرلەمان جواب نەدراوەتەوە.

Bwar Media لە رۆژانی 3, 11, 14/6/2022 لە چەند هەواڵ و لە رێگای ژانری هەواڵی جیاواز، سەرنجی وەرگر بۆ بابەتێکی گرنگیی سیاسی دەبات، رێکەوتنی پارتی یەکێتی دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان، لە هەموو هەواڵەکان تەرکیز لە سەر وشەی (رێکەوتن) دەکاتەوە، کە هەردوولایان رێکەوتوون کە هەڵبژاردن دوابخرێ، واتا راکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ سەر کرۆکی بابەتەکە لەوەدا چڕ دەکرێتەوە کە ئەو دوو هێزە نایانەوێ هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکرێت:

- هەڵبژاردن دەکرێتە هەشت بازنەی هەڵبژاردن.
- یەکێتی پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردنی کوردستان ئامادە دەکات.
- پارتی و یەکێتی رێککەوتوون یەک ساڵ هەڵبژاردن دوابخرێ.
- پارتی و یەکێتی لە سەر میکانیزمی هەڵبژاردن رێکەوتوون.
- لایەنەکان رێکەوتوون لە سەر وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن.
- بافل تالەبانی هیچ مهتەم نیە بە کۆمسیۆن و گۆرینی یاسای هەڵبژاردن.

مەلیک Malik لە رۆژانی 11,14,15/6/2022 تەرکیزیان لە سەر قەیرانی بەرزبوونی نرخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها لە سەر ئەو برە بەنزینەی سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ، کە بە رخێکی هەرزانتر و لە رێگای ژمارەیەک تانکەر بە سەر شارەکانی هەرێمی کوردستان دابەشی دەکرد. پەرەی هەواڵی مەلیک Malik کە لە ژمارەیەک راپۆرت و راستەوخۆی ڤیدیۆیی هەروەها پۆستەر، کە لە کەنالی NRT وەرگیراون، ئەو کەناڵە زمانحاڵی جولانەوەی نەوەی نوێیە و خاوەنداریەتەکەی بۆ شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جولانەوەکە دەگەڕێتەوە، بەو شێوەیە ئەو بابەتەیان رووماڵ کردووە:

- لە هەولێر خۆنیشاندانە
- لە دژی گران بوونی بەنزین خۆنیشاندەران رێگایەکی سەرەکیان گرت.

- سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:"سەیارە لێمەخوڕن با بەنزین بەش بکات!".
- زۆر بە قوەتە بزانن چی دەڵێت:"قەسەم بەخوا پیاو یەکجار دەمرێ، بابێن ئێستا بمکوژن 250 م پێ نیە".
- بۆ رێگری کردن لە خۆنیشاندان، دەسەڵات هێزێکی ئەمنی زۆری لە چەمچەماڵ بڵاوکردەوە.
- بزانن ئەو گەنجە بوێرە لە هەولێر چی بە دەسەڵات دەڵێت؟
- خۆپیشاندەران لە هەولێرەوە:"کاک شاسوار فریامان بکەوە".
- بەنزینە هەرزانەکەی نەوەی نوێ گەیشتە سەید سادق.
- گۆرانی بەسەر بەنزینە هەرزانەکە دەڵێن.
- بەنزینە 650 دیناریەکە گەیشتە کۆیە.

لەچێوەگرتنی ستراتیژی کە لە رێزبەند دووەمدایە بە رێژەی (12%)، لە چوارچێوەی ستراتیژیەوە، دەڕوانیتە رووداوەکانی کاریگەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو لەچێوەگرتنە دەگونجێ لەگەڵ رووداوە سیاسی و سەربازیەکان. لە نموونەی توێژینەوە و لە ماوەی نموونەکانی لێوەرگیراون، لە گرنگییدان بە بابەتێکی (سیاسی، سەربازی و ئابوری) بەشدارن بە رێژەی جیاواز و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، ئەویش هێرشە موشەکیەکانی سەر کێڵگەی نەوتی کۆرمۆرە کە دەکەوێتە شارۆچکەی چەمچەماڵ لە دەڤەری گەرمیان کە لە رۆژی 25/6/2022 کرایە سەر کێڵگەکە و میلیشیا عێراقیەکانی سەر بە ئێران بە ئەنجامدانی هێرشەکە تۆمەتبار کران. لە هەواڵ و زانیاریەکان لەو پەڕە هەواڵیانەدا لە رێگای وەرگرتنی لێدوان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و شیکاری و پۆستەرەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەوانە نموونەی جۆراوجۆرن لە نموونەکانی توێژینەوەدا:

Diplomatic:

- ئێران لەسەر بۆردومانەکەی کۆرمۆر بێدەنگی شکاند.
- پەیامی پشت هەرەشەکە دیارە، پەیامی دەوڵەتانە بۆ کورد.

- بەغدا کەوتە جولە و پێشمەرگە خرایە ئینزارەوە.

- ئەگەر سوپای عێراق هێرشبکاتە سەر بیرە نەوتەکان ئامادەی بەرگری بکەیت؟

- دۆخی کوردستان دوای هێرشەکەی کۆرمۆر چی لێدێت.

Politic Press:

- عێراق دۆخی خۆی ئەوەندە جوان نیە تا بێت پەلاماری ئێمە بدات.

- ئەگەر فریا نەکەوین مەترسییەکی زۆر گەورەیە.

Standard Kurd:

- دەبێ هەرێم خۆی ئامادە بکات، ئەگەری هێرشی عێراق بۆ سەر کێڵگە نەوتیەکان هەیە.

- دانا غاز: کارکردن لە پرۆژەی فراوانکردنی کۆرمۆر بەشێوەیەکی کاتی راگیراوە.

- عێراق وڵاتێکی بێ خاوەنە و هێزەکانی چاویان بڕیوەتە عێراق.

Bwar Media:

- شەڕی نەوت و غاز لەبەر دەرگایە.

- ئایا هێرشی سەر کۆرمۆر کۆتایی بە هەرێم دێنیت؟

Xor:

- زۆرمان سینگ دەرپەڕاندن بینی، مەرد بن ژێربەژێر کۆرمۆر مەفرۆشن.

- ئامانجی هێرشی بەردەوامی میلیشیاکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان

- تیرۆرست ترسنۆکترین کەسە، هەر وڵاتێک لە پشتەوەی تیرۆر بێت وڵاتێکی دیکتاتۆر و دواکەوتووە.

لەچێوەگرتنی گشتی کە بە ڕێژەی (8%) لە ڕیزبەندی سێیەم دێت، لە چوارچێوەیەکی گشتیدا تەماشای ڕووداوەکان دەکات، ڕوونکردنەوەی گشتیان دەربارە دەدات و بە پێوەرە کەلتووری و سیاسیەکانەوە گرێیان دەدات.

Diplomatic لە 27/6/2022 لە راپۆرتێکی ڤیدیۆییدا دوو هەواڵی بڵاوکردۆتەوە، کە هەردووکیان یەک ئامانج دەپێکن:

هەواڵی یەکەم: ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی ئیسلامی لادانی وانەی پەروەردەی ئیسلامی قبوڵناکەین.

هەواڵی دووەم: هاوڕێ مەلا ستار پەرلەمانتاری یەکێتی، ژمارەی یانەی شەوانە و قومارخانەکان لە حالەت بۆتە دیاردە و لە جیاتی ئەوانە دەبوایە زانکۆ زیاد بکرێن.

مەبەستی پشت ئەو لەچێوەگرتنە، نیشانیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دژی بەها و پەروەردەی ئاینیی ئیسلامە کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ئاین موسلمانن. ئەو هەواڵە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە رەتکرایەوە و چەندجارێک وەزیر و بەرپرسانی پەیوەندار بەو بابەتە، هەواڵەکەیان بە ناڕاست وەسف کرد. لە هەواڵی دووەمدا کە دەکرێ وەک تەواوکەری هەواڵی یەکەم تەماشا بکرێت، مەبەستی لە چێوەگرتنەکەی سەرنجراکێشانی وەرگرە بۆ سەر ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا 'یانەی شەوانە و قومارخانە' بوونەتە هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگە و هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتین، هۆکارەکەش دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستانە کە ئەو کارەی کردووە، لە بەرامبەردا کاری نەکردووە یان رێگەی نەداوە ژمارەی زانکۆکان زیاد ببن، کە ناوەندی زانست و زانیاری و پەروەردەکردنن.

**خشتەی 11 مەبەست و ئامانجی لەچێوەگرتنی گوتارەکە دیاریدەکات**

| پێگەکان / ئامانج | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| پۆپۆلیستی | 14 | 26 | 31 | 27 | 20 | 18 | 18 | 22 | 3 | 11 | 25 | 45 | 111 | 25 |
| هاندان | 11 | 21 | 12 | 11 | 16 | 14 | 10 | 12 | 2 | 7 | 3 | 6 | 54 | 12 |
| وروژاندن | 26 | 49 | 66 | 57 | 67 | 59 | 45 | 53 | 18 | 64 | 25 | 45 | 247 | 55 |
| هەواڵی ساختە | 2 | 4 | 6 | 5 | 11 | 9 | 11 | 13 | 5 | 18 | 2 | 4 | 37 | 8 |
| کۆی گشتی | 53 | 100 | 115 | 100 | 114 | 100 | 84 | 100 | 28 | 100 | 55 | 100 | 449 | 100 |

به گوێرەی خشتەی (11) مەبەستەکانی دروستبوونی گوتاری ڕکوکینە لە نموونەی توێژینەوەدا، بە ڕێژەی جیاواز دابەش بووینە، ئامانجی وروژاندن بە ڕێژەی (55%) ڕێژبەندی یەکەمی گرتووە، بەدوای ئەویش دا پۆپۆلیستی دێت بە ڕێژەی (25%) ئینجا هاندان بە ڕێژەی (12%) بە پلەی سێیەم دێت، لە کۆتایشدا هەواڵی ساختە دێت بە ڕێژەی (8%).

بە گوێرەی نموونەکانی توێژینەوە، لەو سامپڵانەی کەوتوونەتە ناو بازنەی گرنگیی پێدانی توێژەر، بەگوێرەی ماوەی دیاریکراوی توێژینەوە، ئەو دەستەواژانە وەک فاکتەری زەمینەخۆشکەر، یان هاندەر بۆ تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە ئامادەییان هەیە، فاکتەری وروژاندن کە رووبەری هەرە گەورەی پێبڕاوە، زیاتر بە هەندێک وشە و گوزارشتی تایبەت دەست پێدەکەن، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و وروژاندنی ئەوەش لە پێناو هاندانی وەرگر بۆ کارلێک لەگەڵ بابەتەکە لە ڕێگای (لایک) یان بەکارهێنانی (ئیمۆجی) یان (کۆمێنت)، نموونەی ئەو وشە و دەستەواژانە زۆرن وەک: (هات.. هات، زۆر بە قوەتە، ئەروەللا هات، تا ئێستا شتی واتان دیوە، مەترسییەکی گەورە ئاشکرا کرا، بە پەلە، بۆ وا دەڵێت، کۆمێنتی تۆ چیە؟، بۆ یەکەمجار، زانیاریەکە ئاشکرا کرا، نهێنیە ترسناکەکان ئاشکرا دەکرێن، شۆک، بزانە چ دەگوزەرێت، هۆشداری دەدرێت، هەر ئێستا، بە پەلە و زۆر گرنگ، گەیشت، کەمێکی تر زانیاری گرنگ بڵاودەکەینەوە، روونکردنەوەی هەیە، کەمێک پێش ئێستا، دواین هۆشداری، گرنگ، هتد).

فاکتەری هاندان زیاتر لە کاتی قەیران و هەبوونی کێشە و گرفت کاریگەرترە، بە تایبەتی ئەو کێشە و گرفتانەی پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لە نموونەکانی توێژینەوەدا بە روونی ئەو لایەنە دیارن، سوود لە قەیرانی گران بوونی نرخی بەنزین و کێشەکانی نێوان عێراق و کوردستان، هەروەها کێشە سیاسیە ناوخۆیەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، نموونەکان بە شێوازی جیاواز بەرچاو دەکەون، وەک لەو نموونانە باشتر و روونتر دەبیندرێن:

مەلیک Malik لە 19/6/2022 دوو وێنەی داناوە، وێنەیەکیان لە شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆری تاکسی لە نۆرەی وەرگرتنی بەنزین وەستاون، وێنەکەی دیکە بەنزینخانەیەکی ساڵی هەشتایەکانی سەدەی رابردووی شاری بەغدای پایتەختی عێراقە، کە تەنها دوو ئۆتۆمبێل لە

وێنەکە دیارن بەنزین تێدەکەن. لە سەرووی وێنەکان نووسراوە:"ئەو دوو وێنەیە توشی شۆکت دەکات، سەیری ئەو جیاوازیە بکەن لە سایەی حوکمڕانی سکشتخواردووی پارتی و یەکێتی".

هەر لە مەلیک Malik لە 3/6/2022 پارچە ڤیدیۆیەکی بەشێکی ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی داندراوە، زەحمەتی ژیانی قوتابیان بەهۆی کەم ئاوی لە بەشە ناوخۆیەکە نیشان دەدات، لە سەر ڤیدیۆکە نووسراوە:"ئەی هاوار سەیری وەزعی تەلەبە بکەن لە داخلیەکان.. ئاو نیە، فێنکەرەوە نیە، ئاویان لە غەسالە خەزنکردووە". ئەوەی جێگای تێبینیە لە کۆتایی پارچە ڤیدیۆکە تانکەرێکی ئاو بە دیار دەکەوێت کە ئاو بۆ ئەو بەشە ناوخۆیە دابین دەکات.

Politic Press لە 27/6/2022 دەربارەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان تەنها پۆستەرێکی دروست کردووە و نووسیوویەتی:"لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی پاراستنی ئاژەڵان و مافی ئاژەڵان دەکرێت". لە خوێندنەوەی کۆمێنتەکان بە دیار دەکەوێت کە بە وروژاندنی ئەو بابەتە بەو شێوەیە و بەو چەند وشەیە ئامانجەکەیان پێکاوە، لەوەی رووی رەخنەی وەرگر بۆ دامەزراوەی پەرلەمان وەربگەڕێت و پێیان بڵێن لەناو ئەو هەموو کێشە و گرفتانەدا کە مرۆڤەکان بە دەستیانەوە دەناڵێنن، پەرلەمان باسی مافی ئاژەڵان دەکات. ئەو پۆستە بە زیاتر لە 700 کۆمێنت خەڵک کارلێکیان لەگەڵ کردووە، تێکڕای کۆمێنتەکان رەخنەن لە پەرلەمان بە شێوازی جدی و گاڵتەپێکردن و تانەلێدان، هەروەها بەشێک لە کۆمێنتەکان هێرشکردنە بۆ سەر سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان تا رادەیی سوکایەتی پێکردن و جوێن پێدان، دەکرێ هەموو کۆمێنتەکان لەو چەند نموونەیە کۆبکەینەوە:

- خەڵک سەدان کێشەیان هەیە، بەس مافی ئاژەڵان کێشەیە؟
- با پەرلەمان بژێوی خەڵک و کارەبا و بەنزین چاک بکات، ئەو کات کە خەڵک ئاژەڵی بینی لەبەریان هەڵدەستنەوە و سڵاویان بۆ دەکەن.
- بۆ سەرۆکی پەرلەمان:"ئەمڕۆ تورە نابیت چونکە باسی خۆی دەکات.
- بۆ سەرۆکی پەرلەمان: دەبی کەیو دۆلکە ئەوڕۆش تورە نەبی باسی مافی ئاژەڵان دەکرێت؟

- بۆیەکەمجارە لە سەر مافی خۆیان دانیشتن بکەن، پیرۆزە.

- دیسان خەریکی یاسا دەرکردنن بۆخۆیان.

- وەللا پەرلەمان بکەنە شوێنی تەویلەی ئاژەڵان زۆر باشترە

لە رۆژی 23/6/2022 شدا، هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی:"بە ئامادەبوونی پارتی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق دەستپێکرد". بۆ تەنها ئاماژەکردن بە ناوی 'پارتی' ؟ مەبەستی پشت وروژاندنی ئەو بابەتە بەو شێوەیە ئەوەیە کە بگوترێ پارتی لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەدر شکستی هێناوە و ئێستا بە ناچاری چۆتەوە لای چوارچێوەی هەماهەنگی.

تێبینی: لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە 18/10/2021 دوو هاوپەیمانێتی دروست بوون، یەکەمیان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و رەوتی سەدر و هاوپەیمانی عەزمی سوونەکان بوو، دووەمیان لە نێوان هێز و لایەنەکانی نزیک ئێران بوو کە دیارترینیان دەوڵەتی یاسا و رێکخراوی بەدر و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی بوون.

Diplomatic لە 27/6/2022 لە راپۆرتێکی ڤیدیۆیی کە سێ هەواڵی لە خۆوە گرتووە، سێ سەردێڕیان بۆ هەڵبژاردوون، کە وروژاندن داپۆشیوون و لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان دوورن، سەردێڕەکان ئەوانەن:

- لەسەر هێرشی کۆرمۆر ئێران بێدەنگی شکاند.

- سەلاحەدین بەهائەدین تورەیە.

- پەرلەمانتارێک نهێنی دیسکۆ و قومارخانەکانی کوردستان ئاشکرا دەکات.

لە درێژەی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا، دەستەواژەکان گۆڕانیان بەسەر دادێ (بێدەنگی شکاند دەبێتە رایگەیاند، تورەیە دەبێتە نیگەرانە، هیچ نهێنیەک دەربارەی دیسکۆ و قومارخانەکان باس ناکرێ تەنها باس لە زیاد بوونی ژمارەیان دەکرێت)

لە رۆژی 23/6/2022 لە سەر راپۆرتێکی دیکەی ڤیدیۆیی نووسراوە:"ئەو تۆمارە دەنگیەی هەمووتان شۆک دەکات". راپۆرتەکە بەشێکی باسکردنەوەی گوتەکانی سادقی زیبا کەلامە کە لە رۆژی 18/6/2022 کە لە ئاهەنگی ناساندنی ژمارەیەک کتێب لە شاری هەولێر رەخنەی

له دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان گرت، لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پەروەردەکردنی خەڵک، کە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە. دوو رۆژ دواتر لەلایەن مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لێکرا، دوای دیدارەکە سادقی زیبا کەلام لە نامەیەکی دەنگی باسی ناوەڕۆکی دیدارەکە و بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی دیدارەکە بڵاوکردەوە، بەڵام لە راپۆرتەکە هیچ تۆماری دەنگی دانەندراوە کە نهێنی کۆبوونەوەکە باس بکات. چونکە کە شتێک لەلایەن لایەنەکانی کۆبوونەوە راگەیاندرا چیتر نهێنی نیە.

لە رۆژی 15/6/2022 پەڕەی هەواڵی Bwar Media پۆستەر و هەواڵێکی بەو ناونیشانە بڵاوکردۆتەوە:<u>ئیسرائیل کڕیاری نەوتی هەرێم، لە مانگی ئایار 687 هەزار بەرمیل نەوتی لە هەرێم کڕیوە.</u> لە درێژەی هەواڵەکدا هاتووە کە وڵاتی ئیتالیا زۆرترین نەوتی کوردستانی کڕیوە، پاشان یۆنان و تورکیا لە خانەی دووەم و سێیەمی کڕیاران دێن، بەڵام ئاماژە تەنها بۆ ئیسرائیل کراوە لەگەڵ ئەو بڕە نەوتەی کە کڕیویەتی. بە درێژایی مێژووی زیاتر لە شەست ساڵ (لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول 1961 بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی) بەردەوام گەلی کورد بە هاوکار و دۆست و بەکرێگیراوی ئیسرائیل وێنەکراوە، لە میدیایی عێراقی و عەرەبیدا، هەروەها لە سەر ئاستی گوتاری سیاسیاندا، ئەو تۆمەتبارکردنە لە ساڵی 2017 لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتە ترۆپک. لە کۆماری عێراقی فیدڕاڵ ئێستا هەبوونی هەر جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ ئیسرائیل بە یاسا قەدەغەکراوە و سزای بۆ داندراوە، دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق یاسای دژی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل، لە رۆژی 26/5/2022 لە پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد.

لە ریزبەندی دووەم پۆپۆلیستی Populism دێت بە رێژەی (25%)، ئەو رێژە بەرزەی بەر فاکتەری پۆپۆلیستی کەوتووە، جێگای سەرسوڕمان نیە بە تایبەتی کە ئێستا لە سەر ئاستی جیهان و لە ململانێ سیاسیەکاندا، گوتاری پۆپۆلیستی ئامادەیی بەهێزی هەیە (france24 2016) پۆپۆلیزم بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت، کە گوتارێکی سیاسیە کە دیماگۆگیەت بۆ ختوکەدانی هەست و سۆزی خەڵک بەکاردێنێت، لە پێناو وەدەستهێنانی

پاڵپشتی جەماوەری، یەکێک لە بەرئەنجامە خراپ و نەخوازراوەکانی پۆپۆلیزم ئەوەیە کە توانای قایل کردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەیە کە زۆرجار دەبنە زۆرینە marefa) (n.d.هەندێک بۆچوون هەیە هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزماتیک بە هۆکاری سەرکەوتنی پۆپۆلیزم دادەنێن) فؤاد 2020( لە نموونەی توێژینەوەدا لایەنەکانی پێکهێنەری پۆپۆلیستی بەرجەستەن، لەو پەڕە هەواڵیانەی کە بە لایەنێکی سیاسیەوە گرێدراون ئەوە گوتارەکەیان خستۆتە خزمەت سەرکردەی لایەنە سیاسیەکە و دژی رکابەرە سیاسیەکانی، دیاترینیان پەڕەی مەلیک Malik کە سەر بە جوڵانەوەی نەوەی نوێیە، زۆرترین بڵاوکراوەکانی دەربارەی سەرۆکی جولانەوەکەیە، لە ساتیش کردن و بازاڕسازی بۆکردنە، وەک ئەو نموونانە:

لە 23/6/2022 ڤیدیۆیەکیان داناوە، شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، بە جلکی وەرزیشە و تەوقە لەگەڵ یاریزانانی تیپی بەرامبەری دەکات و دەگاتە منداڵێک تەوقەی لەگەڵ ناکات(نایبینێ)، لە سەر ڤیدیۆکە نووسراوە:"دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ئەم منداڵە، ئەمڕۆ کاک شاسوار پێشوازی لێکرد". لە کۆتایی ڤیدیۆکە شاسوار عەبدولواحید دیارە لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لە منداڵەکە دەکات.

هەر لە هەمان رۆژدا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی:وەڵامی شاسوار عەبدولواحید بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن ڤیدیۆی پێشوازی لە منداڵەکە چاولێکەریە. ئەو وەڵامە لە شێوەی گوتارێکی سیاسی ئاراستەی خەڵک دەکات و دەڵێ:"ئێمە هەموو ئەو شتە جوانانە دەهێنینە ناو سیاسەتەوە، کە ساڵانێکی زۆرە لەم وڵاتە قەدەغەیە و خەڵکەکەمان دورن لێی" لە کۆتایەکەشدا دەڵێت:"خەڵک هەموو شتێکە لای ئێمە، وە سیاسی و حیزب دەبێت خزمەتکار و بچووکی خەڵک بن.

لە 15/6/2022 پارچە ڤیدیۆیەک بڵاوکراوەتەوە، گەنجێک دەربارەی گران بوونی نرخی بەنزین قسە دەکات، لە سەر ڤیدیۆکە نووسراوە:چاوەڕێی بەنزینەکەی کاک شاسوارین، لە دەست ئەم دەسەڵاتە بێزارین.

هەر لە هەمان رۆژ لە سەر پارچە ڤیدیۆیەکی دیکە نووسراوە:بەنزینە هەرزانەکەی نەوەی نوێ گەیشتە سەید سادق.

فاکتەری هاندان بە رێژەی (12%) لە پلەی سێیەم دێت، هاندان بۆ رکوکینە یان هەر کارێکی دیکەی ناپەسند، وەک تاوان هەژمار دەکرێت، بۆیە بەشێک لە بۆچوونەکان جیاوازی لە نێوان رکوکینە و هاندان بۆ رکوکینە دەکەن، رکوکینە وەک هەستێکی کەسی هەژمار دەکرێ، بەڵام هاندان بۆ رکوکینە وەک تاوانێک بەرامبەر بە گشت هەژمار دەکرێت (الريامي 2015)

لە نموونەی توێژینەوە، هاندان بۆ گوتاری رکوکینە بە شێوازی جیاواز بەرچاو دەکەون، کە خۆیان لە هاندانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆن دەبینەوە، وەک لە خشتەی (8) تیشکیان خراوەتە سەر لە رێگای نیشاندانی نموونە و شرۆڤەکردنیان.

هەواڵی ساختە The fake newsوەک فاکتەرێک بۆ دروستبوونی گوتاری رکوکینە، لەو نموونەگەلەی توێژینەوە دا لە پلەی کۆتایی دێت بە رێژەی (8%) نزمی رێژەی هەواڵی ساختە بابێتە هۆی کەمبوونەوە لە کاریگەرییەکانی، چونکە بە یەکێک لە ترسناکترین چەکە کوشندەکان دادەندرێت لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی) خیرون 2020( دەستنیشان کردن و ناسینەوەی هەواڵی ساختە لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئاسان نیە، چونکە لە رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان و سەکۆ و پێگە هەواڵیەکان رکابەری و کێبڕکێ لە سەر کوالێتی و پیشەیی بوون و پابەند بوون بە ئەتیکی(ئەخلاقی) رۆژنامەوانیەوە نیە، بەڵکو شەڕ و کێبڕکێیە لە سەر زیاد کردنی ژمارەی وەرگران) السلام 2019(

هەروەها تێکەڵبوون و نا روونیەک هەیە دەربارەی ناسینەوە و دەستنیشانکردنی هەواڵی ساختە، بۆ نموونە لە نموونەکانی توێژینەوە لە خشتەی (6) لە رێکارەکانی لە چێوەگرتنی گوتاری رکوکینە، رێکاری هەڵبەستن لە رێزبەندی دووەم دێت، کە وێکچووی هەواڵی ساختەیە و لە زۆربەی سەرچاوە و ژێدەرە ئەکادیمی و رۆژنامەوانیەکان لەیەکدی جودا ناکرێنەوە، بەڵکو هەڵبەستنیش هەر وەک هەواڵی ساختە هەژمار دەکرێت، بەڵام بە بۆچوونی توێژەر و لە دوتوێی گەڕان بەناو نموونەکانی توێژینەوە و پشکنینی زانیاریەکان، دەرکەوت کە هەڵبەستن

جیاوازە لە هەواڵی ساختە، دەکرێ جیاوازیەکە بە کورتی لەو خاڵەدا روونبکرێتەوە (هەواڵی ساختە سەر لەبەری درۆیە، لە ناونیشانەکەیەوە تا کۆتایی، بەڵام هەڵبەستن بەشێکی بچووکی راستیە، کە رەنگە دەستەواژەیەک یان دێڕێکی ناو هەواڵێک بێت یاخود زانیاریەک، کە چیرۆک ێکی بە گوێرەی ویست و حەز و بەرژەوەندیی نێرەر بۆ دەهۆندرێتەوە و وەک بابەتێکی سەربەخۆ بڵاودەکرێتەوە). هەبوونی کێشە و قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی رێگەخۆشکەرن بۆ دروست بوون و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە، لە نموونەی توێژینەوەدا ئەوە بە روونی وەدیاردەکەوێت:

لە Bwar Media لە 11/6/2022 لە هەواڵێکدا رایدەگەیەنێت:کە دادگای فیدراڵی عێراق رۆژی یەکشەمە 12 حوزەیران لەبارەی بەردەوام بوونی 200ملیارەکەی هەرێم کۆدەبێتەوە، ئەگەری زۆرە بڕیارەکەی دادگا لە بەرژەوەندیی هەرێم نەبێت، 200 ملیارەکە کە مانگانە دەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بپردرێت. دادگای فیدراڵی بڕیاری بەردەوامبوونی ناردنی ئەو بڕە پارەیەی دا.

لە 14/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی بەو ناونیشانە بڵاودەکاتەوە:مەسعود بارزانی داوای لاپەرەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ لاهور شێخ جەنگی دەکات.

لە هەمان رۆژ راپۆرتێکی دیکەی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی:دەزانی بارزانی بە بەرهەم سالحی وتوە سواری سەیارەت دەکەم و دەتنێرمە لای کێ؟

دەربارەی هەواڵی یەکەم، ئەو هەواڵە یەکەمجار لە مانگی ئاداری ساڵی 2021 وە لە چەند سەکۆیەکی میدیایی کرا رۆژەڤ، لە رۆژی 13/3/2021 ئامینە زکری بەرپرسی دۆسیەی کاروباری پەرلەمان و حکومەت لە بارەگای بارزانی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ئەو هەواڵەی بە درۆ خستەوە، و مەرجی دانیشتنی بارزانی لەگەڵ لاهور جەنگی(بەبێ ناوهێنانی) بەوە بەستەوە کە لاهور جەنگی دەبێ داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات لە بەرامبەر ئەو خیانەتەی لە 16/10/2017 لە خەڵکی کوردستانی کرد، بۆ خوێندنەوەی روونکرنەوەکەی ئامینە زکری سەیری پاشکۆی (2) بکەن. دەربارەی هەواڵی

دووەمیش لە درێژەکەیدا باس لەوە دەکرێ کە ئەو گوتەیە کۆنە و مەسعود بارزانی لەلای کەسە نزیکەکانی خۆی ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە ناکرێت چۆن ئەو قسەیە گەیشتۆتە ئەوان! بۆیە بە بۆچوونی توێژەر ئەوەشیان هەواڵێکی ساختیە. ئەوە کارەی Bwar Media دەچێتە خانەی خراپ سوود لێوەرگرتن (سوء الاستفادة) و کارێکی نا پیشەیانە، تەنها لە پێناو وروژاندنی وەرگر و زیاد کردنی کالێکی وەرگران لە رێگای (لایک Like) و (کۆمێنت Comment) و زیاد کردنی ژمارەی بینەرانی ڤیدیۆکان (بینەر Views) لە بڵاوکردنەوەی ئەو دوو هەواڵە ساختەشدا بە ڕێژەیەکی بەرز بەو ئامانجە گەیشتوون، هەواڵی یەکەم (4.3K) لە رێگای لایک و کۆمێنت و ئیمۆجی هەروەها ژمارەی بینەران (100K) بووە، لە هەواڵی دووەمیشدا ژمارەی کارلێکەکان (9.7K) و ژمارەی بینەران (208K) بووە.

Standard Kurd لە 15/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی بەو ناونیشانە داناوە: ئەمرۆ لە هەولێر، رۆژێکی پڕ لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی بە هۆی گرانبوونی نرخی بەنزین. بە گوێرەی بەدواداچوونی توێژەر لە و رۆژەدا هیچ جۆرە خۆنیشاندانێک لە شاری هەولێر بەو هۆیەوە نەبووە. تەنها ژمارەیەک لە هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە کێشەی یەکسانی کردنی بڕوانامەکانیان هەیە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران یاداشتنامەیەکیان بۆ بەدەنگەوە چوونی داواکەیان خوێندەوە.

Xor لە 11/6/2022 هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە: بنەماڵەی دکتۆر کازم فاروقی نەوەی نوێ سکاڵا لەسەر شاسوار عەبدولواحید تۆمارە دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بە ژەهرخواردکردنی. رۆژی 10/6/2022 لە هەژماری د. کازم فاروق سەرۆکی پێشوی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان، راگەیەندراوێک دەربارەی باری تەندروستی بڵاوکراوەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک باس لە ژەهرخواردن کردنی ناکات و هیچ کەس و لایەنێکیش بە تێکچوونی باری تەندروستی تۆمەتبار ناکرێن.

Diplomatic لە 14/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی بەو ناوە بڵاوکردۆتەوە: ئەژی ئەمین روو لە مەسرور بارزانی و پشت لە نێچیرڤان بارزانی دەکات. ئەژی ئەمین سەرۆکی دەزگای

زانیاری سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە رۆژی 27/3/2022 لەلایەن سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڕیاری دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی دراوە، دواتر لەلایەن قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و برای سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە هەولێر پێشوازی لێدەکرێ، ئەو کێشەیە وەک کێشەیەکی ناوخۆیی و تایبەت بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەماشا دەکرێ، هیچ لایەکی کێشەکە باسیان لە هەبوونی گرفت لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم یان حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە.

**خشتەی 12 رێگاکانی کاریگەریی دروست کردن لە سەر وەرگر دیاریدەکات**

| پێگەکان / رێگاکان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک Malik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| سۆز | 25 | 67 | 44 | 74 | 28 | 43 | 31 | 51 | 17 | 74 | 26 | 96 | 171 | 63 |
| ترس | 12 | 33 | 15 | 26 | 37 | 57 | 29 | 49 | 6 | 26 | 1 | 4 | 100 | 37 |
| کۆی گشتی | 37 | 100 | 59 | 100 | 65 | 100 | 60 | 100 | 23 | 100 | 27 | 100 | 271 | %100 |

ئەو رێگایانەی لە نموونەکانی توێژینەوە، بۆ کاریگەریی دروست کردن لە سەر وەرگر بەکارهێندراون، دیارترینیان و کاریگەرترینیان لە رێگای هەستەکانەوەیە، (سۆز) و (ترس). لە ڕیزبەندی یەکەم هەست و سۆز دێت بە رێژەی(63%) بە دوای ئەویش ترس دێت بە رێژەی (37%). لە نموونەکانی توێژینەوەدا کاریگەرییە مرۆییەکان و هەست و سۆزە گشتیەکان لە کارلێکیان لەگەڵ رووداوەکان بەکارهێندراون و بچووک کراونەتەوە تا ئەو ئاستەی لە چێوەگرتنی هەواڵ و زانیاریەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی پەیامدەر یەکدەگرنەوە، بە مەبەستی دروست کردنی کاریگەریی و ئاراستەکردنی تاکەکان و دروست کردنی رای گشتی دەربارەی پرس و دۆخێکی دیاریکراو، بۆیەشە لە نموونەگەلی توێژینەوەدا دەرفەت لە هەبوونی کێشە و گرفت و ئاڵۆزی وەرگیراوە. کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها کێشە ناوخۆیەکانی هەرێمی کوردستان، رووبەرێکی گەورەیان لە ناو نموونەکانی توێژینەوەدا گرتووە، بە هەردوو لاوە بەکارهێندراوە، وەک ترس و وەک موخاتەبەکردنی هەست و سۆزی وەرگر.

مەلیک Malik لە 3/6/2022 دوو هەواڵی داناوە دەربارەی بەشی ناوخۆیی کوڕان و بەشی ناوخۆیی کچان، بەو ناونیشانانە:

- ئەی هاوار سەیری وەزعی تەلەبە بکەن لە داخلییەکان.
- لە بەشە ناوخۆیەکانی کچان لە سلێمانی لە بەر نەبوونی فێنک کەرەوە خوێندکاران لە سەر بان جێیان راخستووە و خەوتوون.

Diplomatic لە 27/6/2022 چاوپیکەوتنی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە بەو ناونیشانە: هەرگیز باوەڕناکەیت... ئەو خێزانەی دوو هەفتەیە لە گەرمایەکی تاقەتپروکێندا لە پارکێک دەژین. لەو پارچە ڤیدیۆییە لە دوای دایک و باوکەوە پرسیار لە منداڵێکی چوار ساڵە دەکات دەربارەی ژیانیان و حەزی لە چیە و چۆن دەژیێن، لە کۆتایەکەشدا زەرفێک کە دیارە پارەی تێیدا بەناوی سەرمایەداریک کە ناوەکەی لە سەر ڤیدیۆکە نووسراوە، پێشکەشکار وەک سەرمایەداری نیشتیمانی (مەریوانی حاجی جەمال) دەیناسێنێ.

هەر هەمان رۆژ هەواڵێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە کە لە ناونیشانەکەی پۆستەرێک دروست کراوە، قوتابیەکی پۆلی دوازدە: ئەمرۆ لە تاقیکردنەوە 12 جار بە مامۆستام گوت با بچم بۆ توالێت نەیهێشت، بۆیە منیش ناچار بووم لە ژێر مێزەکەوە میزەکەم کرد.

Politic Press لە 23/6/2022 راپۆرتێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردۆتەوە، ئەوث ناونیشانی یەکێک لە هەواڵەکانە،عەلی حەمە سالح دەڵێت: بەشێکی گەورەی کوردستان وێران دەبێت. ئەو پەرلەمانتارەی بزووتنەوەی گۆڕان لە دانیشتنێکی پەرلەمان باس لە وەستانی پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوە دەکات لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەلبجە، بەهۆی نەبوونی نەختینە لە بانکەکانی ئەو سنوورە. دەڵێ ئەگەر بارودۆخ بەوشێوەیە بەردەوام بێت بەشێکی کوردستان کە سنووری پارێزگای سلێمانیە وێران دەبێت. و لە بێ خزمەتیان کەلکی ژیانی نامێنێت.

Diplomatic لە 27/6/2022 عەبدولستار مەجید سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ: کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبەن و باجە گەورەکەش میللەت دەیدات. لە بەشدایکردنی لە دانیشتنی پەرلەمان سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری کوردستان باس لە هێرشەکانی تورکیا و ئێران دەکات

بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، هەروەها باس لەوە دەکات کە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان دەبێت مەرجەعی سیاسی و یاسایی کوردستان بێت بەڵام ئەو ڕۆڵەی پێ نەدراوە، بەهیچ شێوەیەک لە پارچە ڤیدیۆیەی داندراوە ئەو دێڕەی بۆی کراوەتە ناونیشان بە زاری دانەهاتووە.

لە 19/6/2022 هەوڵە ڤیدیۆیەکی دیکە بڵاوکراوەتەوە: دۆخەکە لە سەر ئاگرە و هێزە ئەمنیەکان لە ڕاپەڕینێکی نوێ دەترسن. پێشکەشکار کە لە ڕەگەزی مێیە بە دەنگێکی بەرز و توڕە درێژە بە هەواڵەکە دەدات: دەگوترێ لاهور شێخ جەنگی شەڕە گەورەکە لە شارێک دەست پێدەکات کە پایتەختی ئەنفال و شۆڕش و شەڕە تەقەیە، بەڵێ باسی ناڕەزایەتیەکانی چەمچەمال دەکەین.

Standard Kurd لە 27/6/2022 ئەو پۆستەرەی داناوە بەبێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەی زانیاریەکە، عەمید سەرحەد قادر: دەبێ هەرێم خۆی ئامادە بکات ئەگەری هێرشی عێراق بۆ سەر کێڵگە نەوتیەکان هەیە.

هەر لە هەمان ڕێککەوتدا پۆستەرێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە، مستەفا چاوڕەش: عێراق وڵاتێکی بێ خاوەنە و هێزەکانی چاویان بڕیوەتە کوردستان.

لە 14/6/2022 لیدوانی پەرلەمانتارێکی پێشوی هاوپەیمانی فەتح کراوەتە پۆستەر: بە پەلە، هەڕەشەیەکی تر لە بەغداوە"6 لیوای سەربازیمان لە سنوری هەرێم جێگیرکردووە". هەر هەمان بابەت هەواڵێکی دیکەی بە پەلەی لێ دروست کراوە: بەپەلە، بەهۆی مەترسیی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کێڵگەی نەوتی هەرێم پێشمەرگە کەوتە حالەتی ئامادەباشییەوە.

Bwar Media لە 23/6/2022 لە پۆستەرێکدا نووسراوە، مەلا بەختیار: ئەگەر یەکێتی بەرهەم سالح نەگۆڕێت، شەڕ ڕوودەدات. مەلا بەختیار لە دیدارێکیدا لەگەڵ باڵیۆزی سویسرا لە ئوردن و عێراق، بۆچوونی خۆی گوتووە،دەربارەی بارودۆخی عێراق و کێشەی نێوان ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی، کە ڕەنگە سەر بۆ ئاڵۆزی و شەڕی ئەهلی بکێشێت، بەڵام Bwar Media بابەتەکەی بەوشێوەیە بە کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی گرێداوە! (مەلا

بەختیار هەواڵەکەی بە درێژی و وردیەوە لە پەڕەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوکردۆتەوە

(www.facebook.com/Mala.Bakhtiar

**خشتەی 13 ڕێگاکانی بەدیارخستنی گوتاری ڕکوکینە دیاریدەکات**

| پێگەکان / ڕێگاکان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک Malik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ناونیشانی سەرەکی | 22 | 50 | 46 | 45 | 64 | 52 | 52 | 56 | 11 | 44 | 25 | 66 | 220 | 52 |
| ناونیشانی لاوەکی | 5 | 11 | 17 | 17 | 11 | 9 | 18 | 20 | 6 | 24 | 0 | 0 | 57 | 13 |
| ناوەڕۆک | 17 | 39 | 39 | 38 | 48 | 39 | 22 | 24 | 8 | 32 | 13 | 34 | 147 | 35 |
| کۆی گشتی | 44 | 100 | 102 | 100 | 123 | 100 | 92 | 100 | 25 | 100 | 38 | 100 | 424 | 100 |

لە خشتەی (13) دا، ئەو ڕێگایانە نیشاندەدات کە هاوکارن لە وەدیارخستنی گوتارەکە، لە ڕێگای بەکارهێنانی ناونیشانی سەرەکی، ڕێژەی هەرە بڵندی پێبڕاوە کە (%52)، لە دوای ئەویش ناوەڕۆکی بابەتەکان دێت بە ڕێژەی (%35)، لە خانەی سێیەمیشدا ناونیشانی لاوەکی دێت بە ڕێژەی (%13)، ئەو جیاوازیەی لە نێوان ناونیشانە سەرەکیەکان و ناونیشانە لاوەکیەکان هەیە، کە ڕێژەیەکی گەورەیە، بە بۆچوونی توێژەر بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

- زۆربەی بابەتەکانی لە چوارچێوەی نموونەی توێژینەوە دیاریکراون بابەتی کورتن لە شێوەی پۆستەر یان هەواڵ وەک لە نەخشەی (4) ڕوونکراوەتەوە.
- ڕێژەیەکی گەورەی بابەتەکان ڤیدیۆیین، کە چەند هەواڵێک لە ڕاپۆرتێکی ڤیدیۆیی کۆکراونەتەوە، یاخود یەک هەواڵ لە پارچە ڤیدیۆیەک پێشکەش کراون، بۆ زانینی ڕێژەی بابەتە ڤیدیۆیەکان بگەڕێوە بۆ نەخشەی (4). لەبەر دوو هۆکار گرنگیپێدانەکە لە ناونیشانی سەرەکی و ناوەڕۆک کۆبوونەتەوە، ناونیشانە سەرەکیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و ناوەڕۆکەکەش بۆ بەخشینی زانیاریەکان.

لەو خشتەیەدا کار لە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو پەڕانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کە نموونەی توێژینەوەن، لەگەڵ بابەتەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکان و ناونیشانی لاوەکی تێیاندا، هەروەها ناوۆڕکی بابەتەکان، بە چ شێوازێک هەڵبژێدراون یاخود داڕێژراینەو بە گوێرەی خواست و بەرژەوەندیی پەیامدەر، بە گوێرەی

میکانیزمی دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن و لەچێوەگرتنیان، لە رێگای بەکارهێنانی ئەو کەرستانەی لە تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی دەستنیشانکراون بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، کە هەندێکجار بە لێبرین(لێقرتاندن) و هەندێکجاریش بە جێگۆرکێ کردن و هەندێکجاریش بە لەجێدانان، واتا دانانی وشەیەک یان دەستواژەیەک لە جێگای یەکی دیکە کە لە بەکارهێناندا وێکچوون بەڵام بە لەجێگا دانان دا واتا و مەبەستی پشت گوتارەکە بە تەواوی دەگۆرێت. ئەوانەش لە ناونیشانە سەرکی و لاوەکیەکان و ناوەرۆکی بابەتەکان چ تێکست بن یان ڤیدیۆیی لە نموونەی توێژینەوەدا بە روونی دیارن و دەتوانین دەستنیشانیان بکەین:

لە مەلیک Malik لە 27/6/2022 ناونیشانی سەرەکی بابەتەکە: هات.. لەسەر دابەشنەکردنی موچە لە پەرلەمان بوو بە شەڕ.

ناوەرۆکی بابەتەکە، پارچەیەکی دەنگی پەرەلەمانتارێکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و پارچە ڤیدیۆیەکی پەرلەمانتارێکی دیکەی هەمان جوڵانەوەی ە، لە یەک دراون و بابەتێکیان لێ سازکراوە، پەرلەمانتاری یەکەم، باس لە رانەگەیاندنی لیستی دابەشکردنی موچە دەکات، دەنگەکەی لە چەند پارچەیەکی لێکدراو پێهاتووە بەشێوەیەک تێچینە(موداخەلە Comment) سەرۆکی پەرلەمان پچرێندراون، تەنها لە شوێنێک نەبێت کە بە پەرەلەمانتارەکە دەڵێت: <u>ئەوە نیە هەموو هەفتەیەک لە NRT رێکلام بۆخۆتان دەکەن</u>. لەوێوە پەرلەمانتارەکە دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: <u>بۆ موچە دابەش ناکەن، بۆ ئێوە رێکلام بۆخۆتان ناکەن</u>. پەرلەمانتاری دووەم بە شێوەیەکی ئاسایی باس لە پێویستی ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت بە کێشەکانی کارەبا و ئاو بکرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک شەڕ و گرژی دروست نەبووە.

هەر لە مەلیک Malik لە 23/6/2022 پۆستەرێک بۆ بۆچوونی پەرلەمانتارێکی پارتی دروست کراوە: <u>ئیسپانیا دژی ریفراندۆم بووە، نابێت جێبەجێکردنی پرۆژەی هێلی شەمەندەفەریان پێ بدرێت.</u> لێدوانی ئەو پەرلەمانتارە کە بە ڤیدیۆ بڵاوکراوەتەوە بە هیچ شێوەیەک ناڵێت 'نابێت' پێیان بدرێت، بەڵکو پرسیار دەکات ئایا راستە بە کۆمپانیایەکی ئیسپانی دراوە؟ لە کاتێکدا ئیسپانیا لە پرسی ریفراندۆم هەڵوێستی باش نەبووە.

Diplomatic له 27/6/2022 له ڕاپۆرتێکی ڤیدیۆیدا که سێ هەواڵ له خۆوه دەگرێ، ناونیشانی هەواڵێکیان بەو شێوەیە: مەسرور بارزانی بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی دا. له درێژەی هەواڵەکەدا دەڵێت، مەسرور بارزانی بڕیاری دا هێز بجولێنێت و دەڵێت ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. ئەو هەواڵە دەربارەی ڕاگەیەنداوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانیە دەربارەی هێرشە موشەکیەکانی سەر کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر له شارۆچکەی چەمچەماڵ، ڕاگەیەنداوەکە له پەڕەی فەرمی مەسرور بارزانی له تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک Masrour Barzani له ڕۆژی 27/6/2022 بڵاوکراوەتە، بەڵام باسی بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوە و هێز جولاندنی تێدا نیە.

له ڕۆژی 23/6/2022 Diplomatic ڕاستەوخۆیەک له عەلوەی هەولێر دەگوازێتەوە، که تێیدا وەزیری بازرگانی دوای سەردانێکی ئاسایی پرۆژەی نوێی عەلوەی هەولێر قسە بۆ میدیاکان دەکات، ناونیشانەکەی نووسراوە: بزانە له عەلوەی هەولێر چ دەگوزەرێت؟

Standard Kurd له 14/6/2022 ڤیدیۆیەکی داناوە بەو ناونیشانە: بە ڤیدیۆ یاسەوانێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر له ژنێک دەدات، ژنەکە له هۆش خۆی دەچێت. له درێژەی هەواڵەکە دا نووسراوە: جێی باسە سەرچاوەیەک له بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر له بارەی گرتە ڤیدیۆکە گوتی ڤیدیۆکە کۆنە و شەڕەکە له نێوان یەک خانەوادە بووە، نە پۆلیس نە کارمەندی تەندروستی بەشدار نەبووە.

**خشتەی 14 جۆری زمانی بەکارهاتوو له چێوەگرتنی گوتار ڕوون دەکاتەوە**

| پێگەکان / جۆری زمان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک Malik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| زبر | 9 | 17 | 16 | 11 | 8 | 6 | 15 | 10 | 15 | 32 | 5 | 14 | 68 | 12 |
| ڕۆژنامەوانی | 20 | 39 | 74 | 49 | 105 | 83 | 110 | 74 | 14 | 30 | 7 | 20 | 330 | 59 |
| ئاسایی | 23 | 44 | 60 | 40 | 14 | 11 | 23 | 16 | 18 | 38 | 23 | 64 | 161 | 29 |
| کۆی گشتی | 52 | 100 | 150 | 100 | 127 | 100 | 148 | 100 | 47 | 100 | 35 | 100 | 559 | 100 |

وەک له خشتەی (14) دیارە، بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانی له ڕیزبەندی یەکەم دێت بە ڕێژەی (59%)، بەکارهێنانی زمانی ئاسایی له پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (29%) له پلەی

سێیەمیشدا زمانی زبر بە ڕێژەی (12%) دێت، کە لە بابەتە بڵاوکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بەکارهاتووە.

مەبەست لە زمانی ڕۆژنامەوانی، ئەو شێوە دواندن و نووسینەیە کە دەکەوێتە نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی (بازاڕی)، بە ڕەچاوکردنی بنەما و یاسا و ڕێساکانی داڕشتنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەیان، ئەو نموونانەی توێژینەوە کە بە ماڵپەڕێکی هەواڵیەوە گرێدراون، چاوەڕوان دەکرێت ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانی بەرزتر بێت، چونکە ئەوە دۆخە ئاساییەکەیە، بەڵام بەکارهێنانی بەو ڕێژەیە بە نا ئاسایی وەردەگیرێت و دەبێتە جێگای پرسیار. بە تایبەتیش ئەگەر لە سەر ئاستی یەک بە یەکی ئەو پەڕانەی فەیسبووک کە وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون وەربگرین، ئەوە لە کۆی شەش سەکۆی هەواڵی چواریان لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانی کەمترین ڕێژەیان بەر دەکەوێت، ئەگەر ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی و زمانی زبر کۆبکرێنەوە و وەک ڕکابەری زمانی ڕۆژنامەوانی هەژماریان بۆ بکرێت، لە Politic Press ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی زبر و زمانی ئاسایی دەگاتە 61.54% لە بەرامبەر 38.46% کە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانیە، لە Diplomatic کە زۆرترین بابەتی بڵاوکردۆتەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی زبر و ئاسایی (بازاڕی) پێکەوە دەگاتە 50.66% لە بەرامبەر 49.34% لە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانی، واتا کەمتر لە نیوەی بابەتەکان.

لە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژنامەوانەی دا، تێبینیەکی دیکە هەڵدەگرێ، ئەویش ژمارە و ڕێژەی ئەو بابەت و هەواڵانەیە کە لە سەرچاوەیەکی دیکە بۆیان هاتووە یاخود بەخۆیان کۆپی پێستیان (Copy and Paste) کردووە، بۆ نموونە لە Politic Press لە ژمارەی ئەو بابەتانەی کە زمانی ڕۆژمانەوانیان تێدا ڕەچاو کراوە و ژمارەیان (20) بابەتە (11) بابەتیان لە سەرچاوەی دیکە وەرگرتووە، ئەو یازدە بابەتە دەربارەی چالاکیەکانی ژمارەیەک سەرکردەی سیاسی و حکومیە، (2) هەواڵی دەربارەی سەردانێکی لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تێدایە، (5) هەواڵی بافل تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، و (3) هەواڵی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

کوردستان, لەگەڵ هەواڵێکی سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە سەردانی کۆسرەت رەسوڵ عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردووە. لە Xor لە کۆی (چواردە) بابەت کە رەچاوی بەکارهێنانی زمانی رۆژنامەوانی کراوە، (یازدە) هەواڵیان تایبەتن بە چالاکی و پێشوازیەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،(یەک) هەواڵیش تایبەتە بە پێشوازی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەسایەتیەکی سیاسی.

لە ریزبەندی دووەمدا رێژەی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی دێت، کە زۆرجار دەستەواژەی (زمانی بازاڕی) بۆ بەکاردەهێندرێت، ئەوەش ئەو زمانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریان دەهێنن، پەنا بردنی ئەو پێگە هەواڵیانە بۆ بەکارهێنانی ئەو ئاستە لە دواندن و پەیوەندیکردن لەگەڵ وەرگران، بۆ سادەیی لە دەربڕین و گوزارشت کردن، هەروەها لەوەی کە وەرگر پەیامەکە بە زمانی خۆی وەردەگرێت، واتا لە ئاستێکی دیاریکراوی مەعریفی دا، ئەو جۆرە زمانە لە رووی بەکارهێنانی رێژەیان لە بەرزبوونەوە دایە، لە نموونەی توێژینەوەدا لە کۆی (6) پێگەی هەواڵی، لە (3) یاندا رێژەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانە لە پلەی یەکەمدایە لە (مەلیک Malik، Politic Press و Xor).

بەکارهێنانی زمانی زبر، کە یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکانی گوتاری رکوکینە، لە پلەی سێیەم دێت بە رێژەی (12%)، کە خۆی لە گواستنەوەی لێدوان و قسە و بۆچوونی کەسانێکە کە ئەوان بەو شێوە زمانە دواون، یاخود خودی پێگە هەواڵیەکانن کە وشە و دەستەواژەی زبریان بەکارهێناوە. پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانە، بۆ راکێشانی ژمارەی زۆری وەرگرە، کە هەندێکجار لە شێوەی کۆمیدی و هەندێکجاریش بەشێوەیەکی تراجیدی و درامی سوودی لێوەردەگرن.

**سێیەم: لە سەر ئاستی وەرگر**

گرنگیی و کاریگەریی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی لە توانای دروستکردن و ئافراندنی چیرۆکە هەواڵیەکان دایە، هەروەها بەدیارخستنی لایەنێک و پشگوێخستنی لایەنەکەی دیکە. لەوەشدا رادەی تێبینی کردن و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ بابەت و کێشە و رووداوەکان دیاری دەکات. لە چۆنیەتی بەرخورد لەگەڵ کردنیان و هەڵسەنگاندن و هەڵسوکەتیان لەگەڵ ئەو بابەت و کێشە و رووداوانە، لەچێوەگرتنی رووداو و هەواڵەکان لە دەزگا میدیایەکاندا، بەشێوەیەکی رێکخراو دەتوانێ کاریگەر بێت، لە سەر چۆنیەتی وەرگرتن و تێگەیشتنیان لەلایەن وەرگرانەوە، هەروەها لە رێگای جەخت کردنەوە لە سەر هەندێک زانیاری دیاری کراو، توانای لێ ئاگاداربوونیان زیاد دەکات، پاشان تێگەیشتن و ئینجا هەڵگرتنی لە بیردانکیدا – Memory (RS 2022). بەر لە پەیدا بوونی ئینتەرنێت و پێگە ئەلکترۆنیەکان – تۆڕەکۆمەلایەتیەکان، کەمتر ئاوڕ لە وەرگر دەدرایەوە لە چۆنیەتی کارلێکی لەگەڵ بابەتە میدیایەکان، بەڵکو زیاتر کار لەسەر لایەنی پەیامدەر و پەیام کراوە، بەلام ئێستا کە بەهۆی تۆڕەکۆمەلایەتییەکانوە، دەرفەتی کارلێکی راستەوخۆی نێوان پەیامدەر و وەرگر دروست بووە، بە ئاسانی دەتواندرێ رادە و رێژە و چۆنیەتی کارلێکی وەرگر لەگەڵ بابەتە میدیایەکان پێوانە بکرێ و شی بکرێتەوە (لعیاضي 2021) لەو تەوەرەیدا کار لە سەر چۆنیەتی کاردانەوە و کارلێکی وەرگر دەکرێت، لەگەڵ هەواڵ و زانیاریەکان، هەروەها پێوانەکردنی هەموو ئەو لایەن و رەهەندانەی پەیوەندیان بە وەرگرەوە هەیە، پاشان پێوانەکردنی هەبوونی گوتاری رکوکینە لە ناو کارلێکی وەرگرانەوە، لە رێگای ئەو کەرستە و ئامرازانەی تیۆری لەچێوەگرتنی میدیایی بۆ ئەم مەبەستە بەردەستی کردوون، ئەوەش دەمانباتە سەر ئەو مەعریفە (کەلتوور)ی ئەو گوتارە دروستی کردووە و بۆتە بەشێک لە تێهزین و دونیابینی وەرگران، کە لە بۆچوون و کاردانەوەکانیان دەتواندرێت پێوانە بکرێن.

**خشتەی15 جۆری پێشوازی و کاردانەوەی وەرگر**

| کۆی گشتی | | Malikمەلیک | | Xor | | Standard Kurd | | Bwar Media | | Diplomatic | | Politic Press | | پێگەکان / کاردانەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | |
| 9 | 918,547 | 9 | 191,397 | 73 | 21,547 | 11 | 80,692 | 10 | 288,858 | 6 | 205,699 | 8 | 130,354 | Likeلایک |
| 1.50 | 73,847 | 1 | 18,018 | 14 | 4,227 | 2 | 13,304 | 0.5 | 12,309 | 0.50 | 15,947 | 1 | 10,042 | Commentکۆمێنت |
| 0.50 | 63,036 | 1.5 | 24,475 | 8 | 2,387 | 1.5 | 10,241 | 0.40 | 8,135 | 0.35 | 11,013 | 0.95 | 6,785 | Emojiئیمۆجی |
| 0.00 | 8,685 | 0.5 | 2,877 | 0.20 | 65 | 0.50 | 747 | 0.10 | 997 | 0.15 | 3,079 | 0.05 | 920 | Shareشێر |
| 89 | 9,434,803 | 88 | 1,981,000 | 4.80 | 1200 | 85 | 619,934 | 89 | 2,406,733 | 93 | 2,962,736 | 90 | 1,464,400 | Viewڤیو |
| 100 | 10,498,918 | 100 | 2,217,767 | 100 | 29,426 | 100 | 725,098 | 100 | 2,717,032 | 100 | 3,198,474 | 100 | 1,612,501 | کۆی گشتی |

لەو پێنج جۆری کاردانەوەیە، کە لە نموونەکانی توێژیەوەدا وەرگیراون، ڤیو View لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (89%) کاریگەریی بابەتی ڤیدیۆیی (بیندراو) نیشان دەدات، هەروەها ئاماژەیەکی روونیشە لەو کاریگەرییەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانە لە سەر کۆمەڵگەیان دروست کردووە، ئەگەر ژمارەی وەرگران کە لەو خانەیەدا بینەرن Viewers وەرگرین، دەبینین زیاترە لە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. لە پلەی دووەم لایک Like دێت بە ڕێژەی (9%)، لایک لێرەدا تەنها پاڵپشتی کردن و پەسند کردن ناگەیەنێ بەڵکو ئەوانەش، کە دژی هەڵوێستەکەن لایک هەر دەکەن، ئەوە بۆتە عادەت، واتا هەندێکجار ئەگەر هەڵوێستیان (dislike)یش بێت هەر لایک دەکەن. کۆمێنت Comment لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (1.5%) کۆمێنت بە کاریگەرترین و راستگۆترین شێوازی کارلێک دادەندرێت، لە نێوان وەرگر و پەیام دا، لەو ڕێگەیەشەوە پەیامدەر دەتوانێ (Feed Back)ێکی دروست وەربگرێت، لە گەیشتنی پەیامەکەی و چۆنیەتی بەرخوردی وەرگر لەگەڵیدا. ئیمۆجیەکان کە پلەی چوارەمیان بەردەکەوێت بە ڕێژەی (0.5%) زیاتر رەنگدانەوەی دۆخی دەروونی وەرگر و شێوازی پەرچەکرداریان نیشان دەدە، لە پلەی پێنجەم و کۆتاییدا شێر Share دێت، لە زمانی کوردیدا چەند دەستەواژەیەک بۆ Share بەکاردەهێندرێن، بەشکردن، هاوبەشیکردن و پارڤەکردن، لە رووی کرداریەوە واتا وەرگر کە بابەتێکی لە یەکێک لەو پێگە ئەلکترۆنیانە بە دڵە، لە ڕێگای Share لە هەژمارەکەی Account یان پەڕە Page ی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی Friends پارڤەدەکات.

ئەو جۆرە کارلێکانە بە پێوەری سەرکەوتنی پێگە ئەلیکترۆنیەکان دادەندرێن، بۆیە هەموو رەگەز و ژانر و ڕێگا و ڕێبازەکانی رۆژنامەوانی دەستیان بۆ دەبردرێت، لە پێناو راکێشانی سەرنجی وەرگر و هاندانی بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوازە بەردەستەکان کارلێک لەگەڵ پێگەکە و بابەتەکانی دا بکات، زۆر لە پێگە ئەلیکترۆنیەکان، لە دەرەوەی کاری پیشەیی و ئیتیکی رۆژنامەوانی دەست بۆ هەندێک کەرستە و ئامراز دەبەن، کە وروژاندنی هەستەکانی وەرگر دیارترینیانە، کە لە رۆژنامەوانی کاغەز بە رۆژنامەوانی زەرد ناسراوە، کە جۆرە

ڕۆژنامەوانیەکی نا پیشەیی و ناپابەندە، ئامانجی وروژاندنی رای گشتیە لە پێناو زۆرکردنی ژمارەی کڕیارانی (وەرگر). ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم سەریهەڵداوە (الابراهیم 2020) ئێستا لە سەردەمی زانیاری و  جیهانی گریمانەیی ئینتەرنێت ، بەکارهێنان و کاریگەرییەکانی زۆرتر و گەورەتر بووە، چونکە لەو جیهانە گریمانەیەدا، ناسینەوەو دەستنیشان کردنی هەواڵ و زانیاری ناڕاست یان هەڵبەستراو ئاسان نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، بەهۆی راستەخۆیی کارلێکی وەرگر و هەبوونی دەرفەتی زۆری بڵاوکردنەوەی زانیاریەک یان هەواڵێکی نادروست، دەرفەتی باوەڕپێهانانی لەلایەن وەرگر زیاتر دەکات (الاسدي 2021) لە خشتەکانی (10) و (11) لایەنی بە ئامانجگرتنی هەست و سۆزی وەرگر روونکراوەتەوە، لە رێگای وروژاندن و گوتاری پۆپۆلیستی، هەروەها فۆکس کردن لە سەر هەستەکانی ترس و سۆز.

### خشتەی 16 جۆری ئیمۆجیە بەکارهاتووەکان روون دەکاتەوە

| کۆی گشتی | | Malikمەلیک | | Xor | | Standard Kurd | | Bwar Media | | Diplomatic | | Politic Press | | پێگەکان / ئیمۆجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | |
| 72 | 45,899 | 80 | 19,407 | 84 | 1,993 | 77 | 7,884 | 65 | 5,267 | 63 | 6,990 | 64.5 | 4,358 | پێکەنین |
| 14 | 8,168 | 10 | 2,535 | 9 | 203 | 6 | 618 | 21 | 1,702 | 17 | 1,910 | 18 | 1,183 | خۆشەویستی |
| 3 | 2,006 | 1 | 218 | 3 | 88 | 4 | 387 | 4 | 301 | 7 | 700 | 4.50 | 312 | تورەیی |
| 4.5 | 2,750 | 4 | 940 | 1 | 22 | 3 | 344 | 5 | 452 | 5 | 568 | 6 | 424 | سەرسوڕمان |
| 4.5 | 2,783 | 2 | 657 | 2 | 58 | 9 | 931 | 2 | 163 | 6 | 627 | 5 | 347 | بێ هیوابوون |
| 2 | 1447 | 3 | 718 | 1 | 23 | 1 | 77 | 3 | 250 | 2 | 218 | 2 | 161 | باوەشی خۆشەویس |
| 100 | 63,053 | 100 | 24,475 | 100 | 2,378 | 100 | 10,241 | | 8,114 | 100 | 11,013 | 100 | 6,785 | کۆی گشتی |

لەو خشتەی سەرەوە دیارە کە ئیمۆجی Emoji پێکەنین 😆 کە لە نێوان خۆشحاڵی دەربڕین و گاڵتەپێکردن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بە جیاوازیەکی گەورە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ئیمۆجی، لە نموونەکانی توێژینەوە بەکارهاتووە، بە ڕێژەی (72%). لە پلەی دووەمدا ئیمۆجی نیشاندانی خۆشەویستی❤️ دێت بە ڕێژەی (14%). ئیمۆجی سەرسوڕمان😲 و ئیمۆجی بێ هیوابوون یاخود گریان 😢 بە ڕێژەی (4.5%) پلەی سێیەمیان گرتووە، بەر لە دواین خانە ئیمۆجی نیشاندانی توڕەیی 😡 دێت بە ڕێژەی (3%).لە دواین خانەشدا ئیمۆجی باوشی خۆشەویستی😘 دێت بە ڕێژەی (2%).

بەکارهێنانی ئیمۆجی لەلایەن وەرگر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی ئاسان و لە ماوەیەکی کەمدا، هەروەها بە کورتی و پوختی دەتوانێ گوزارشت لە هەستەکانی بکات، وەک پەرچەکردارێک لەبەرامبەر بابەتەکان نیشانی بدات. بەردەست کردنی ئیمۆجیەکان لە پێگە و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بۆ کاریگەریی زۆر بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە لەلایەن بەکارهێنەرانیان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕێژەی کارلێکی وەرگران لە ڕێگای ئیمۆجی دەگاتە 57% هەروەها ڕێژەی بەشداری کردنیش دەگاتە 33% (خمسات 2022)

لە ژمارەیەک لەو پۆستانەی کارلێکیان لەگەڵ کراوە لە ڕێگای ئیمۆجی پێکەنین، زۆربەیان بابەتی جدین، هەندێکیان بابەتی مەترسییدارن و پەیوەندیان بە داهاتووی خەڵک و وڵاتەوە هەیە، لە پۆستێکی Diplomatic لە ڕۆژی 14/6/2022 پرسیارێک کراوە:"ئەگەر سوپای عێراق هێرش بکاتە سەر بیرەنەوتیەکانی کوردستان ئامادەیت بەرگری بکەیت؟". لە کۆی 379 کارلێک لە ڕێگای ئیمۆجیەوە، 363 یان بە ئیمۆجی پێکەنینەوە گوزارشتیان لە بۆچوونی خۆیان کردووە. لە مەلیک Malik لە ڕۆژی 29/6/2022 لە 42 پەرچەکردار کە لە ڕێگای ئیمۆجیەوە لە بەرامبەر ئەم پۆستە کە تراژیدی و خەمناکە:بکوژ و کوژراوەکانی ڕووداوەکەی هەولێر هەرسێکیان پارتین. کارلێکی 21 کەسیان لە ڕێگای ئیمۆجی پێکەنینەوە بووە، واتا 50 بە 50. هەر لە هەمان ڕۆژ دا پۆستێکی دیکە بەو ناونیشانە کراوە:شارەوانی سلێمانی هەر

ژینگەپارێزێک داوای جەژنانەی کرد پێی مەدەن و ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە. لە کۆی 342 ئیمۆجی200 ئیمۆجیان پێکەنینە، بەڵام دیار نیە گاڵتەکردنەکە بە بڕیار و ئاگاداریەکەی شارەوانیە یان بە ژینگەپارێزان. لە 19/6/2022 لە Standard Kurd پۆستەرێکی قوباد تاڵەبانی دانداروە کە دەربارەی مەترسیی تەندروسیەوەیە بەهۆی زۆری مۆلیدەی کارەبا:قوباد تالەبانی – جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، زیاتر لە 5 ملیۆن موەلیدە لە عێراقدا هەیە و مەترسیی تەندروستی و دیمەنێکی ناشیرینیان دروستکردووە لە شەقام و گەڕەکەکاندا. 349 کەس کە لە ڕێگای ئیمۆجیەوە گوزارشتیان لە بۆچوونی خۆیان کردووە، 323 کەسیان ئیمۆجی پێکەنینیان بەکارهێناوە. هەر لە Standard Kurd لە 14/6/2022 پۆستەرێک بۆ گوتەیەکی جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروست کراوە:دۆخی عێراق بەرەو شوێنێک دەڕوات کە ناوڕوونە و دەبێت کورد یەکبگرێت. 121 کەس ئیمۆجیان وەک گوزارشت لە بۆچوونیان داناوە، لەو ژمارەیەدا 114 کەسیان ئیمۆجی پێکەنینیان بەکارهێناوە، دیار نیە گوزارشتە لە تێکچوونی بارودۆخی عێراق یان گاڵتەکردنە بە داواکەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەو پۆستانەی زۆرترین ژمارەی ئیمۆجی پێکەنینیان بۆ هاتووە لەو شەش پێگە ئەلکترۆنیە (پەڕەی فەیسبووک) دا بەو شێوەیەیە:

- مەلیکMalik (زۆر بە قوەتە بەشەرتی قرتان بزانن پەرلەمانتارانی دەسەڵات ئەمڕۆ چیان وتوە لەسەر قیتار و ڕێگا و بان) 8200 ئیمۆجی.
- Politic Press (لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی پاراستنی مافی ئاژەڵان دەکات) 815 ئیمۆجی.
- Diplomatic (سەرۆکی پەرلەمان دکتۆر ڕێواز فایەق: بۆ ماوەی دوو مانگ پشوو وەردەگرین) 673 ئیمۆجی.
- Xor (عەلی باپیر باری دەروونی تێکچووە و هەڕەشەی تەڵاقدانی لە ژنە تازەکەی کردووە) 1200 ئیمۆجی.

- Standard Kurd (وەزیری ناوخۆی تورکیا: لە قەندیل ئالای تورکیا هەڵدەکەین) 660 ئیمۆجی.
- Bwar Media (ئەو پێشمەرگەی چاکەتەکەی بایی 63 وەرەقەیە) 2300 ئیمۆجی.

دەربارەی ئیمۆجی خۆشەویستی، ڕێژەی و جۆری بەکارهێنانەکەی جیاوازە، لە پێگەی Politic Press لە 19/6/2022 پارچە ڤیدیۆیەکی داناوە، گەنجێک دەرباری کێشەکانی شارەکەی قسە بۆ میدیاکان دەکات، لە سەر ڤیدیۆکە نووسراوە:هێزە ئەمنیەکان چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکانی چەمچەماڵ دەستگیردەکات. 407 ئیمۆجی بەرهەمی کارلێکی وەرگران بووە لەگەڵ ئەو پۆستە، لەو ژمارەیەدا 295 ئیمۆجی خۆشەویستی ❤️ بەکارهاتووە، بەڵام روون نیە، نیشاندانی ئەو خۆشەویستیە بۆ چالاکوانەکەیە، یاخود بۆ ئەو هێزانەیە کە دەستگیریان کردووە. لە مەلیکMalik زۆرترین ژمارەی ئیمۆجی نیشاندانی خۆشەویستی بۆ پۆستێکە کە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی تەلەفزیۆنی و رادیۆی نالیا NRT وەرگیراوە و گەنجێک لە ناو خۆپیشاندانەکانی چەمچەماڵ قسە دەکات، بەو ناونیشانە:قەسەم بەخوا پیاو یەکجار دەمرێت بابێن ئێستا بمکوژن 250م پێ نییە. 650 ئیمۆجی دڵی سوور ❤️ ی بۆ چووە. لە Diplomatic راپۆرتێکی ڤیدیۆیی بەو ناونیشانە بڵاوکردۆتەوە:دۆخەکە لە سەر ئاگرە و هێزە ئەمنیەکان لە راپەرینێکی نوێ دەترسن. لە کۆی 803 ئیمۆجی 295یان نە نیشانی دانی خۆشەویستی گوزارشتیان لە خۆیان کردووە. لێرەدا دوو ئاراستە و دیمەنی دژ بە یەک دەبیندرێن، لە شێوازی کارلێک و بەکارهێنانی ئیمۆجیەکان، بۆ رووداوێکی کارەساتبار و خەمناک ئیمۆجی پێکەنین😆 دابندرێ، هەروەها ئیمۆجی نیشاندانی خۆشەویستی بۆ پیشهاتێکی ئاڵۆز دابندرێ.

ئیمۆجی سەرسوڕمان😲 و بێ هیوا بوون😢 (بەگریانیش ناسراوە) بە ڕێژەی (4.5%) پلەی سێیەمیان وەبەرکەوتووە، زۆرترین کارلێک لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیمۆجی سەرسوڕمان لەگەڵ پۆستێکی Bwar Media یە بەناونیشانی:ئەو پێشمەرگەیەی چاکەتەکەی بایی 63

وەرەقەیە. کە 196 ئیمۆجیە. هەروەها ئەو پۆستەی زۆرترین کارلێکی لە ڕێگای ئیمۆجی بێ ئومێد بوون (گریان) لەگەڵ کراوە، لێدوانێکی ڤیدیۆیی شوفێرێکی تاکسیە دەربارەی گران بوونی نرخی بەنزین، شوفێرەکە دەڵێت:دەسەڵات چاوی لە دەستی ئێمەیە". کە 893 ئیمۆجی گریانی😢 بۆ چووە.

بەکارهێنانی ئیمۆجی توڕەیی 😡 لە لایەن وەرگرانەوە خراوەتە خانەی پێش کۆتایی، زۆرترین بەکارهێنانی ئەو ئیمۆجیە لە پۆستێکی Diplomatic دایە بە ناونیشانی:حەدیسەکانی پێغەمبەر چۆن دەستکاری دەکرێن و چی لە بریان دادەنرێت؟. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕێگای ئیمۆجیەوە توڕەیی خۆیان نیشانداوە 385 کەسن.

لە پلەی کۆتاییدا، ئیمۆجی باوەشی خۆشەویستی🥰 یان (نیشاندانی هاوسۆزی) دێت، بەکارهێنانی ئەو ئیمۆجیە، لە هەموو نموونەکانی توێژینەوەدا، و لە هەموو پۆستەکان دا، ژمارەی کارلێکی وەرگر لەگەڵ بابەتەکان، بە ڕێژەیەکی کەم و دیاری کراون، کە لە نێوان (1) تا (61) ئیمۆجی دەبێت.

**خشتەی17دابەشکردنی پۆستەکان بە گوێرەی ژمارەی کۆمێنتەکان**

| ریزبەند | دابەشکاری ژمارەی کۆمێنتەکان | ژمارەی پۆستەکان |
|---|---|---|
| زۆرترین | 1000 تا + | 15 |
| زۆر | 600 تا 1000 | 23 |
| ناوەند | 200 تا 599 | 48 |
| کەم | 100 تا 199 | 66 |
| کەمترین | 0 تا 99 | 407 |
| کۆی گشتی | | 568 |

خشتەی سەرەوە ریزبەندی تێکڕای پۆستەکان دیاری دەکات بە گوێرەی ژمارەی ئەو کۆمێناتانەی بۆیان چووە (لە سفرەوە تا سەرووی هەزار)، لە زۆرترینەوە بۆ کەمترین، کراوەتە پێوانەی دابەشکاریەکە، بە گوێرەی ئەو دابەشکاریەی لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو، لە تێکڕای پێگەکان دا (15) پۆست زۆرترین کۆمێنتیان بۆ چووە، کە ئەو ژمارەیە دەبنە نموونەی کۆکردنەوەی داتا و شیکاری کردن بۆ ناوەڕۆک و ئاست و ئاراستەی کۆمێنتەکان. ژمارەی

ئەو پۆستانەی لە خانەی (زۆرترین) دا هاتوون بەم شێوەیە بەسەر پێگەکاندا دابەش دەبن، وەک لە خشتەی خوارەوە روون دەکرێتەوە.

**خشتەی 18 دابەش بوونی پۆستەکان بە سەر پێگەکان**

| ناوی پێگەکان | ژمارەی کۆمێنت | ژمارە |
| --- | --- | --- |
| Politic Press | 1,350 | 2 |
| Diplomatic | 2,600 | 4 |
| Bwar Media | 1,200 | 2 |
| Standard Kurd | 1,500 | 2 |
| Xor | 1,800 | 1 |
| Malik مەلیک | 2,300 | 4 |
| کۆی گشتی | 10,750 | 15 |

وەک لە خشتەی سەرەوە دیارە، تەنها Xor یەک پۆستی لە خانەی زۆرترین ژمارەی کۆمێنت دا هەیە، لە ئەوانەی دیکەشدا تەنها ئەو پۆستە وەک نموونە هەڵدەبژێردیت کە زۆرترین کۆمێنتی بۆ چووە، لە Diplomatic و مەلیک-Malik کە هەریەکەیان (4) پۆستیان بەردەکەوێت، لە هەریەکەیان تەنها (1) پۆست دیاری دەکرێت، هەروەها لە Politic Press، Bwar Media و Standard Kurd کە هەریەکەیان (2) پۆستیان بەردەکەوێت، لە هەر یەکیان ئەو پۆستە دیاری دەکرێت کە زۆرترین ژمارەی کۆمێنتی بۆ چووە، لە خشتەی خوارەوە پۆستە هەڵبژێدراوەکان بە ژمارەوە دیاری دەکەین.

لە Politic Press لە رۆژی 23/6/2022 راستەوخۆیەک بڵاوکراوەتەوە و دواتریش لە شێوەی پۆستێک بڵاوکراوەتەوە ژمارەی کۆمێنتەکانی بە هەردوو پۆستەکەی دەگاتە(1350)، بەو ناونیشانە: بەرپرسێک لەهەولێر 47 مۆلیدەی هاووڵاتیەک دەسوتێنێت، قائیمقامیش دەڵێت لەسەری برۆی پشتت دەشکێنم.

Diplomatic لە رۆژی 23/6/2022 پۆستێکی بڵاوکردۆتەوە کە بریتیە لە پۆستەرێک بەو ناونیشانە: د. رێواز فایەق، بۆ ماوەی دوو مانگ پشوو وەردەگرین. ئەو پۆستە (2,600) کۆمێنتی بۆ نووسراوە.

Bwar Media له 23/6/2022 بابەتێکی بەناوی: ئەو پێشمەرگەیەی چاکەتەکەی بایی 63 وەرەقەیە و کلیکی چارەسەری کێشەی بەنزینی لایە. بە (1,200) لایک لە پلەی یەکەم دێت.

Standard Kurd لە 15/6/2022 پۆستەرێک بڵاوکراوەتەوە: عەلی باپیر، هۆشدای دەدەمە دەسەڵاتداران کۆتایی بە ستەم بێنن. ئەو پۆستە (1,500) کۆمێنتی بۆ نووسراوە.

Xor لە رۆژی 3/6/2022 بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: عەلی باپیر باری دەروونی تێکچووە و هەرەشەی تەڵاقدانی لە ژنە تازەکەی کردووە. (1,800) کۆمێنتی بۆ نووسراوە.

مەلیک-Malik پۆستەرێکی بڵاوکردۆتەوە: قوباد تاڵەبانی، "لە وڵاتێکدا دەژین لە 366 رۆژدا 330 رۆژی خۆر لە ئاسماندایە، بۆیە دەتوانین سود لە تیشکی خۆر وەربگرین". ئەو پۆستە (2,300) کۆمێنتی بۆ نووسراوە.

تێبینی: ئەو پۆستانە و ژمارەی ئەو کۆمێنتانەی بۆیان هاتووە، لە مێژووی دیاریکراو بە وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەیە لە 1/6/2022 تا 1/7/2022، چونکە بەهۆی کارلێکی بەردەوامی وەرگر لەگەڵیان، بەردەوام ژمارەکان گۆڕانیان بەسەر دادێت.

**خشتەی 19 جۆری کۆمێنتەکان ڕووندەکاتەوە**

| پێگەکان / کۆمێنت | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک Malik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ڕەخنەی جدی | 15 | 1 | 0 | 0 | 2 | 0.10 | 11 | 0.25 | 9 | 1 | 71 | 2 | 104 | 0.50 |
| گاڵتەپێکردن | 105 | 8 | 2,493 | 44 | 674 | 33.90 | 1303 | 27 | 1454 | 35 | 1667 | 40 | 7,696 | 35 |
| جوێندان | 829 | 56 | 2,109 | 38 | 786 | 38 | 647 | 14 | 1503 | 37 | 1192 | 28 | 7,066 | 32 |
| تووک لێکردن | 245 | 16 | 483 | 8 | 228 | 11 | 157 | 3.75 | 79 | 2 | 321 | 8 | 1,513 | 6.50 |
| جۆری تر | 290 | 19 | 532 | 10 | 349 | 17 | 2,596 | 55 | 1,048 | 25 | 903 | 22 | 5,718 | 26 |
| کۆی گشتی | 1484 | 100 | 5617 | 100 | 2039 | 100 | 4714 | 100 | 4093 | 100 | 4154 | 100 | 22,097 | 100 |

لە نێو کۆی گشتی ئەو کۆمێنتانەی لە نموونە هەڵبژێرداوەکان، جۆری گاڵتەپێکردن لە ناو کۆمێنتەکاندا ڕێژەی (35%) بەرکەوتووە، بۆیە لە پلەی یەکەم دێت.  بە ڕێژەی (32%) و لە پلەی دووەمدا جوێندان دێت. لە پلەی سێیەمیشدا جۆرەکانی دیکەی کۆمێنت دێت کە لە نێو ئەو خشتەیە پۆلێن بەند نەکراون بە ڕێژەی (32%). لە دواین پلە و بە ڕێژەی (0.50%) ڕەخنەگرتنی جدی دێت.

گاڵتەپێکردن لە ڕێگای نووسینی کۆمێنت (تێچینە)، بەهەمان شێوەی بەکارهێنانی ئیمۆجی پلەی یەکەمی گرتووە، وەک لە خشتەی (14) ڕوونکراوەتەوە. جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی ئیمۆجی پێکەنین (گاڵتەکردن و گاڵتەپێکردن) لە ڕێگای نووسینی کۆمێنت، لەوەدایە، کە بە نووسین لە ڕێگای وشە و دەستەواژەی جیاوازەوەیە، هەروەها بە ئاست و شێوازی جودایە، لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی زبر، هەندێکجار بە گۆڕینی شێوازی دەربڕینی وشەکان و هەندێکجاریش لە ڕێگای ئەو ئیدیۆمە باوانەی ناو کۆمەڵگە کە ڕۆژانە لە سەر زاری خەڵکن.

لەو پۆستەی Standard Kurd <u>(هۆشداری دەدەمە دەسەڵاتداران کۆتایی بە ستەمکردن بێنن)</u>، لە کارلێکی وەرگران لە ڕێگای کۆمێنتەوە، ئەو هۆشداریەی (ع.ب) سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان، بە بابەتێکی دیکە گرێدراوە کە ژنهێنانیەتی بۆ جاری چوارەم (ژنێکی کۆچی دوایی کردووە و ئێستا سێ ژنی هەیە)، پەرچەکرداری وەرگران و کۆمێنتەکانیان کە زۆرینەیان گاڵتەکردن و گاڵتەپێکردنە، لە دوو ڕووانگەوەیە، یەکەمیان پاڵنەرێکی سیاسیە، کە هەوڵدەدرێت بابەتی ژنهێنانەکەی بکرێتە کەرستەیەک بۆ هێرشکردنە سەری و نیشاندانی وەک کەسێکی نا دادپەروەر کە کەوتۆتە بن کاریگەریی غەریزە سێکسیەکانیەوە. دووەمیان، ئەو کەسانەن کە لە ڕێگای گاڵتەپێکردنیەوە، بەگژ پرسی فرە هاوسەری دادەچنەوە، کە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا قەدەغە کراوە یاخود سنووردار کراوە، بەڵام ئاینی ئیسلام ڕێگای پێداوە، کە ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، و یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسادانان. کارلێکی وەرگران لەگەڵ ئەو پۆستە (ناونیشانە) لەو چەند نموونەیە کوردت دەکەینەوە:

- <u>ئەگینا ژنی پێنجەم و شەشەم دەهێنی؟</u>

- خۆت سەخلەت مەکە بۆت باش نیە تازە زاوە 😆.
- دەسەڵات ئاگادارت دەکاتەوە کۆتایی بە ژنهێنان بێنە.
- تۆش ستەم لە سەر ژنان لادە ئەوەندە خەریکیانی.
- تو ئەو خوایە تۆش واز لە ژنهێنان بێنە.
- وەڵا هەقە ئەگەر کۆتایی بە ستەم نەهێنن تۆش هەڵوێست وەربگریت و ژنێکی تر بهێنی.
- (ع.ب) ژمارەی ژنەکانی زیاترە لە ژمارەی کورسیەکانی لە پەرلەمان.

لە بەرامبەر ئەو پۆستەرەی Diplomatic (بۆ ماوەی دوو مانگ پشوو وەردەگرین) درێژەی هەواڵەکە بەو شێوەیە لە سەرەوەی پۆستەرەکە داندراوە (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:"ئەگەر شتی پێویستمان لە بەردەست نەبێت، پشووی پەرلەمان لە 1/7 دەستپێدەکات و تاوەکو 1/9 بەردەوام دەبێت".) کارلێکی وەرگران بە شێوازی گاڵتەپێکردن لە ڕێگای نووسینی کۆمێنتەوە، ئاراستە و شێوازی جیاوازیان وەرگرتووە، لە شێوازی ڕستەی پرسیاری یان ڕشتەی سەرسوڕمان یاخود هێنانەوەی نوکتە یاخود پەلارلێدان، وەک ئەو نموونانە:

- دەسکەنەی نۆکتان کردووە؟
- چیای سەفینیان رووخاندووە!
- خەوتە دەمیَ ژ خەویَ رابووی گوت ئەزیَ وەستیایمە دیَ بێهنا خۆ ڤەدەم!
- ناسیاوەکی سەقزیم هەیە، تەلەفۆن بۆ کرد وتم کاک حسێن دەنگوباسی فاروقی برات، وتی تا نێوەڕ دەخەویَ و دوای نیوەڕۆش ئیسراحەت دەکات.
- بە هیوای پشوێکی خۆش جەنابی سەرۆک پەرلەمان، سوپاس لۆ ئەو هەموو ماندوبوونەتان، کە زەحمەتان کێشا زۆر کار ئاسانیتان کرد لۆ خەڵکی هەژار، خەڵک ئاوی هەیە، سرەی بەنزین ناگرن، کارەبا فولە، ئیشوکار زۆرە، معاش لە کاتی خۆی

دەدرێ، بەس توخوا زوو دەست بە کۆبوونەوەکانتان بکەن چونکە زۆر غەریبیتان دەکەین، چونکە نازانین بە کێ پێبکەنین 😆😆.

لە بەرامبەر پۆستەکەی مەلیکMalik دا (لە وڵاتێکدا دەژین لە 366 رۆژدا 330 رۆژ خۆر لە ئاسماندایە، بۆیە دەتوانین سوود لە تیشکی خۆر وەربگرین) پەرچەکردارەکان لە شێوەی کۆمێنتی گاڵتەپێکردن، لە دەستکاری کردن و گۆڕینی ناو و پاشناو، هەروەها نیشاندانی کەم زانیاری قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرفەت وەرگرتن بۆ هێرشکردنە سەر حکومەت هەروەها کەسایەتی خۆی، وەک ئەو نموونانەی خوارەوە:

- باوکەرۆ بلیمەتیت😊.
- ئەدیسۆن تالەبانی.
- تۆ وەرە جێگری سەرۆکی حکومەت بی و بە ئێمە بڵێی پێویستە سوودی لێ وەرگرین، کێ دەستی گرتووی؟.
- توخوا ئەمە شەهادەشی هەیە، ئای خوێندەواری بۆ رۆژێکی ئەوها باشە.
- دوای پەنجا ساڵ تەمەن تازە زانیوتە خۆر بە ئاسمانەوەیە، هەی.......
- ئەتو گەلەک گەلەک مهیمی عەبقەری، زوو زوو لەشتان تێدەگەی.
- دەی خۆرەکەش بدزن.
- خوا روحمی کردووە دەستان بەخۆر ناگات، یەگینا ئەویشتان ئەدزی و بە میللەتن دەفرۆشتەوە.
- زۆر راستە بەتایبەتی لۆ جل وشکردنەوە.
- لۆ نانەقەیسی باشە.
- بۆ بامیە وشکردنەوە باشترینە.

جوێندان لە رێگای کۆمێنتە، لە خانەی دووەمەوە دێت بەجیاوازی (3%) لەگەڵ پلەی یەکەم کە گاڵتەکردنە، هەندێکجار ئەو دوو شێوازە تێکەڵن و لە یەک کۆمێنتدا هەردووکیان

بەکارهاتوون، بۆ لێک هاوێرکردنیان ئەو کۆمێنتانەی بە گاڵتە دەستیان پێکردبێت و بەجوێن کۆتایی هاتبێت، لە خانەی گاڵتەپێکردن هەژمار کراوە، ئەوەش هۆکارێکە لە دروستبوونی ئەو جیاوازیە بچووکە، وەک ئەو چەند نموونەیە:

-سی و دوو ساڵ تازە بیر لە تیشکی خۆر دەکەنەوە، ترحێو گوێرەکە.

-وەی لەو عیلمە داوەشێی زەلام.

-تۆش کە تێر دەبی لە فرە ژنی ئینجا سواری سیاسەت دەبی 😊

جوێندان لە ڕێگای کۆمێنتەوە، لە بۆچوونی سیاسی و نزای ئاینی و پەندی پێشینان و نوکتە موتربە کراون، ئەو جۆرە جوێندانانە بەرچاون لە Politic Press، Bwar Media و Xor کە لە نموونەی توێژینەوەدا زۆرترین ژمارەی جوێندانیان لە ڕێگای کۆمێنتەوە لەخۆ گرتووە: لە Politic Press لە بەرامبەر ئەو پۆستە (بەرپرسێک لە هەولێر 47 مۆلیدەی هاولاتیەک دەسوتێنێت، قایمقامیش دەڵێت لەسەری برۆی پشتت دەشکێنم) پەرچەکردارەکان لە ڕێگای جوێندانەوە بە نووسینی کۆمێنت بەو شێوەیەن:

- هەر دەم و قەپۆزی دیارە زەلامێکی دەگگەچیە.
- تف لە حوکمی کوردی خۆزگە هەرنەمان دیتبان.
- شار بێ حاکمە بۆتە مافیاگەرایی، قایمقام ئەوها بێت دەبێت دز و جەردە و تاوانبار چ بکات؟.

-ئەو پەندی پێشینانە زۆر جوانە بۆ ئەو حالەتە وتراوە (تا ساحێب ماڵ دزی گرت دز ساحێب ماڵی کردە سجنەوە) خۆش حکومەت!

-ئینشاالله ماڵ و منداڵیان حیز و دز ئەبن.

-دنیا ئەوهایە ماسی گەورە ماسی گچکە دەخوات.

-هەر قافڵەیەک پێشەنگی کەر بێت بێگومان دەبێت توشی زەرەر بێت.

کارلێکەکان لەگەڵ پۆستە هەڵبژێردراوەکەی Bwar Media (پێشمەرگەیەک چاکەتەکەی بایی 63 وەرەقەیە) بە ئامانج گرتنی ئەندامێکی ماڵباتێکی سیاسی ناسراوی کوردستانە، کوڕی فەرماندەیەکی سەربازی و نەوەی یەکێک لە سەرکردە دیارەکانە، بۆیە جوێندانەکان لە سەر هەموو ئاستەکاندا تێکەڵ بە سیاسەت و پرسی حوکمڕانی کوردستان کراون:

–ئەو هەموو دزوحیزە راست بوونەتەوە لەو میللەتە.

–پیرۆزی بێت قەومێکی گێلیان دەست کەوتووە.

–پێشمەرگەی خۆنواندن، ئەمە جاش مەرگەیە.

–دەک رووی رەش بێت.

–خۆ کەسیان ناوێکی کوردیان نیە، تۆ بڵێی لە رەچەلەکدا کورد بن.

–کوردستان باشترین شوێنە بۆ راوە دۆلار.

–بەس خۆی پێشمەرگە نیە، بە بنەماڵە پێشمەرگەن بۆ دزی.

–ئەم جەربوعەش هاتە ناو کوردایەتی، 10 ملیار ئەکەوێت لە سەر میللەت.

لە پۆستەکەی Xor کە بابەتێکی هەڵبەستراوە لە سەر ژیانی تایبەتی عەلی باپیری سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان (عەلی باپیر باری دەروونی تێکچووە و هەڕەشەی تەڵاقدانی لە ژنە تازەکەی کردووە)، لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی پارچە ڤیدیۆیەک لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا، ئاشکرا بوو کە عەلی باپیر بۆ جاری چوارەم هاوسەرگیری کردووە، لەگەڵ کچێک کە جیاوازی تەمەنیان زۆرە، ئەوەش کاردانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، پێگەی Xor بە دەرفەت وەرگرتن لەو دەنگدانەوە میللەیە، ئەو بابەتەی لە شێوەی چیرۆک ێکی هەڵبەستراو جارێکی دیکە وروژاندۆتەوە، لە کاردانەوە لەبەرامبەر ئەو پۆستەدا جوێندان لە ڕێگای کۆمێنت، ڕەهەندێکی جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی تر وەرگرتووە، لێرەدا بە دوو ئاراستەی دژ بەیەکە، واتا کۆمێنتارەکان بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک دابەش بوون، بەرەیەکیان جوێن بە (ع.ب) دەدا و بەرەکەی تریش لە بەرگریکردنیان لێیەوە جوێن بەوانەی دیکە دەدەن، وەک ئەو نموونانە:

-لێی تێکچووە کچەکە پێی گوتووە باپیرە مامۆستاش بەو قسەیە تورە بووە.

-ئەرێ مامۆستا ژنی هێناوە نەیگواستوتەوە کەچی ئێوە دوو گیان بوون😀.

-بۆ باری دەروونی تەواو بوو کە مارەی کرد؟

-زۆر زۆر تەواو بوو، خۆ کابرا چاوی لە ناموسی کەس نیە بە حەلالی ژنی هێناوە نەک هەر رۆژە و لە سەر مێزێک بێت.

-خوای گەورە کەس نەکات بە مەخسەرە خۆشی نازانێت چی ئەکات.

-ئێوە هەموو سنوورێکی بێ ئەخلاقیتان تێپەڕاندووە، بەو نووسینە بێ بنەما و درۆیانە کۆیلەی زۆر هیچ و پوچن.

لە نێو ئەو کۆمێنتانەی جوێن لە خۆوە دەگرن، جگە لەو پۆلێن بەندیەی لە خشتەکە خراونەتەوە روو، چەند شێواز و جۆری دیکە کۆمێنت، رووبەری گەورەیان لە نێو نموونەکانی توێژیەنەوە گرتووە، ئەو جۆرانە بە ڕێژەی (26%) لە خانەی سێیەم دێت. ئەوانەی لەو خانەیدا جێگایان کراوەتەوە زۆربەیان ئەو کاردانەوانەن کە لە بەرامبەر کۆمێنتەکان کراون لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیمۆجی جۆراوجۆر، کە ئەوانەش بوونەتە بەشێک لە خستنە رووی هەڵوێست و گوزارشت کردن لە بۆچوونەکانیان.

لە پلەی چوارەمدا ئەو کۆمێنتانە دێن کە ناوەڕۆکەکەیان تووک لێکردن یان دوعا لێکردن یاخود نەفرین لێکردن دێت بە ڕێژەی (6.5%) ئەو جۆرە گوزارشتە، کە زیاتر بە سەردەمی کۆنەوە گرێدراوە، و ئەوەی بەو ڕێگایە گوزارشت لە بۆچوون و داوایەکانی بکات لە کوردەواری پێی دەڵێن:"وەک پرۆپیرەژن". واتا باوەڕت بەو جۆرە نزاکردنە هەیە، ئەو شێوازی دەربڕینە زیاتر بەستنەوەی هێنانەدی خۆزگەکانە بەهێزە نادیارەکان (غەیب) هەروەها بەو باوەڕە ئاینیەی کە خودا خراپە و ناعەدالەتی قبوڵ ناکات، لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی و بێ دەسەڵاتیدا تاکە شت کە شایەنی پەنا بۆ بردن بێت خودایە، لە نموونەکانی توێژینەوە هەموو ئەو جۆرە تووک و گوزارشتانە ئامادەییان هەیە:

:Bwar Media

-خودای گەورە تەختیان بکات، یا ڕەب لە هەر پێنج فەرزی نوێژەرکانم لێت دەپاڕێمەوە دەڵێم خودایە لەناویان ببەی.

-خودا لە باوکی خۆت بستێنێ.

-خودای گەورە بەو بەنزینە خۆی و بنەماڵەکەی بسوتێنێ.

:Dipolmatic

-ئەو پارەیەی وەری دەگرن بیدەن بە دەرزی و دەرمان.

-پشووی مەرگتان بێت ئینشائەللا.

-خودا دەوامی عومرتان نەدات.

:Politic Press

-خوای گەورە حەقت لەو زالمانە و لەوانەش دەنگیان پێداون بستێنێ.

-کاول بێت یاخوا

-دواعای بکەن بەغدا دەست بگرێت بەسەر هەموو کوردستان.

لە دواین خانەدا ڕەخنەی جدی دێت بە ڕێژەی (0.5%)، ئەو ڕێژە گچکەیە لە هەبوونی ڕەخنەی جدی لە کۆی پرس و بابەتەکان کە لە ڕێگای پێگە ئەلکترۆنی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەوروژێندرێن، بە بۆچوونی توێژەر بۆ کاریگەریی شێوازی هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانە لەو پێگە هەواڵیانەدا، هەروەها زاڵبوونی زمانی زبرە بەسەر شیوازی گوزارشتەکان، بە هۆکاری تێکەڵبوون و زاڵبوونی بەسەر گوتار و گفتوگۆی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، کە ڕەگ و ریشەیەکی لەمێژینەوەی هەیە، وەک لە (بەشی سێیەم/تەوەری دووەم – دووەم:میدیاو کەلتوور و گوتاری ڕک وکینە) ڕوونکراوەتەوە.

تێبینی/ بەشێکی لەو کۆمێنتانە یان ئەو بابەتانەی لە ڕێگای کۆمێنتەوە بڵاوکراونەتەوە و کاریگەرییان لە سەر بەرزکردنەوەی ژمارەی کۆمێنتەکان هەبووە، بڵاوکردنەوەی ڕێکلام و دانانی لینک و ناونیشانی (پەڕە Page و هەژمار Account)ی دیکە، کە زۆربەیان بازرگانین یاخود زانیاری گشتی و ئامۆژگاری ئاینین.

**خشتەی 20 یەکە بەکارهاتووەکانی زمان لە کۆمێنتدا**

| کۆی گشتی | | Malik مەلیک | | Xor | | Standard Kurd | | Bwar Media | | Diplomatic | | Politic Press | | پێگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | یەکە |
| 5 | 484 | 5 | 107 | 3 | 62 | 5 | 65 | 7 | 87 | 6 | 146 | 2 | 17 | وشە |
| 6 | 676 | 4 | 87 | 5 | 93 | 4 | 59 | 11 | 136 | 10 | 263 | 4 | 38 | دەستەواژە |
| 15 | 1563 | 16 | 365 | 16 | 285 | 10 | 157 | 17 | 203 | 15 | 402 | 15 | 151 | رستە |
| 74 | 7687 | 75 | 1741 | 76 | 1360 | 81 | 1219 | 65 | 774 | 69 | 1789 | 79 | 804 | پەڕەگراف |
| 100 | 10,410 | 100 | 2300 | 100 | 1800 | 100 | 1500 | 100 | 1200 | 100 | 2600 | 100 | 1010 | کۆی گشتی |

لە روونکردنەوەی پێکهاتەکانی ئەو زمانەی لە نووسینی کۆمێنتەکاندا بەکارهاتووە، وەک لە خشتەی سەرەوە دیارە، لە یەکەکانی زمانی بەکارهاتوودا، کۆمێنتاران لە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (74%) بە نووسینی پەرەگرافێک گوزارشتیان لە بۆچوونەکانی خۆیان کردووە، هەروەها لە پلەی دووەمدا رستە بە ڕێژەی (15%) دێت، بە دوای ئەویشدا بەکارهێنانی دەستەواژە بە ڕێژەی (6%) لە پلەی سێیەم و بەکارهێنانی وشە بە ڕێژەی (5%) لە پلەی کۆتایی دێت.

لە دابەشکردنی یەکەکانی زمان، وشە بچووکترینیان و بە دوای ئەویش دەستەواژە دێت کە هەندێکجار لە وشەیەک، یان دوو وشەی لێکدراو یان زیاتر پێک دێت، دەنگێکی تایبەت دروست دەکات، هەروەها لە ئاواز و شێوازی دەربڕینی وشەکانیشدا، کە واتاییێکی روون دەبەخشێت، وەک (فشەفش، ناهۆشیار، ئاشبەتاڵ، دەم رووت)، یەکەی رستە کە لە ڕێگای ریزکردنی چەند وشەیەک واتایەکی تەواو بە دەستەوە دەدات، پەرەگرافیش گەورەترین پێکهاتەی یەکەکانی زمانە، لە پێناسەکانی پەرەگرافدا ئەوە روونکراوەتە کە پەرەگراف بریتیە لە 100 بۆ 200 وشە، یان لە نێوان 5 بۆ 7 رستە. هەندێک بۆچوونی دیکەش هەنە کە دەڵێن پەرەگراف پابەند نیە بە ژمارەی وشە و رستە بەڵکو مەرجی سەرەکی هەبوونی بیرۆکەیەکی روون و دیارە (Grammerly 2020)لە پۆلێنکاری ئەو خشتەیەدا، هەموو ئەو کۆمێنتانەی لە یەک رستە زیاتر پێکهاتوون لە خانەی پەرەگراف جێگایان کراوەتەوە.

لە ناوەڕکی ئەو کۆمێنتانەی لە شێوەی پەرەگرافدا کارلێکیان لەگەڵ بابەتەکان هەبووە، بەسەر چەند بیرۆکەی سەرەکی دابەش بوون وەک، ململانێی سیاسی، دابەش بوونی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ئیدارە و دوو حیزبی دەسەڵاتدار، نادادپەروەری (ناعەدالەتی)، گەندەڵی، حوکمڕانی و بەستنەوەی بابەتەکان بەلایەنی هێزی نادیار (غەیب) کە دەکرێ ئەوەیان وەک نیشاندانی بێ ئومێدی تاکەکان لێک بدرێتەوە کە بۆ وەدیهێنانی خۆزگەکانیان پێویستیان بە هێزێکی گەورەتر هەیە لەو هێزە ناسراو و بیندراوانەی مرۆڤ هەیەتی، لە ژمارەیەکی زۆری پەرەگرافەکاندا زیاتر لە بیرۆکەیەک جێگای کراوەتەوە، وەک ئەو کۆمێنتەی پێگەی

مەلیکMalik (لەماڵەکەی کاک قوباد(جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بیر لێدەی نەوت دێتە دەرەوە، ئەوجاش گەلەک سوودمان لە نەفت وەرنەگرت، بەتەمای سوود لە وزەی خۆر وەربگرین کە پلان و زانست و پرۆژەی دەوێت،واز بێنە با خۆرەکەشمان لە دەست نەڕوا دەستی مەگەیەنێ) لێرەدا نادادپەروەری و گەندەڵی و حوکمڕانیەکی بێ پلان و پرۆژە جێگای کراوەتەوە، هەر لەو پێگە و هەمان بابەتەوە کۆمێنتارێکی دیکە دەنووسێ:"دەی بزانین بیر لە هەناردە کردنی تیشکی خۆریش ناکەنەوە بۆ ئەوروپا جا تیشکی خۆری ئەو دیو دێگەڵە بەهێزتریشە". لێرەدا دوو بیرۆکەی سەرەکی بەیەکەوە گرێدراون، یەکەمیان هەناردەکردن بۆ ئەوروپا کە ماوەیەک بەر لەو گوتارەی قوباد تالەبانی، هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەر موشەک درا، دواتر ئەو رووداوە بەسترایەوە بەوەی گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە غازی سروشتی هەناردەی ئەوروپا دەکەین، دووەمیان باسکردنی ئەو دیو و ئەم دیوی دێگەڵە ئاماژەیەکی روونە بۆ دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بە سەر دوو دەڤەری سیاسی کە هەریەکەیان لەلایەن حیزبێکی سیاسیەوە حوکمڕانی دەکرێت، هەروەها وەبیرهێنانەوەی شەڕی ناوخۆ (براکوژی)یە، کە هۆکاری سەرەکی ئەو دابەشبوونە جوگرافی و سیاسی و ئیداریەی دروست کردووە.

لە Standard Kurd لەو کۆمێنتە، کە ئاراستەی سەرۆکی حیزبێکی سیاسی کراوە، ململانێی و رکابەرایەتی هەروەها بێ ئومێد بوون بەدیدەکرێت، لەو گوتارەی حیزبەکان بۆ هاندانی خەڵک بەکاری دەهێنن، کۆمێنتەکە وا نووسراوە:"مامۆستا رەحمەتت لێبێت، بنەگوێمان چوو دەگەڵ ئەو قسەی جەنابت، بە دەیان جار گوێمان لێبووە، جەنابت مادەم هەندە خەمی خەلکتانە، لەبەر سیلیتەکانتان مەمێنن و وەرنە سەرجادە و پێش ئەو خەڵکەی بکەون، باشە ئێوەی ئیسلامیش هەر وەڕس نەبوون، هەندەی بەو خەڵکە رابوێرن". لە وەڵامی ئەو هۆشداریەی عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان (هۆشداری دەدەمە دەسەڵاتداران کۆتایی بە ستەمکردن بهێنن) کۆمێنتار دەرفەت وەردەگرێت بۆ ئەوەی بە خەڵک

بڵێت حیزبە ئیسلامیەکان تەنها بریتین لە قسەی بێ کردار و عەلی باپیر کە سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین ئەو حیزبانەیە، کەسێکی چەواشەکارە و بەخۆی لە ژیانێکی خۆش دەژێی و بەخەلکیش رادەبوێرێ. لە کۆمێنتێکی دیکە لە بەراوردکردنی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، دەسەڵات هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ئەوەی ددان بەوە دادەنێت کە ناعەدالەتی و دزی هەیە، بەڵام لەوە باشترە کەسانێک بێن و بەناوی ئیسلام خوشک و دایکمان و ژنمان مارە بکەن (هەتیو تۆ بێیتە سەر حوکم دایک گشتمان مارە ئەکەی، قەینا با پارتی و یەکێتی بمان کوژن، بمرین لە برسا، با هەرچی هەیە بیدزن، بەس نیە نایەن خوشک و دایکمان و ژنمان مارەکەن لە ژێر ناوی ئیسلاما).

بەشێکی دیکەی کۆمێنتەکان تەنها یەک بیرۆکەی سەرەکیان لە خۆ گرتووە، بەڵام لە شێوازی دەربڕین جیاوازن، لە ئاستی بەکارهێنانی زمان زبر، لە کارلێک لەگەڵ پۆستەکەی Politic Press زۆر لەو جۆرە کۆمێنتانە بەرچاو دەکەون (سەرسەری بیت، خوێری بیت، حیزبیت، بەس کەسوکار و عەشرەتت پشتت بگری، هەزار تاوان بکەیت حاکم ناتوانێت لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێت، ئەمرۆ ئاوایە) یان (سەیری ئەو هەموو فرعەون و خولە چەخماخە و کەمال و مارفە لەم کاو بووە بوون بە عەنتەر) هەردووکیان یەک مەبەستیان هەیە، ئەویش وا نیشان بدەن کە ئەو وڵاتە بەرەڵلاییە و یاسای جەنگەڵ تێیدا پەیرەو دەکرێت (بەهێز بێهێز دەخوات – مانەوە بۆ بەهێزەکانە). هەروەها لە Diplomatic لە بەرامبەر لێدوانێکی ئاسایی سەرۆکی پەرلەمان کە وەک هەموو خولەکانی دیکە و لە ماوی سی ساڵی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، ساڵانە بۆ ماوەی دوومانگ پشوو دەبێت لە 1ی تەمووز تا 1ی ئەیلول، بەڵام بەشێکی زۆری کۆمێنتەکان، هێرش کردنە سەر سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە بە زمانێکی زبر (بەخێر نەیەییتەوە ماشاللاتان لێ نەبێت، ئەوەندەتان کار کردوە لە پەرلەمان پێویستان بە پشووە، خوا بتان برێت، بۆ چ پەرلەمانێکن، پیسترین و گەندەلترین خولی پەرلەمان) و (هەی داوەشێی قورت شێلایە، دوو مانگ پشووی هاوین و زستان و بەهاری بە 8 ملیۆن، واللە زۆر جوانە).

ئەو کۆمێناتانەی لە رستە پێکهاتوون لە خانەی دووەمدان لە رێژەی زۆری بەکارهێناندا، لە رووی ناوەڕۆکەوە جیاوازیان نیە، لەگەڵ پەڕەگرافەکان، لە Bwar Media لە بەرامبەر ئەو پۆستەی زۆرترین کۆمێنتی بۆ هاتووە (ئەو پێشمەرگەیەی چاکەتەکەی بایی 63 وەرەقەیە) کۆمێنتەکان بەو شێوەیەن (خوا لەناویان با)، (لەسەر حیسابی میللەتی کورد)، (واللە بە بنەماڵە دز و چەتە و رێگر بوونە)، (خۆش دەژین لە سەر گیرفانی میللەت) و (قوڕ بەسەر خۆم و نەوەکانم) مەبەستی هەموو ئەو کۆمێنتانە دەکرێت بەو شێوەیە کوورت بکرێتەوە، دەسەڵادارانی ئەو وڵاتە دز و جەردەن و هەرگیز دۆخەکەش لەوە باشتر نابێت، بۆیە قوڕ بەسەر نەوەکانی داهاتوو، واتا نەمانی ئومێد و باوەڕنەبوون بە سبەینێ (دوارۆژ). لە Politic Press بەشێک لە کۆمێنتەکان وەک تەواوکەری پرۆسەی بێ ئومێدکردنن (لەناو جەردە دا جێت نیە)، (گەنجی کورد بۆیە خۆیان ئەدەن بە ئاوا)، (اکبر کەسیت هەیە چت داوە لە هەولێر، باژۆ برا باژۆ) و (مۆلیدەکەت بفرۆشە برۆ بۆ خاریج) واتا تاکە چارەسەر بەجێهێشتنی ئەو وڵاتەیە و جێگای ژیان و گوزەرانی تێدا نەماوە.

لە خانەی سێیەمدا، بەکارهێنانی دەستەواژە دێت، کە دۆخی دەروونی تاکەکان لە بەرامبەر بابەتە بڵاوکراوەکان نیشان دەدات، دەستەواژەکان هەمەجۆرن چ لە شێوەی پێکهاتەیان یاخود دەربڕینیان و گۆکردنیان، ئەمانە نموونەی بەشێکن لە نموونەی ئەو کۆمێنتانەی لە رێگای ئەو دەستەواژانە کۆمێنتارەکان گوزارشتیان لە بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان کردووە، گوازرشتە بەکارهاتووەکان بە سەر چەند جۆرێک دابەش دەبن، هەندێکیان ئەو گوزارشتانەن کە لە وشەیەکی دووبارە بە هاوکاری وشەیەکی تر پێکهاتووە، وشەکە بەتەنیا زۆرجار واتا نادا، بەڵام بە دووبارە بوونەوەی واتایەک دەبەخشێت (تەتەو، فسفس پاڵەوان، لاژەلاژ، فشەفش، کەرەکەر، چەنەچن، فلتەفلت، ترەتڕ، کەس بەکەس نیە، رەوەڕەو). بەشێکی دیکەیان بریتیە لە وشەیەک، یاخود پاشگرێک یان پێشگرێکی بۆ زیاد دەکرێت، بەو شێوەیەش لە دووتوێی واتای رەسەنی وشەکە دەچیتە دەرێ و رستە و واتایەکی نوێی لێ دروست دەبێت (داوەشێی، درۆزن، فەنتەلوس، ترحێو، کلاوچی، تۆپچی، تیاح، پەکوو، پیاح، نابابە، هۆسەیە، فت، خەلەفاو،

شەهوەتباز، منداڵباز، هەتیوباز، تۆپلی، کەوانیە، لەودرۆیەی، بێ مێشک، عالۆری، بێ غیرەت، بێ عیزەت، ترکەن، ژنانی، بێ دین، دەبخۆ، دەوس، فشەلۆگ، بە گوونم، بێ شعور، بێ کەلک، گەماڵ، لە دواوە)

هەندێکی دیکەیان لە دوو وشەی لێکدراو یان زیاتر پێکدێن (فت کرا، فیلمی هیندیە، باوبژە، پشەبایەکە، بنباڵگەرم، بەس برێسە، چەورەخۆر، مێباز، منداڵباز، کلاوچی، سەختەچی، شەهوەتباز، ملەستوور، چروچاو، سەگباب، قەحپەباب، موونەرم، مێروەسوور، بێ مێشک، ئاشبەتاڵ، لێدە عەلۆ، پاڵەوانی کارتۆنی، ناپیاو، چاوحیز، داک حیز، قونقاز، دەودۆلکە، گای پیرە، پیرەقۆتر، پێش دەرکە، پێش دز، گووخۆر، هەر بوەرە، تەقەی سەری دێ، مافیاگەرایی، قەحپەخانە،چاوحیز، چاوباشقاڵ، چاوپووت، چاوشۆر، داوێن پیس، ناپاک، ناجسن، نارەسەن، چروچاو، قەپۆزحیز، کونەبا، لە قەبرت بەم، گەوادیخانە، گەماڵ باوک، گەندەخۆر).

ئەو کۆمێنتانەی بە تەنها یەک وشە نووسراون، کەمترین ڕێژەیان وەبەر دەکەوێت، کەمی ڕێژە و ژمارەی وشەکان پێوەر نین بۆ بەهێزی و بێهزی گەیاندنی پەیامی مۆکێنتاران، زۆربەی ئەو وشانەی بەکارهاتوون، تیژ و رک و ڕاست، زۆرترین وشەی بەکارهاتوو ئەمانەن (درۆ، دز، گەواد، گەندەڵ، مافیا، جەردە، بەرەللا، یەع، وەعە، هرە، مراوی، هۆش، چەغە، هێستر، کۆیلە، حیز، دەعبا، درندە، لوسکە، فیرعەون، مەخسەرە، چەتە، نۆکەر، گەمژە، قەشمەر، مالۆس، خوێری، تۆری، قۆتر، ماکەر، کەرە، بەراز، کافر، گدیش، تەرەس، فەعۆ، تەعۆ، جرت، شیر، بەڕاست، مانگا، دێڵەسەگ، داوەشێی، قسەزل، زلۆ، ملەوەز)

بەشێک لەو وشانەی بەکارهاتوون، هیچ مانایەکی زمانەوانیان نیە، تەنها دەربڕینی دەنگێکی تایبەتە بۆ مەبەستێکی تایبەت کە واتاکەشی دەوەستێتە سەر شێوازی گۆکردن و دەرچوونی لە دەم، بۆیە بەلاسایی کردنەوەی دەنگەکە، زۆرێک لە کۆمینتاران وشەکانیشیان نووسیوە بە وەستان و توندکردن لەسەر پیتێک، کە بەهۆیەوە دەنگە تایبەتەکە دروست دەبێت و واتای وشەکە دەگات (ترڕڕحێو، جرڕڕڕت، شیرڕڕ، یەعععع، وەعععەە، هرڕڕە، هۆۆۆش). هەندێک وشەی دیکە وێچواندنە بە هەندێک ئاژەڵی دیاری کراو، کە لە ئەدەبیاتی گەلەری و کۆبیری

گشتی واتای تایبەت دەبەخشن (هێستر، مالۆس، مانگا، دێڵەسەگ، مراوی، ماکەر، کەرە، بەراز). ژمارەیەک وشەی دیکە بەکارهاتوون کە هیچ مانایەک نابەخشن بەڵام دەرهاوێشتەی ژیانی رۆژانەیە و کۆمەڵگە واتای پێ بەخشیوون، هەندێکیان زۆر لۆکالین و تایبەتن بە شارێک یان ناوچەیەکی دیاری کراو (فەعۆ، تەعۆ، ملەوەز) بەشێکیشیان لە جوگرافیایەکی فراوانتر بەکاردەهێندرێن (گدیش، زلە، تەرەس، قەشمەر، مەخسەرە، لوسکە). ئەوانەی دیکە بە رێژەیەکی زۆرتر بەکارهاتوون، کۆمەلێک وشە و رستەن کە لە یەک کاتدا واتا و لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەخلاقیان لە پشتەوەیە (دز، درۆ، گەواد، مافیا، گەندەڵ، کافر). خاڵی هاوبەشی هەموو وشانەی کە بەکارهاتوون، بە ئامانجگرتنی کەسەکەیە، و هەندێک جاریش کۆمەڵێک کە لە ناو هەمان بازنەدا بن، حیزب، کۆمەڵە، دامەزراوەی سیاسی و سەربازی و سڤیل و حکومی و نەتەوە و گەل.

**خشتەی 21 لایەنی بە ئامانج گیراو لە کۆمێنتەکان**

| پێگەکان / لایەنی بە ئامانج گیراو | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| کەس | 174 | 19.5 | 1004 | 66 | 776 | 64 | 751 | 65 | 823 | 64 | 794 | 59 | 4322 | 58 |
| خێزان | 61 | 6.5 | 57 | 3.5 | 151 | 12 | 109 | 9 | 224 | 18 | 73 | 5 | 675 | 9 |
| حیزب | 64 | 7 | 32 | 2 | 74 | 6 | 53 | 4.5 | 37 | 3 | 16 | 1 | 276 | 3 |
| دامەزراوە نیشیمانیەکان | 501 | 54 | 335 | 23 | 56 | 4 | 98 | 8 | 76 | 6 | 276 | 21 | 1342 | 18 |
| نەتەوە | 55 | 6 | 43 | 2.5 | 71 | 5 | 67 | 6 | 54 | 4 | 46 | 3 | 336 | 5 |
| نیشتیمان | 63 | 7 | 52 | 3 | 98 | 8 | 87 | 7.5 | 66 | 5 | 146 | 11 | 512 | 7 |
| کۆی گشتی | 918 | 100 | 1523 | 100 | 1226 | 100 | 1165 | 100 | 1280 | 100 | 1351 | 100 | 7454 | 100 |

به ئامانج گرتنی کەسەکان (کەسایەتیەکان) لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (58%)، ڕێژەکە لە کۆکراوەی هەموو خانەکانی دیکە زیاترە. کەسەکان بە شێواز و لە سەر ئاستی جیاواز بە ئامانج دەگیرێن، کەسایەتیەتیان، پێگەی فەرمی و سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی دیارترین ئەو گۆشەنیگایانەن کە تێیاندا کەسەکان بە ئامانج دەگیرێن.

لە نموونەکانی توێژینەوە دا، لە ناوی کەسەکانەوە تا پلەی زانستی و خوێندن و ڕەگەز و ڕەنگی پێست و دەم و چاو و ڕەگوڕیشەیماڵباتی و کار و پلەی وەزیفی بە ئامانج گیراون.

هەڵگێڕانەوەی ناو، یاخود خستنە پاڵ وشەیەکی دیکە بە مەبەستی سووکایەتی پێکردن، نموونەی دیاری ناو کۆمێنتەکانن، لەلایەن کۆمێنتارانەوە، بەوشێوەیە ناوەکان لە کۆمێنتەکاندا هەڵگێڕدراونەتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دا کراوە، (عەلۆ، عەلە، عولە، عەلا، قوبە، قەیات، قۆپاو، ئەستر، ئیستر، ڕێوی، ڕێوۆ) زۆر لە ناو و ناتۆرەی دیکە کە توێژەر بەباشی نەزانی دووبارەیان بکاتەوە چونکە وشەی زۆر ئاست نزم و دوور لە ئەخلاق و ئەدەبی گشتی بەکارهاتوون.

لە کەسایەتی کەمکردنەوە لە ڕێگای سووکایەتی کردن بە کار و ئەرکەکانیان، لە کارلێکی وەرگران لەگەڵ پۆستەکان بە ڕوونی دیارن (جانتاهەڵگر، سفری پاش فاریزەی، کاکی فیتەر، جانتا هەڵگری خاین، جەنابی جانتا هەڵگر، هەی موللا، هەی لە ئیمام، پێشمەشکە، پێشدەرکە، مێشمەرگە، پەرلەمانتێر، تێرلەمان).

لە کۆمێنتەکانی Diplomatic سووکایەتی بە ڕەگەزی کەسی بە ئامانج گیراو (ڕەگەزی مێ) کراوە:

- هەرچەند سەیرت ئەکەم پەرلەمان ئیشی تۆ نیە، تۆ ئەبوو لای خەجێ خان بویتایە بەس گونکت ببڕیایە، شانی تۆ بەس بۆ ئەوە جوانە.
- باشە ئەمە مامانە یان سەرۆکی پەرلەمان داڕزێی.
- بچۆرەوە شیر بە بە گۆلکەکانت سمیتاڵ.
- مانگایە شیر ئەدات، ئیسراحەت ئەکات.
- بەخوای بەیانیان دوو نانی تیری بکەی بۆ پیاوەکەت باشترە.

له Bwar Media و Politic Press و Diplomatic بەهۆی رەنگی پێست و شێوەی دەم و چاو و جەستەی مرۆڤەکان بە ئامانج گیراون و سووکایەتیان پێکراوە.

- هەر بە دەم و قەپۆزیەوە دیارە کلاوچی و قۆڵبڕە.
- ئەم دەم و چاوە ناچێتە ئەقڵمەوە.
- بەخوای بە حەب خۆران دەچی.
- سوورەی پیسیش پەیدا بوو.
- هەی لە مێرووولە سوورە.
- دەڵێی مێرووولە سوورەیە.
- دەڵێی ورچی سێرکی قەڵەو.
- کەپودۆلکە.
- هەی قەڵەو.
- مانگای ئەلبان چاکی دەخوات.

دامەزراوە نیشتیمانیەکان لە پلەی دووەمدا و بە رێژەی (18%) بە ئامانج گیراون، لە نێویاندا دوو گرنگترین دامەزراوەی نیشتیمانی (پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان) رێژەی هەرە گەورەیان بەر دەکەوێت:

- حکومەتان وێران بێت.
- وڵات بێ حاکم و حکومەتە.
- حکومەتی گەندەلی کوردی دەبێ هەڵبوەشێتەوە.
- ئەم وڵاتە بێ ساحێبە دوعا بکەن بەغدا دەست بگرێت بەسەر هەموو کوردستان.
- حوکمی قەرەقوش، دەسەلاتی کورد شێری ماڵ و ڕێوی کۆلانن.
- پەرلەمان داخەن بیکەن بە پرۆژەی مانگا بەخێوکردن.
- بوون و نەبوونتان وەک یەکە، خوا لەناوتان با.
- یاخوا شەرمەزاربن بە خۆتان و پەرلەمانتانەوە وەک شەرمەزارن.
- بۆ خاتری قورئان دەردتان گران بێت، چیتان بۆ میللەت کردووە پشو دەدەن، خودای ئەو میللەتە گەڕ و گوڵتان بکات.
- تف لە خۆتان و پەرلەمانتان.
- رۆژێک دێ لەناو بچن.

له پلەكانی دیكە بە ڕێژەی نێوان (9%) و (3%) خێزان و نیشتیمان و نەتەوە و حیزب بە ئامانج گیراون.

- تۆ باوكت و باپیرەشت هەر جاشبوون، لە شەستەكانەوە جاشیاتەیان هەڵبژارد، تۆش درێژەپێدەری ئەوانی.
- لە بەنەماڵەكەتان دیارە هەر جاش بوونە، هەر منداڵی فەقیرتان داوە بە كوشت، خوای گەورە خۆتان و بنەماڵەتان لەناو ببات.
- وەللا بە بنەماڵە دز و چەتە و ڕێگر بوونە.
- خۆ كەسیان ناوێكی كوردیان نیە، تۆ بڵێی لە ڕەچەڵەكدا كورد بن؟
- میللەت خۆی سەگ و سەگبابە.
- خوای گەورە ئەو كوردە زەلیلتر بكات.
- كورد میللەتێكی خەوتووە.
- تا ئێستا دۆزرابێتەوە.
- تف لە حوكمی كوردی خۆزگە هەر نەمادیتبا.
- كورد و حوكمڕانیان نەگۆتیە.
- ئەو كاولستانە بەجێ بێڵە.
- ئەوە كوردستانە یان گەندەڵستانە.
- لە بەحری ئیجە لاشەكەت ماسی بیخوا لەم حاڵ و وەزعەت باشترە، بڕۆ وڵات بەجێ بێڵە.

لە نێو كۆمێنتەكاندا، پرسی شارچیەتی و حیزبایەتی بە شێوەیكی توند هەیە، بە تایبەتی لە نێوان شاری هەولێر و سلێمانی، كە نوێنەرایەتی دوو حیزب و بۆچوونی سیاسی دەكەن، بە تایبەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی كوردستان لە ساڵی 1991 وە تاكو ئێستا (پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان).

- سەرۆكی حكومەت پێویستە بێتە سەر خەت ناكرێ هەولێر وەك سلێمانی ببێتە مافیاگەرایی.
- واللە حیزبی بەعس زۆر باشتر بوو لە پارتی.
- وەرە بۆ سلێمانی وەك شێر بژی بە حیزی مەژی داوەشێیت.
- لە هەولێر بژیت ئەوە حاڵتە دەبێ كۆیلایەتی قبوڵ بكەیت.
- ئەوەیە ئازادی لە هەولێر.

- کۆریای باکور جێبهێڵە وەرە کۆریای باشور.
- یەکێتی بستێک زەوی لە سلێمانی نەهێشت هەمووی داگیر کرد.
- فەنتەلوزە هەولێر شاری حیزبی کەرانە.

**خشتەی (22) شێوازی دەربڕینی کۆمێنت روون دەکاتەوە**

| پێگەکان / شێواز | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor | | مەلیکMalik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ناوزڕاندن | 261 | 61 | 334 | 67 | 465 | 52 | 377 | 70 | 169 | 47 | 475 | 71 | 2081 | 61 |
| هەڕەشەکردن | 5 | 1 | 2 | 0.40 | 17 | 2 | 6 | 1 | 3 | 1 | 6 | 1 | 39 | 1 |
| هێرشکردن | 33 | 8 | 14 | 2.60 | 187 | 20 | 97 | 18 | 89 | 25 | 44 | 6 | 464 | 14 |
| تۆمەتبارکردن | 130 | 30 | 154 | 30 | 235 | 26 | 56 | 11 | 97 | 27 | 143 | 22 | 815 | 24 |
| کۆی گشتی | 429 | 100 | 504 | 100 | 904 | 100 | 536 | 100 | 358 | 100 | 668 | 100 | 3399 | 100 |

شێوازی دەربڕینی لە ناو کۆمێنتەکاندا لە خشتەی (22) روونکراوەتەوە، ناوزڕاندن لە پلەی یەکەمدا هاتووە بە رێژەی (61%)، لە پلەی دووەمدا تۆمەتبارکردن هاتووە بە رێژەی (24%) لە پلەی سێیەمیشدا هێرشکردن بە رێژەی (14%) و لە دواین پلەشدا بە رێژەی (1%) جێی گرتووە.

ناوزڕاندن، بریتیە لە هەر جۆرە گوزارشت و دەربڕین و ناوەڕۆک و واتایەک کە شکۆ و ناونابگی کەسێک لەکەدار بکات، کەسێک یان کەسایەتیەکی مەعنەوی (کۆمپانیا، کۆمەڵە، دامەزراوەیەک، ئەوانەی هاوشێوە)، ئەوە کەسەی ناوی دەزڕێندرێ مافی پەنا بردنە بەر دادگای مەدەنی یان دادگای تاوانەکان بۆ وەرگرتنەوەی مافی لەوە لایەنەی ئەو ناوزڕاندنەی بڵاوکردۆتەوە.(kolzchut 2022)

لە نموونەکانی توێژینەوە هەموو ئەو جۆرە ناوزڕاندنانە هەیە، لە فۆرم و لە رێگای وشە و دەستەواژەی زبر.

-هەمووتان دزن.
-دز و چەتە و رێگر.
-گێل قەومی گێل.
-میللەتی ناهۆشیار و گەمژە.
-خوێن مژ، خوێنی میللەت دەمژن.
-چ گەوادێکن.
-لە براکەت زۆر کەرتری.
-کەر کوڕی کەر.
-چ قاحپەخانیەکە ئەو هەرێمە.
-مێش مەرگە، دزمەرگە.
-پێشمەرگەی بەردەم کامێرا.
-پێشمەرگەیە یان فیرعەون.

لە پلەی دووەمدا تۆمەتبارکردن دێت، کە بریتیە تێوەگلاندن یان تۆمەتبارکردنی کەسێک، بە تۆمەتێک، بەبێ پێشکەش کردنی هیچ بەڵگەیەک. چەند ناوێکی دیکەشی هەیە وەک تۆمەتبارکردنی وەهمی، تۆمەتبارکردنی بێ بنەما و نادروست، یان پروپاگەندەی درۆ و ساختە. بەخشینەوەی تۆمەت، یان تۆمەتبارکردنی کەسێک بەبێ بەڵگە لە میدیای نوێ

(تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان) وەک تاوانی زانیاری هەژمار دەکرێ (راشد 2020) لە نموونەکانی توێژینەوە، تۆمەتبارکردن بە ئاراستەی جیاواز و لە گۆشەنیگای دونیا بینی سیاسی و جوگرافی و ئایدۆلۆژی تاکەکانەوەیە زیاتر، کە بە کێشە سیاسی و مێژووییەکانەوە گرێدراوە.

- خۆی و باوک و باپیرانیشی بەشیری خیانەت گۆش کراون.
- خاین و خۆفرۆش.
- بە بنەماڵەوە جاشن.
- تیرۆرست.
- منداڵباز.
- منداڵی خەڵکتان هەموو دا بەکوشت.
- هەموو شتێکتان داگیر کردووە.
- دیکتاتۆرن.
- بەکرێگیراوی تورکیا و ئێرانن.
- گەمژە و دژە دینن.
- ئەی کافر.
- ئاخر ئێوە ئەوها کافر و زەندیقین.
- حەرام خۆر، چیت کردووە باسی پشوو دەکەی، بەس پارەی خەڵک بدزن.
- ئەوها دژایەتی بەرنامە و شەرعی الله دەکەن بۆیە وامان بەسەر دێت.

هێرشکردن لە کۆمێنتەکاندا بە رێژەی (14%) رەنگی داوەتەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ناساندنی کەسێک بە شێوەیەکی نەرێنی Negative کە زیان بگەیەنێ، لێرە زیان گەیاندنەکە لە رێگای وشەیە، بە روشاندن و هەراسانکردنیش دەناسرێت(wiki n.d.) ، لە نموونەکانی توێژینەوە ئەو جۆرە کۆمێنتانە جێیان گرتووە.

- نا پیاوی نا مەرد.
- گەوج و نەزانی خالۆ تۆش.
- تۆ ترسنۆکی، لەبەر ترسی بڕینی پارەی خۆت و حیزبەکەت بێدەنگی.
- بە راستی رەزایەکی گرانت هەیە و بێ ئەدەبی.
- زۆر کەسێکی بێ ئسلوبی، ئەوە لە ماڵیش هەروای؟.
- میللەت چەند ئیشی بە زوڕنایە ئەوەندەش ئیشی بە تۆیە.
- بڕۆ ون بە و مەگەڕێرەوە قەشمەر.

- پیرەژن ئینسانێکی زۆر ناشیرین و بێ ئەرزشی.

لە دواین پلەدا، بە ڕێژەی (1%) هەڕەشکردن هاتووە، کە مەبەست لێی ئاماژەکردن بۆ مەترسییەک کە هێشتا ڕوونەداوە، لە ڕێگای هەڕەشەکردنەوە هەوڵ دەدرێت، ترس بڵاوبکرێتەوە، یان لە کەسی بەرامبەر بچێنێت لە ڕێگای بەڵێن دان کە ئەگەر ئەوەی ئەو دەیەوێ وانەبێت، کارێکی خراپ یان توندوتیژ ڕوودەدات.(nina 2022)

- قسە سوودی نیە دەبێ گوللە بەکاربێنین.
- بە دەردی قەزافیتان دەبەین.

**خشتەی 23 شێوازی هاندان بۆ توندوتیژیی ڕووندەکاتەوە**

| پێگەکان / شێوازی هاندان | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | مەلیک Malik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ڕاستەوخۆ | 119 | 71 | 19 | 54 | 267 | 67 | 11 | 39 | 14 | 47 | 16 | 59 | 446 | 65 |
| ناڕاستەوخۆ | 48 | 29 | 16 | 46 | 133 | 33 | 17 | 61 | 16 | 53 | 11 | 41 | 241 | 35 |
| کۆی گشتی | 167 | 100 | 35 | 100 | 400 | 100 | 28 | 100 | 30 | 100 | 27 | 100 | 687 | 100 |

لە نێو کۆمێنتەکانی نموونەکانی توێژینەوە، بەشێکیان ڕەگەزی هاندان بۆ توندوتیژییان تێدایە، کە بە سەر دوو شێواز دابەش دەبن، شێوازی هاندانی ڕاستەوخۆ بۆ توندوتیژیی بە ڕێژەی (65%) و شێوازی ناڕاستەوخۆی هاندان بۆ توندوتیژیی بە ڕێژەی (35%).

هاندان بۆ توندوتیژیی بەرزترین ئاستی ڕکوکینەیە کە مرۆڤ پێی دەگات، لە هاندان بۆ ئازاردانی کەسێک تا ڕادەی کوشتن، یان هاندان بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتی یان تاک، لە لایەنی مادی و مەعنەوییەوە. لە نموونەکانی توێژینەوە لەلایەن وەرگر و لە ڕێگای کۆمێنتەوە، هاندان بۆ توند و تیژی ڕووبەرێکی تایبەت بەخۆی داگیرکردووە، بەشێک لە کۆمێنتاران بە هەردوو شێوازەکە هانی توندوتیژییان داوە وەک لەو دوو ستوونەدا دەیانخەینە ڕوو.

| راستەوخۆ | ناڕاستەوخۆ |
| --- | --- |
| -دوو فیشەکت پێوە بنێم بتتۆپێنم.<br>-بەشەرەف برای باوکم بێت بەر فیشەکی دەدەم<br>-دە چواریان لێ بکوژە هەی جەبان.<br>-جیهاد هاتۆتە بەر دەرگات.<br>-ئەو هەموو تەعدایەت لێکراوە دە قبوڵی مەکە گەواد.<br>-فیلە تەن ملت بە نۆ بیوران ناشکێ پڕدە تفەنگێ.<br>-ئەگەر پیاوی ئەو قایمقامە لە ماڵەکەی دەردەهێنی ئەژدا و ئابای دەسوتێنی.<br>-دیارە هەر غیرەتت نیە ئەوها لە من بکات هەردوو لاقی دەشکێنم.<br>-بیکەیسیەک بکڕە هەموویان بکوژە، گێرەت سەگ بتخوا.<br>-کابرا بکوژە چاک دەبیت.<br>-وەک سەگ بیتۆپێنە.<br>-بەخۆت هەقی خۆت بستینە چاوەڕوانی یاسا مەکە.<br>-بیدە بەر گوللان.<br>-نەوت و بۆری نەوتی دزیوە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی، کەی هی هاولاتیە ئەوم سەگ و گورگە داگیریان کردووە، کەواتا هاولاتیان بچن بیتەقێنەوە.<br>-پیاو نی سمێرت دەرێی دەسکە کەرەوزە هەقی خۆت بە عەشایری وەرگرەوە.<br>-کوڕە دەهەستە قسەی قۆڕ لۆ ئەتو بێ کەسی دە عەشیرەتت خڕکەوە و راست و چەپ بەناو بکەوە. | -تاکەی ئەو دەسەڵاتە بمێنێ؟<br>-مافیا و دز و حیزانە رۆژیان دێت.<br>-قسە کەلکی نیە دەبی بە چەک بی.<br>-اللهم و علیک بیهم عادن ولا تغادر منهم احدا.<br>-نحن وسط اقذر مجموعة بشرية وجدت على الاطلاق.<br>-تا کۆیلە لە دەوریان بێت لەوە باشتر نابێت، لە کۆیلەکانەوە دەست پێبکەین.<br>-راستە ئەو سەرەوەتەی هەموو پەیدا کردووە بەڵام رۆژێک دێت دەبێ بەجێی بێڵن.<br>-هەمووی دژی کوردە بۆ لە ناوبردنی کوردە، رۆژ بە رۆژ گەندەڵی زیاد دەبێت.<br>-ئەی ترحێو لەو قانونە، دەبی بەخۆت هەبی.<br>-نانی پیاوی مەرد نەمایە بەخوای کاکە، خەتای خۆمانە قبوڵمان کردیە.<br>-ئای لەو کەربازاڕیە هەر کەسەو لۆخۆیتی.<br>-مافیاگەراییە، بەچەک نەبی چانابی و نابی.<br>-شار بێ حاکمە قایمقام ئەوها بیت دەبیت دز و جەردە و تاوانبار چ بکەن.<br>-پێغەمبەر دەفەرموێت هەر کەسەک لە سەر ماڵی خۆی بکوژرێ شەهیدە لای خوای گەورە لۆیە بێ غیرەت مەبن.<br>-لە ناو ئەو گەلە گورگە جێگات نابێتەوە تا نەبیە گورگ. |

**خشتەی 24 جێندەر کۆمێنتار نیشان دەدات**

| پێگەکان / جێندەر | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | Malikمەلیک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| نێر | 809 | 60 | 1459 | 57 | 756 | 63 | 691 | 46 | 1025 | 57 | 1336 | 58 | 6076 | 56 |
| مێ | 487 | 36 | 746 | 28 | 330 | 27 | 428 | 28 | 632 | 35 | 691 | 30 | 3314 | 32 |
| نادیار | 54 | 4 | 395 | 15 | 114 | 10 | 381 | 26 | 143 | 8 | 273 | 12 | 1360 | 12 |
| کۆی گشتی | 1350 | 100 | 2600 | 100 | 1200 | 100 | 1500 | 100 | 1800 | 100 | 2300 | 100 | 10750 | 100 |

لە تێکڕای ئەوانەی کۆمێنتەکانیان لە چوارچێوەی نموونەکانی توێژینەوە جێیان گرتووە، کۆمێنتاران لە رەگەزی نێر بە رێژەی (56%) بەشدارن، لە رەگەزی مێ بە رێژەی (32%) بەشدارن، هەروەها رێژەی (12%) نەتواندراوە رەگەزیان دیاری بکرێت، لەبەر نەبوونی وێنە و زانیاری و ناوی دروست لە سەر هەژمار یان پەڕەکەیان.

لە شێوازی نووسینی کۆمێنت و گوزارشت کردن لە بۆچوونەکانیان، جیاوازی هەیە لە نێوان نێر و مێدا، کۆمێنتارە نێرەکان زیاتر پەنا بۆ بەکارهێنانی زمانی زبر دەبەن، تا رادەی جوێندان و هاندان بۆ توند و تیژی، ئەو نموونەیە لە پۆستەکەی Politic Press (بەرپرسێک لە هەولێر 47 موەلیدەی هاولاتیەک دەسوتێنێ)زیاتر لە 30 کۆمێنت بەدوای یەک نووسراون و هەموویان لە رەگەزی نێرن.

- <u>برام برۆ ساردی کەوە چوار مەتر کفنیش دەگە خۆت ببە، هەولێر پاشاگەردانیە.</u>
- <u>اکبر کەیست هەیە چت لەو هەولێریە باژۆ برا باژۆ.</u>
- <u>ئەم وەزعە کەرستانە.</u>
- <u>برۆ کلێنس بفرۆشە کەس نایە بەلاتا.</u>
- <u>حوکمی قەرەقوشیە، ئەوە کەرە یان ساحێب مۆلیدەیە.</u>
- <u>کەسەکی درۆزن دیارە.</u>
- <u>ئۆ ماى گاد ئەی خوایە گیان لەو درۆیە گەورە 47 مۆلیدە ۆەکوو درۆزنگیان.</u>
- <u>خوا چاکی بکا، ئینشاالله ماڵ و منالّیان حیز و دز ئەبن.</u>
- <u>باسی حوکمڕانیش ئەکەن ئەم جۆرە ئاژەلانە حوکم ئەکەن بۆیە وا کاول بووە.</u>

- ولاتی قەزا و قەدەر کەس ئاگای لە کەس نیە.
- بەرپرس نی بۆیە وات لێدەکەن کچەمۆدێلیش نیە کەس دیفاعت لێ بکا.
- ئێستا لە رووداو هەموو موختارەکان و گەرەکەکان هەموو سکالایان لێی هەبوو.
- خەتای خۆتە ئیشی مۆلیدە تەرک بکە.
- جەنابی قۆندەرە بە بنەماڵە جاش و بەعسی بوونە ئێستەش بە سەردەمی بەعس لێ دەخوری.
- ئەمە پاشاگەردانیە ئەم خوێریانە بۆ وڵات بەرێوەبردن نابن.
- بەداخەوە ئەو مەملەکەتە بۆ وای لێهات؟.
- خۆش حکومەت.
- بۆ تا ئێستا پشتیان نەشکاندووە؟ دانیشە برام کوا سوعبەت و دەمەدەمە لەگەڵ ئەوانەیا ئەکرێت.
- بەخودا درۆ دەکەی درۆزن حەرام خۆر ئیشی بەس دزینی کارەبایە.
- دەدەنە خزمی خۆیان بۆیە وادەکەن.
- مۆلیدەکەت بفرۆشە و برۆ خاریج.
-راست دەکات گەندەڵترین پیاوی ئەم حکومەتە ئەم.............یە ئەگەر باوەرپش ناکەن برۆن لە خەڵکی کەسنەزان بپرسن وەختی خۆی چ فەزاحەتێکی لەم ناحیەیە کردووە.
-کێ بە کێیە واللە ئەو میللەتەیان لەناو برد قوریان بەسەری نامرن دیارە؟.
-کورە ئەو دوو بنەماڵەیە مابن کێ خێر لە شت ئەبینێ؟
-پیح کوردستان.
-خوا پشتیان بشکێنێ.
-بەداخەوە.
-گرووپێکی دز و جەردەیە حوکمرانی ئەکەن.
-ئەمانە پیاوی دەوڵەت داری نین کۆمەڵێک دز و جەردەن.
-کاولستانە.

کۆمێنتارە مێیەکان رێژەی زیاتریان رەخنە دەگرن یاخود بە شێوازی تانەلێدان (پەلار) بۆچوونەکانیان دەردەبرن، لە دەربرینی هەڵوێستی سیاسی شێوازی دەربرینیان توند دەبێت بەڵام زۆرینەیان خۆیان دەپارێزن لە جوێندان. لەو کۆمێنتانەی رەگەزی مێینە بۆ هەمان پۆستی Politic Press یان نووسیووە، جیاوازیەکە لەو نموونانە بە روونی دیارە:

-ڕۆژگارێکە ئەبێت خۆت بپارێزی.

-مەسەلەک هەیە دەڵێ پێی دەوەستم ڕاناوەستم.

-ئاقرم قسەکانت ناگری.

-گەنجی کورد ناهەقیان نیە خۆیان ئەدەن بە ئاوا، ئەی هاوار خاکی بێ سەرپەرشتان.

-ئەرێ بەڕاست ئەوە فیلمە باس دەکات یان ڕاستیە؟

-باشە چۆن ئەوە باوەڕ دەکرێت هەموو دونیا دوژمنی تۆبن.

لە کۆمێنتە ڕەخنەئامێزەکانیشیاندا لە شێوەی پەلار بۆچوونەکانیان دەردەبڕن، بۆ نموونە ئەوە کۆمێنت و وڵامدانەوەی دوو مێینەیە لە سەر ئەو پۆستەی مەلیکMalik کە باسی سوود وەرگرتن لە تیشکی خۆر دەکات:

-Tara Raza: ئێمە بەس سوودی لێ دەبینین بۆ تەماتە وشک کردنەوە و خۆشتان فێرتان کردین جلیش لەبەر خۆر وشک بکەیەنەوە😀😀

-Banaz Qadir: من نەعناع و تەرخونیشی لەبەر وشکدەکەمەوە 😀

-Tara Raza: نا خوشکم لەبەر سێبەر وشکی بکەرەوە تام و بۆنی ناڕوات.

**خشتەی (25) راستەقینەیی هەژماری کۆمێنتاران نیشاندەدات**

| پێگەکان / هەژمار | Politic Press | | Diplomatic | | Bwar Media | | Standard Kurd | | Xor news | | مەلیکMalik | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ناوی ئاشکرا | 1132 | 84 | 2083 | 80 | 1018 | 85 | 1154 | 77 | 1395 | 78 | 1762 | 77 | 8544 | 80 |
| نازناو | 132 | 10 | 483 | 19 | 131 | 11 | 239 | 16 | 345 | 19 | 401 | 17 | 1731 | 16 |
| هێما | 86 | 6 | 34 | 1 | 51 | 4 | 107 | 7 | 60 | 3 | 137 | 6 | 475 | 4 |
| کۆی گشتی | 1350 | zz100 | 2600 | 100 | 1200 | 100 | 1500 | 100 | 1800 | 100 | 2300 | 100 | 10750 | 100 |

له کۆی ئەو کەسانەی کۆمێنتیان لە چوارچێوەی نموونەکانی توێژینەوە نووسیوە، وەک لە خشتەی سەرەوە دیارە، ڕێژەی (80%) بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەشداریان کردووە، ئەوەش واتای ئەوەیە هەژمار یان ئەو پەڕەیەی کۆمێنتەکەی لە ڕێگاوە نووسراوە ڕاستەقینەن. ئەوانەش کە لە ڕێگای بەکارهێنانی نازناو(ناوی خوازراو) بەشداریان کردووە ڕێژەیان (16%) و ئەوانەش کە هێمایەکیان لە پرۆفایلی هەژمار و یان پەڕەکانیان داناوە ڕێژەیان (4%)، ئەوانەی نازناو یان هێمایان بەکارهێناوە، دەچنە خانەی هەژمار و پەڕەی ساختە، چونکە نە وێنەیان و نە زانیاریان لە پرۆفایلەکەیاندا نیە.

نازناوەکان بریتین لە دووجۆر، جۆرێکیان ناوی مرۆڤیان بەکارهێناوە و جۆرەکەی دیکەیان ناوی شوێن، یان ناوی سەیروسەمەریەیان بەکارهێناوە (سەفینە شێت، گەڵاڵەی دڵ، خۆشەویستی ڕاستەقینە، گەڵای وەریو، پایزی خەم، کاپتن حەمە، کوردستانی گەورە، کچە وردیلە، گوڵشەنی زەرد، فێڵەکانی شەیتان، عەبدوللا PUK، مامۆستا K، بنادول، ڕاز ناز، دایکی ئارمان، دژی مەدرید، دەستی توو، دوازدە سوارەی مەریوان، زەریا گیان، لەلای کوردان، دکتۆر گیان، شێخم نەماوە، نازدارۆکە).

ئەوانەی هێمایان بەکارهێناوە، زیاتر پیتی لاتینی یان لۆگۆ و هەندێکیشیان ئیمۆجی یاخود وێنەیەکی سروشت یان گرافیک یاخود وێنەیەکی وەرگیراو لە ئینتەرنێت یان داناوە.

# ئەنجامەکان

# ئەنجام

**ئەنجامەکان لە رووی چەندایەتیەوە:**

1. بە پۆلێنکردنی بابەتە بڵاوکراوەکان لە سەر ئاستی جوگرافی، زۆرترینیان بابەتی ناوخۆیین بە رێژەی (88%)، بابەتی پەیوەندار بە وڵاتانی هەرێمایەتی بە عێراقیشەوە رێژەی (9%) یان بەردەکەوێت، و بابەتە نێودەوڵەتیەکانیش رێژەی (3%).
2. لە ژانەرە بەکارهاتووەکان دا، ڤیدیۆ لە پلەی یەکەم دێت بە (30%)، پۆستەر بە پلەی دووەم (29%)، هەواڵ لە پلەی سێیەم (14%)، لە پلەی چوارەم لێدوان دێت بە (12%)، پلەی پێنجەم شیکردنەوەیە (8%)، راپۆرت لە پلەی شەشەمە (6%)، لە دواین پلەشدا گوتار دێت (1%).
3. لە جۆری ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان، راپۆرتی ڤیدیۆیی بە (30%) ریزبەندی یەکەمی گرتووە، لێدوان لە ریزبەندی دووەمە (26%)، راستەوخۆکان سێیەمن (24%)، چاوپێکەوتن چوارەمینە (18%)، جۆری دیکەی بەهارهاتوو لە ریزبەندی کۆتاییە بە (2%).
4. رێژەی بەرزی بابەتە بڵاوکراوەکان، بابەتی سیاسیە (61%)، بابەتی ئابوری دووەمە بە رێژەی (22.80%)، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بە دوایدا دێن بە (8%)، بابەتی تەندروستی (7%)، بابەتی هونەری (1%)، کەمترین رێژە بۆ بابەتی وەرزشیە بە (0.20%).
5. لەو رێکارەکانی بۆ لەچێوەگرتنی گوتاری رکوکینە بەکارهاتوون، خستنەسەر لە خانەی یەکەم دێت بە (40%)، لە خانەی دووەم هەڵبەستن دێت بە (38%) لە خانەی سێیەم لێقرتاندن دێت بە (12%)، لە خانەی چوارەمیشدا هەڵگەڕانەوە دێت (10%).
6. شێوەی هاندان بۆ گوتاری رکوکینە لەلایەن پەیامدەرەوە، بە شیوەیەکی راستەوخۆ رێژەی گەورەترینە بە (66%)، ناراستەوخۆش رێژەکەی (34%)ە.

7. ئەو لایەنانەی بە ئامانج گیراون، دامەزراوەی حکومەت لە پلەی یەکەم دێت (38%)، لە پلەی دووەمدا حیزب دێت (23%)، دواتر تاک دێت (20%)، پاشان شاروناوچە دێن (16%)، لە پلەی کۆتایشدا پەرلەمان دێت (3%).

8. شێوازی لە چێوەگرتنی گوتارەکە، چێوەگرتنی تایبەت رێژەی (80%) یە، لەچێوەگرتنی ستراتیژی بە رێژەی (12%) و دواتریش لە چێوەگرتنی گشتی بە رێژەی (8%) دێت.

9. فاکتەرە بەشدارەکان لە دروستبوونی گوتاری رکوکینە، وروژاندنی بە (55%) ریزبەندی یەکەمی گرتووە، بەدوای ئەویش دا پۆپۆلیستی دێت بە (25%) ئینجا هاندان بە (12%) بە پلەی سێیەم دێت، لە کۆتایشدا هەواڵی ساختە دێت بە (8%).

10. رێگاکانی کاریگەریی دروست کردن لە سەر وەرگر، سۆز رێژەی گەورەی بەرکەوتووە (%63)، ترس رێژەی (%37) هەیە.

11. شێوازی وەدیارخستنی گوتارەکە لە رێگای ناونیشانی سەرەکی رێژەی هەرە بڵندی پێبڕاوە (%52) لە دوای ئەویش ناوەڕۆکی بابەتەکان دێت بە رێژەی (%35)، لە خانەی سێیەمیشدا ناونیشانی لاوەکی دێت بە رێژەی (%13).

12. لە بەکارهێنانی ئاستەکانی زمان، زمانی رۆژنامەوانی لە ریزبەندی یەکەمە (%59)، زمانی ئاسایی دووەمە (%29) لە پلەی سێیەمیشدا زمانی زبر بە رێژەی (%12) دێت.

13. لە جۆری پێشوازی و کارلێکی وەرگر لەگەڵ بابەتەکاندا، View لە پلەی یەکەمە (%89) بەدوایدا Like دێت (%9) دواتر Commente دێت (%1.5)، Emoji رێژەیان (%0.5) لە کۆتایشدا Share دێت بە نزیک لە (%0).

14. جۆرە بەکارهاتووەکانی ئیمۆجی ئیمۆجی لەلایەن وەرگر، ریزبەندیەکەی بەوشێوەیەیە: ئیمۆجی پێکەنین 😆 (%72). ئیمۆجی نیشاندانی خۆشەویستی ❤️ (%14) ئیمۆجی سەرسوڕمان 😲 (%4.5) ئیمۆجی بێ هیوابوون یاخود گریان 😢 (4.5) ئیمۆجی نیشاندانی توڕەیی 😡 (%3). ئیمۆجی باوشی خۆشەویستی 🥰 (%2).

15. له جۆری کۆمێنتانەی بۆ بابەتەکان نووسراون، گاڵتەپێکردن له پلەی یەکەمدایە بە (35%) جوێندان بە (32%) و له پلەی دووەمدا دێت. له پلەی سێیەمیشدا جۆری دیکەی کۆمێنت دێن بە (32%) له دوایین پلەشدا رەخنەگرتنی جدی دێت بە (0.50%).

16. له یەکەکانی زمانی بەکارهاتوو له کۆمێنتەکان دا، پەرەگراف له پلەی یەکەم دێت بە رێژەی (74%) له پلەی دووەمدا رستە بە (15%) دێت، بە دوای ئەویشدا بەکارهێنانی دەستەواژە بە (6%) له پلەی سێیەمە، بەکارهێنانی وشە بە رێژەی (5%) له پلەی کۆتایی دێت.

17. لایەنە بە ئامانج گیراوەکان لەلایەن کۆمێنتارانەوە، کەس (تاک) له ریزبەندی سەرەوە دێت (58%) دواتر دامەزراوە نیشتیمانەکان (18%) بە دوایاندا خێزان دێت (9%) پاشان نیشتیمان دێت (7%) نەتەوە له ریزبەندی کۆتاییە (5%).

18. له شێوازی دەربڕینی له ناو کۆمێنتەکاندا، ناوزڕاندن له پلەی یەکەمدایە (61%)، له پلەی دووەمدا تۆمەتبارکردن (24%) له پلەی سێیەمیشدا هێرشکردنە (14%) و له دوایین پلەشدا هەڕەشەکردن بە (1%) جێی گرتووە.

19. شێوازی هاندان بۆ توندوتیژیی له کۆمێنتەکاندا، هاندانی راستەوخۆ بە رێژەی (65%) و هاندانی ناراستەوخۆی بە رێژەی (35%).

20. رەگەزی کۆمێنتارانی نێر بە (56%) بەشدارن، رەگەزی مێ بە (32%) بەشدارن، له نووسینی کۆمێنت، هەروەها رێژەی (12%) نەتواندراوە رەگەزیان دیاری بکرێت.

21. کۆمێنتاران بە رێژەی (80%) بە ناوی راستەقینەی خۆیان بەشداریان کردووە، ئەو کۆمێنتارانەش کە له رێگای بەکارهێنانی نازناو بەشداریان کردووە رێژەیان (16%) و ئەوانەش کە هێمایەکیان له پرۆفایلی هەژمار و یان پەڕەکانیان داناوە رێژەیان (4%).

**ئەنجامەکان لە رووی چۆنایەتیەوە:**

1. گوتاری رکوکینە بە شێوازی جیاواز و لە سەر ئاستی جودادا کەڵەکە بووە لە میدیایی کوردیدا بە گشتی و بە تایبەتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا کە فەیسبووک بەربڵاوترینیانە لە هەرێمی کوردستاندا.
2. گوتاری رکوکینە لە حالەت و دیاردە دەرچووە و خەریکە دەبێتە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی کە وەک شانە توشبووەکانی شێرپەنجە بە هەڕەمەکی زیاد دەکا و بڵاودەبێتەوە.
3. چەمکی رکوکینە لە ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا رووبەرێکی گەورەی گرتووە..
4. لێکەوتەکانی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆکاری لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، رووبەری لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی لە تێهزرین و دونیا بینی تاکەکان بچووک کردۆتەوە.
5. ژێدەری گوتاری رکوکینە لە ململانێ و پەروەردەی سیاسی، خۆی دەبینێتەوە کە کاریگەریی لە سەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی و ژیاری تاکەکان هەیە، لە هەبوونی زەمینە سازی بۆ دروستبوونی تاکێکی توندڕەو.
6. ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردن کە ئاستی هەرە بڵندی بەکارهێنانی زمانی زبرە، رووبەری گەورەی گوزارشت و بۆچوونە دەربڕینە لەلایەن وەرگرانەوە.
7. لە دەربڕینی بۆچوونەکاندا، رەخنەی جدی لە نزمترین ئاستدایە و گاڵتەپێکردنیش لە بەرزترین ئاستدایە.
8. رێژەی هاندان بۆ توندوتیژیی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە بەرزبوونەوەدایە.
9. بە ئامانج گرتنی تاک بۆ نیشاندانی گوتاری رکوکینە لە ئاستێکی بەرزدایە.
10. پێگە ئەلیکترۆنیەکان (تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان) درێژکراوەی گوتاری سیاسیە لە هەرێمی کوردستاندا، کە هۆکاری سەرەکی تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینەیە.
11. پێگە ئەلیکترۆنیەکان (پەیامدەر) لە رێگای بە ئامانج گرتن (دواندن)ی هەستەکانی وەرگر (سۆز و ترس) دەرفەت بۆ تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە دەسازێنن.

# پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

# پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دا، توێژەر بە چەند پێشنیار و راسپاردەیەک گەیشت، کە لێرەدا دەیانخەیەنە ڕوو.

## 1- پێشنیاز

- توێژینەوەی زیاتر بکرێت دەربارەی ناسینەوەی و دەستنیشان کردنی گوتاری رکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.
- توێژینەوە دەربارەی لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە بکرێن.
- توێژینەوە دەربارەی لێکەوتە سیاسیەکانی بکرێن کە لە ئەنجامی تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان دەکات.

## 2- ڕاسپاردەکان

- کار بکرێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیای نویً(پێگە ئەلکترۆنیەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)

- سوود وەرگرتن لە فلتەری کۆنترۆلکردنی کارلێکی وەرگران لەگەڵ بابەتەکان بۆ ڕێگری کردن لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە.

- پاڵپشتی کردن و هاندانی دامەزارندانی ڕێکخراو و دامەزراوەی تایبەت بە ناسینەوە و دەستنیشان کردنی گوتاری رکوکینە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە بەزمانی کوردی**

**کتێب:**


- بارزانی, مەسعود. 2004. بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،بەرگی سێیەم.
- حاجی, ئاسۆ. 2019. بارزانی پێشمەرگەی سەربەخۆیی. هەولێر: تۆڕی میدیایی ڕووداو.
- شێرۆکی, بەدر. 2018. بارزان،مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- نێروەیی, عەلی تەتەر. 2018. مێژووی میرێن ئێزیدیان ل دەڤەرا نێروە ژ دامەزراندنێ تا سێدارەدانا تەتەربەگێ کوڕێ عەلی بەگێ سەدێ سێزدە – ١٩١٥. دهۆک: چاپخانەی سپیرێز،.
- قادر, محەمەد مەلا. 2012. خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانی نەمر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- عەتاڕ, دارا. 2018. خەباتی کورد لە پێناو ناسنامەکەیدا. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانە و ئەرشیڤی دارا عەتار.
- بابۆلێ, د. ئومێد بەرزان برزو، محەمەد. 2010. زمانی زبر لە رۆژنامەنووسی کوردیدا. کۆیە/هەرێمی کوردستان: زانکۆی .


**ماڵپەڕ و سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**


- بێخاڵی, نوری. 2020. شارپریس. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021. https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=177165.
- بێدار, د. ئادەم. 2021. ڕووداو. Accessed 3 10, 2022. https://www.rudaw.net/sorani/opinion/06102021.
- 2020. درەو میدیا. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021. https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7280.
- 2009. فیلمی دۆکیۆمێنتاری پیاوێک بەدوای مێژووی خۆیدا دەگەڕێ. دەرهێنان: ئاسۆ حاجی.

- .2018 ویستگە. 2021. ,18 5 Accessed http://www.westganews.net/drejaWtar.aspx?NusarID=244&Jmara=3171
- —. 2017. ویستگە. 14 8. http://www.westganews.net/drejaWtar.aspx?NusarID=244&Jmara=2079.
- حەسەن, فەرمان. 2019. سەنتەری میترۆ. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021. https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=525&Jmare=816.
- رووداو. 2013. 2 5 . https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/200520137.
- رەسوڵ, لەشکرد قادر. 2020. ئاوێنە. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021 . https://www.awene.com/article?no=8515&auther=109.
- رەسوڵ, هاوژین. 2017. باسنیوز. دەسپێگەیشتوو 5 18, 2021. https://www.basnews.com/so/babat/324024.
- ساڵح, مەجید. 2020. زەمەن پرێس. 2022. ,10 3 Accessed https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=2300.
- سیوەیلی, رێبوار. 2020. رەوانگە و رەخنە. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021 . http://rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=2333.
- سەعید, پۆلا. 2021. روانگە و رەخنە. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021 . http://rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=5207.
- سەعید, د. نەزاکەت حسین حەمە. 2019. سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنوسان. دەسپێگەیشتوو 5 18, 2021. https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=46&Jmare=673.
- ئەحمەد, نەوزاد عەلی. 2019. کوردستانی نوێ. دەسپێگەیشتوو 5 18, 2021. https://knwe.org/?p=39947.
- میکە, هاوکار عیزەت. 2019. چاوی کورد. دەسپێگەیشتوو 5 19, 2021. http://chawykurd.com/detailsWtar.aspx?NusarID=1086&Jmare=2124.

- قەشقەیی, سەرتیپ. 2021. ڕوانگە و ڕەخنە. دەسپێکەیشتوو 5 19, 2021. http://rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=5257.

**دووەم: سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

**کتێب:**

- العراقي, بيت الاعلام. 2017. قاموس الكراهية. بيت الاعلام العراقي. بغداد: دار الحكمة للنشر.
- اليامين, بن تومي. 2015 . محاضرات في التحليل الخطاب.
- إيزابيلا فيركلاو، نورمان فيركلاو. 2016. تحليل الخطاب السياسي . ديمشق: دار الفرقد.
- أيوب بارزاني. 2011. الحركة التحررية الكردية وصراع القوى الإقليمية والدولية: 1958 – 1975. جنيف: دار نشر حقائق المشرق.
- ترجمة: د. فواد شاهين تاليف فرنسيس بال. 2013. الميديا. دار الكتاب الجديد المتحدة.
- المعاني. 2021. "المعاني لكل رسم معني." المعاني.
- د. سعد سلمان المشهداني. 2017. مناهج البحث الاعلامي. دار الكتاب الجامعي . العين: دار الكتاب الجامعي .
- د. عبد الرزاق الدليمي. 2016. نظريات الاتصال في القرن الحادي والعشرين. عمان – الاردن: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع.
- دايک, فان. 2010. من نحو النص الى تحليل خطاب النقدي .
- دايک, ڤان. 2014. الخطاب و السلطة ص 29. القاهره: المركز القومی للدراسات.
- روث فوداک,ميشيل ماير، 2014. مناهج تحليل النقدي للخطاب. القاهرة: المركز القومي للترجمة.
- سامي شورش. 2019. كردستان و الاكراد. اربيل: مطبعة روزهلات، الطبعة الثانية.
- شكيب عقراوی. 2007. سنوات المحنه فی كردستان. اربيل: مطبعة الثقافة.
- صلوي, د. عبدالحافظ عواجی. 2012. "نظريات التاثير الاعلامية".

- عصمت شريف وانلي. 1968. المسألة الكردية في سوريا، ط1. منشورات جمعية الدفاع عن حقوق الشعب الكردي، د.م.ن،.
- فان دايک. 2010. فان دايک،من نحو النص الى تحليل خطاب النقدي،2010،ل36-37. القاهرة: المركز العربي للترجمة.
- فريد اسسرد. 2008. اصول العقائد البارزانية. سليمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.
- محمد شومان. 2007. تحليل الخطاب الإعلامي،أطر نظرية ونماذج تطبيقية. القاهرة : الدار المصرية اللبنانية،.
- هشام عطية عبدالمقصود. 2010. دراسات في الاعلام. القاهرة: العربي للتوزيع.
- محمد،نورهان. 2017. دراسة في ضوء التحليل النقدي للخطاب .
- د.كريم محمد حمزة. ٢٠٠٦. تحليل مضمون الخطاب الاتصالي سوسيولوجيا فهم الآخر. بيت الحكمة. بغداد: بيت الحكمة.
- د.محمد زليطنى. 2014. من تحليل الخطاب الى تحليل النقدي للخطاب،. الخطاب17.

**نامەی ماستەر و دكتۆرا:**

- أسامة غازي المدني. 2015. دور شبكات التواصل الاجتماعي في تشكيل الرأي العام لدى طلبة الجامعات السعودية. جامعة أم القرى. المملكة العربية السعودية: جامعة أم القرى.
- أحمد اسماعيلي. 2019. "أيديولوجيا الإعلام الجديد والوعي الزائف مقاربة في استراتيجيات الإقناع وصناعة الواقع." مجلة الدراسات الإعلامية العدد الثامن (المركز الديمقراطي العربي- برلين- ألمانيا): 64-79.
- الربيعي, أمجد علي. ٢٠٢٠. نظرية التأطير الاعلامي . بابل: كلية المستقبل الجامعية.
- المصري, منى احمد. 2010. الكتاب و الادباء الاردنيون و الاشباعات المتحققة لهم من الوسائل الاعلام التقليدية و الرقمية. عمان: جامعة الشرق الاوسط.
- الواحد, د/ زينب عبد العظيم عبد. بێ بەروار. مادة )نظريات االعالم(. المنيا: جامعة المنيا,قسم االعالم التربوي.
- آمنة حمراني. 2013. "دور اإلعالم الجديد في تنمية الوعي السياسي في الوطن العربي دراسة وصفية." مجلة اآلداب والعلوم اإلنسانية الحادي عشر (جامعة باطنة 1): 134.

- بكار, سعيد. 2012. الخطاب الاخباري و السلطة. اغادير: جامعة اغادير, المغرب.
- الناصر عمارة. 2021. خطاب الكراهية التحديات و السبل المواجهة. اسطنبول: Istanbul Journal of Arabic Studies (ISTANBULJAS).
- جوزيف أنطون متري. بلا تاريخ. دور قنوات التلفزيون الحكومية و الخاصة في تشكيل معارف الشباب و اتجاهاته نحو قضايا الامن القومي المصري. قاهرة: كلية الاعلام جامعة قاهرة.
- د. صخر احمد الخصاونة. 2021. "دور وسائل التواصل الاجتماعي في نشر خطاب الكراهية من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين." مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الشرعية و القانونية 29 (معهد الاعلام الاردني): 300-322.
- د. مجدي عبد الجواد. 2019. التسويق السياسي،المفهوم و المكونات. الدراسات الاعلامية. اسطنبول: المعهد المصري للدراسات.
- رأفت مهند عبد الرزاق. 2013. دور مواقع تواصل الاجتماعي في تشكيل الوعي السياسي. البترا, الاردن: جامعة البترا الاردنية.
- سعيد بكار. 2012. ،الخطاب الاخباري و السلطة،رسالة ماجستير،2012 ل55). اغادير: جامعة ابن زهر.
- شاكر فاطمة شيماء، ضيف هللا سهية. 2021. خطاب الكراهية والعنصرية في وسائل التواصل الاجتماعي وأساليب الوقاية من وجهة نظر طلبة جامعة المسيلة. المسلية: جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.
- شدان يعقوب خليل ابو يعقوب. 2015. اثر مواقع التواصل الاجتماعي على الوعي السياسي بالقضية الفلسطينية لدى طلبة جامعة النجاح الوطنية. نابلس: جامعة النجاح الوطنية, نابلس, فلسطين.
- شيماء, شاكر فاطمة. 2021. خطاب الكراهية والعنصرية في وسائل التواصل الاجتماعي وأساليب الوقاية من وجهة نظر طلبة جامعة المسيلة . المسلية: جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.
- صالح, أشرف عصام فريد. 2016. دور مواقع التواصل االجتماعي في زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدى الشباب الجامعي األردني. جامعة الشرق األوسط. عمان, الاردن: جامعة الشرق األوسط.
- عبدالله حسن القايد. 2019. (،التحليل النقدي للخطاب: الخطاب اإلعالمي للدول المحاصرة لقطر،رسالة ماجستير،٢٠١٩)ل٥٨. دوحة: جامعة دوحة.

- قاسم حسين السعدي. 2019. "استراتيجية التسويق في التنافس الانتخابي." مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية (كلية اداب/جامعة بابل): 58-59.
- لطرش, فطوم. 2014. استخدام الطلبة للموقع الالكتروني الرسمي للجامعة و الاشباعات المحققة منه. بسكرة: جامعــة محمــد خيضــر.
- محمد بن عمر المدخلي. 2013. منهج تحليل المحتوى تطبيقات على مناهج البحث. جامعة ملك عبدالعزين. جدة: جامعة ملك عبدالعزين.
- مقدم احلام صارة. 2014. استراتيجية الاقناع السياسي في التسويق السياسي. وهران: جامعة وهران/كلية العلوم الاجتماعية.
- نادية بن ورقلة. 2011. دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي السياسي. الجلفة, الجزائر: جامعة الجلفة.
- .2011 .ـــدور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي السياسي و اإلجتماعي لدى الشباب العربي . جامعة ال جلفة . الجزاير : جامعة ال جلفة
- ناصر الرحامنة. 2018. خطاب الكراهية في شبكة الفيس بوك في الأردن دراسة مسحية. جامعة الشرق الأوسط. عمان, الاردن: جامعة الشرق الأوسط.

**توێژینەوەی بڵاوكراوە:**

- محمد, عدة. 2021. "آليات التأطيرإلاعالمي في التقاريرإلاخبارية التلفزيونية Djoussour El-maaréfa جسور المعرفة المجلد 7 عدد 3: 315.
- محمد طاوي. 2019. التحليل النقدي للخطاب:مفاهيم و مجالات و تطبيقات. برلين: المركز الديموقراطي العربي للدراسات االستراتيجية والسياسية واالقتصادية - ألمانيا - برلين.
- عبدربه عبدالقادر العنزي. 2016. "تأثير وسائل اإلعالم الجديد على المجال العام والتسويق السياسي." مجلة جامعة األزهر - غزة ( غزة، سلسلة العلوم اإلنسانية 6102 ،المجلد 01 ،العدد 6): 301-332.
- صفية, د. عبد االله بن ناصر الحمود، د. علاء الشامي، د. عبد اللطيف بن. 2016. أطر المعالجة الإعلامية للمشروعات الاقتصادية الكبرى في الدول العربية. الرياض: الجمعية السعودية للإعلام والاتصال.

- عبدالسلام, د. سعد. 2021. "جذور صناعة خطاب الكراهية في ثقافة المجتمع المعاصر." مجلة التميز الفكري للعلوم الاجتماعية و الانسانية العدد الخامس (جامعة زيان عاشور الجلفة): 58-74.

- رندا, بوسعيد. 2017. التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لـوسائل الإعلام، قراءة في نظرية مارشال ماكلوهان -. الجلفة، الجزاير: جامعة الجلفة.

- د.هالة عبد الله أحمد. 2013. "دور إلاعالم الجديد في تكوين الوعي السياسي لدى الشباب." مجلة الحكمة للدراسات الاعلامية والإتصالية (كلية إلاعالم - جامعة أم درمان الإسلامية ) 4 (كلية إلاعالم - جامعة أم درمان إلاسالمية): 186-206.

- دباغين, جامعة محمد لمين. 2008 . نظرية الحتمية التكنولوجية لمارشال ماكلوهان،. ،الجزاير- سطيف.: مجلة الادب و العلوم الاجتماعية، العدد السابع.

- دكتور/هشام رشدى خيراالله. بلا تاريخ. محاضرات في نظريات الاعلام. جامعة المنوفية.

- تواتي, د. نورالدين. 2013. ماكلوهان مارشال,قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم،. الجزاير: مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية, العدد العاشر.

- 2019. أيديولوجيا الإعلام الجديد والوعي الزائف . مجلة دراسات الاعلامية. برلين, المانيا: المركزالديمقراطي العربي.

- د. ياسر عبيدالله، د. رمزي عودة. 2019. "مواقع التواصل االجتماعي وعالقتها بالوعي الشبابي بالحق في التنظيم." مجلة جامعة الاستقالل للأبحاث المجلد )4 ) (العدد 1): 263-296..

- حسن هادي رشيد. 2019. مجلة العلوم السياسية, كلية علوم السياسية, جامعة بغداد. تاريخ الوصول 11 5, 2021.

- حفيظة مخنفر. 2018. مقاربة سوسيو-لسانية لتحليل خطاب الحياة اليومية. مجلة العلوم االجتماعية,المجلد 15 العدد26-

- حيدر فلاح زيد. 2020. النظرية الحتمية التكنولوجية النظرية القيمية في الاعلام. بغداد, العراق: كلية الاعلام.

- خلود سالم صالح. 2020. "دور المنصات العالمية االلكترونية في محاربة خطاب الكراهية." مجلة الدراسات إلعالمية العدد الحادي عشر (المركز الديمقراطي العربي- برلين- ألمانيا-): 74-92.

- خمايسة, محمد. 2019. دليل تجنب التمييز وخطاب الكراهية في الاعلام. الدوحة: معهد الجزيرة للاعلام.

- فاطمة عبد الكاظم. 2017. التسويق السياسي وتشكيل اجتاهات الراي العام يف مواقع التواصل االجتماعي. كلية إلعالم - جامعة بغداد. بغداد: جملة الباحث إلعالمي.

- د. رضوان بوجمعة. 2020. خطابات الكراهية و التعريض. مرصد الاعلام في الشرق الاوسط و شمال افريقيا.

- بداني فؤاد جامعة سعيدة. 2014. حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرمحان. الجزائر : مجلة الدراسات والبحوث االجتماعية- جامعة الوادي.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

- (الهام سرحان،. 2017. 17 يوليو. mawdoo3.com/ مفهوم_الخطاب_الإعلامي.
- 2019. TRT عربي. تاريخ الوصول 25 ,1 2021. https://www.trtarabi.com/issues/.
- ارقام. 2022. www.argaam.com. Accessed 3 14, 2022.
- www.argaam.com/ar/article/articledetail/id/1410442
- اسود, مسرور. 2019. https://www.addustour.com. Accessed 9 9, 2019.
- الابراهيم. 2020. القبس. Accessed 9 14, 2022. www.alqabas.com/article/5789225-الإبراهيم-الصحافة-الصفراء-الاستخدام-الأول-الظهور-والانتشار.
- الاسدي, كاظم. 2021. الحوار المتمدن. Accessed 9 14, 2022. www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=714863.
- الربضي, رنا. 2020. molhem.com/. Accessed 3 13, 2022. https://molhem.com/@Rana_alrabadi/.
- الريامي, سامي. 2015. emaratalyoum. Accessed 9 2, 2022. www.emaratalyoum.com/opinion/2015-06-30-
- السالم, د.فاطمة. 2016. القبس. Accessed 3 14, 2022. https://alqabas.com/article/6567.

- السلام, فردوس عبد. 2019. www.aljazeera.net. Accessed 9 2, 2022. www.aljazeera.net/amp/blogs/2019/9/8/الأخبار-الزائفة-وفوضى-مواقع-التواصل.
- الشحي, أحمد محمد. 2022. البيان. Accessed 9 15, 2022. www.albayan.ae/opinions/articles/2022-02-17-1.4371480.
- العاصي, حسن. 2019. Accessed 3 14, 2022. aljadeedmagazine.com/خطاب-الكراهية.
- العربي, أسباب الفجوة الرقمية في عالمنا. 2006. القبس. Accessed 5 11, 2021. https://alqabas.com/article/277203.
- القرعان, حاتم. 2022. عمون. Accessed 8 31, 2022. https://www.ammonnews.net/article/637440.
- المؤمن, د.أقبال. 2016. نظرية تحليل التأطير الاعلامي. اهداف الاقلام http://ahdafalaklam.blogspot.com/2016/11/blog-post_1.html
- توفيق حميد كاطع. 2011. الحوار المتمدن. تاريخ الوصول 10 5, 2021. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=256003.
-
- جاسم, رانيا موفق. 2020. alnahrain.iq. Accessed 9 24, 2022. www.alnahrain.iq/post/483.
- حسن اليوسفي المغاري. 2017. الجزيرة. تاريخ الوصول 10 3, 2022. https://www.aljazeera.net.
- https://jcopolicy.uobaghdad.edu.iq/index.php/jcopolicy/article/view/446/.
- خيرون, نزار. 2020. www.aljazeera.net. Accessed 9 2, 2022. www.aljazeera.net/amp/blogs/2020/5/24/مسار-الأخبار-الزائفة-بين-الصناعة.
- خمسات. 2022. خمسات. Accessed 9 14, 2022. blog.khamsat.com/emojis-importance-guide
- د. السيد الخطاري. 2020. المركز الأوروبي للدراسات الاستراتيجية العربية والأفريقية. تاريخ الوصول 10 5, 2021. https://ecfaas.com/
- د. حافظي زهير. 2008. Cybrarians Journal. تاريخ الوصول 11 5, 2021. http://journal.cybrarians.info/index.php?option=com_content&view
- د. سيف عبان. 2016. "وسائل الإعلام الساخنة والباردة عند مارشال ماكلوهان". facebook.

- د. عادل يعقوب الشمايله. 2019. عمون: صوت الاغلبية الصامتة. تاريخ الوصول 25 1, 2021 https://www.ammonnews.net/article/445217. .
- د. فاطمة السالم. 2016. القبس . تاريخ الوصول 19 5, 2021 . https://alqabas.com/article/6567 .
- د. محمد مصطفى علوش. 2016. Al Sharq الشرق. تاريخ الوصول 11 5, 2021. https://al-sharq.com/opinion/03/12/2016/.
- د. وجدي حلمي عبدالظاهر. 2010. ايلاف. تاريخ الوصول 11 5, 2021 . https://elaphblogs.com/post/.
- د.قحطان حسين طاهر. 2020. 6 ايلول annabaa.org/arabic/authorarticles/ 24425.
- راشد, خالد ابو. 2020. alarabiya.net. Accessed 9 21, 2022. www.alarabiya.net/amp/sport/videos/2020/08/12/.
- رند عتوم. 2020. عربي. تاريخ الوصول 11 5, 2021 https://e3arabi.com. /
- سرينيفاسن, رامش. 2017. العرب. Accessed 5 17, 2021. . https://alarab.co.uk/ .
- شيرين السيد. 2021. المرسال . تاريخ الوصول 11 5, 2021 . https://www.almrsal.com/post/995484 .
- صالح, عامر. 2017. الحوار المتمدن. دەسپێکەيشتوو 10 3 . https://www.ahewar.org .
- عبدالمؤمن, د. نوال. 2016. نظرية تحليل التأطير الاعلامي. اهداف الاقلام . http://ahdafalaklam.blogspot.com/2016/11/blog-post_1.html .
- فؤاد, عبير. 2020. arabi21. Accessed 9 2, 2022. . https://arabi21.com/story/1273894/ .
- فوزي, اللواء اشرف. 2021. جريدة اجواء العربية . .Accessed 3 14, 2022 elwatanlife.com/هل-الكراهية-والعنف-حراك-الكنبة-ام-خطا/.
- لبنى مهدي. 2020. العربي. تاريخ الوصول 11 5, 2021. https://e3arabi.com/ .
- لعياضي, نصر الدين. 2021. aljazeera.net. Accessed 9 24, 2022. . studies.aljazeera.net/ar/article/5072.
- محمد مروان. 2021. موضوع. تاريخ الوصول 25 1, 2021 . https://mawdoo3.com
- سعد بن محارب المحارب. 2012. الجزيرة الثقافية . تاريخ الوصول 17 5, 2021 . https://www.al-jazirah.com/culture/2012/20122012/aoraq35.htm .
- مدن, د. حسن. 2013. المنبر التقدمي للمملكة بحرين. Accessed 5 17, 2021. . https://www.altaqadomi.org/?p=7251 .

- مهدي, لبنى. 2020. عربي https://e3arabi.com/ . Accessed 5 17, 2021.
- 2020. —ما هي سمات نظرية تحليل الإطار الإعلامي وأهميتها؟ . Accessed 6 23, 2022. https://e3arabi.com/.
- ميسر, ويكي. 2021. wikimisr.com. Accessed 5 17, 2021. https://wikimisr.com/.
- ناجي, مصطفى. 2018. كانون الاول 19 www.anfasse.org/قصة-و-دراسات-أدبية/26-دراسات-ادبية-ونقدية/9495-مفهوم-تحليل-الخطاب-—-مصطفى-ناجي.


**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


- amnesty. 2014. https://www.amnesty.org. Accessed 3 13, 2022. https://www.amnesty.org/ar/what-we-do/freedom-of-expression
- BEY, Ahlem. 2013. Frame Analysis Theory.
- Brittan Heller, J.D., and Larry Magid, Ed.D. 2019. connect safely. Accessed October 2019. https://www.connectsafely.org./
- Brusco, Nora Futtner and Natalia. 2021. Geneva International Centre for Justice (GICJ).
- Accessed 3 10, 2022. Geneva International Centre for Justice (GICJ).
- DAN. 2021. digitalagencynetwork.com. Accessed 3 14, 2022. digitalagencynetwork.com/this-is-why-Facebook-is-still-more-important-than-ever/.
- DOLLARHIDE, MAYA. 2021. Investopedia. Accessed 3 12, 2022. https://www.investopedia.com/.
- france24. 2016. france24. Accessed 9 2, 2022. https://amp.france24.com/ar/20161202.
- Giansiracusa, Noah. 2021. www.wired.com. Accessed 3 14, 2022.
- www.wired.com/story/facebooks-deceptive-math-when-it-comes-to-hate-speech.
- Grammerly. 2020. Grammerly blog. Accessed 9 18, 2022. www.grammarly.com/blog/how-long-is-a-paragraph/.
- Guterres, António. 2019. The Wildfire of Hate Speech. Accessed Jun 24, 2019. https://minujusth.unmissions.org.
- kaiciid. 2021. kaiciid dialogue center . Accessed 4 18, 2021. https://www.kaiciid.org/ar.

- kolzchut. 2022. kolzchut.org.il. Accessed 9 21, 2022.
- marefa. n.d. marefa. Accessed 9 2, 2022. https://m.marefa.org/simplified.
- Mumen, Dr. Ekbal Al. 2016. http://ahdafalaklam.blogspot.com/. Accessed 9 24, 2022.
- . http://ahdafalaklam.blogspot.com/2016/11/blog-post_1.html?m=1.
- Ninana. 2022. ar. ninanelsonbooks. Accessed 9 21, 2022. ar.ninanelsonbooks.com/significado-de-amenaza.
- NORA FUTTNER, NATALIA BRUSCO. 2021. Hate Speech is on the Rise. Geneva: Geneva International Centre for Justice (GICJ).
- RS. 2022. rs.ksu.edu.sa. Accessed 9 24, 2022. rs.ksu.edu.sa/issue-1295/5084.
- SEP. 2022. Hate Speech. Stanford Encyclopedia of Philosophy.
- Simplilearnrn. 2022. simplilearn. Accessed 3 12, 2022. https://www.simplilearn.com.
- Steven, Frank E. 1903. The Black Hawk War. USIA: Basic Readings in U.S. Democracy.
- Sullivan, Alex. 2015. medium.com. Accessed 9 24, 2022.
- medium.com/@alex.sullivan1794/society-in-the-eye-of-marshall-mcluhan-f4b85807783.
- un. 1991. digitallibrary.un.org/. Accessed 9 23, 2022. digitallibrary.un.org/record/110659?ln=en.
- un. 2019. United Nations Strategy and Plan of Action on Hate Speech. new york un.
- wiki. n.d. ewikiar.top. Accessed 9 21, 2022. ewikiar.top/wiki/Verbal_abuse.

# پاشکۆکان

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە 1



16:23

Rozhawa Emergency Hospital-...

Rozhawa Emergency Hospital-Erbil
نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا -هەولێر
23 Jun ·

بۆ رای گشتی.
رونکردنەوە:
دوای بلاوکردنەوەی پۆستکی رەخنە ئامێز لەسەر نەخۆشخانە فریاکەوتنەکان و وە بە تایبەتی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر لە پەیجی فەرمی(حاجی کاروان) وە بلاو بوونەوەی لە چەندین ئەکاونتی تری سۆشیال میدیا کە بووە هۆی ناوزڕاندنی نەخۆشخانەکەمان و سووکایەتی و جنێو پێدانمان لەسەر رووداێکی هەڵبەستراو و بێ بنەما لە ڕێکەوتی 15ی مانگ ، ڕۆژی چوارشەممە
ئێمە وەکوو دەستەی کارگێری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا هەلساین بە پەیوەندی کردن بە حاجي کاروان بۆ دلنیا بوون لە قسەکانی و بەدواداچوون بەدوای گلەیەکەیان لە نەخۆشخانەکەمان، ناوبراو بە متمانەیەکی زۆرەوە باسی لەوە کرد کە برایەکی ژانە سکی هەبوە نزیکەی کاتژمێرێک هیچ پزیشکێك نەچۆتە لای نەخۆشەکەی هیچی بۆ نەکراوە وە سەرباری ئەوەش لەلایان پەرستارێك سوکایەتی پێ کراوە و پاشان پزیشک هاتووە بە لا لوتیکەوە یەك دەرزي بۆ نووسیوە و تەواو، ئێمەش وەکوو دەستەی کارگێری نەخۆشخانە بە پشت بەست بە کامێرایی چاودێری نەخۆشخانەکەمان هەلساین بە لێدانەوەی کامێراکانی چاودێری بۆ دلنیا بوون لە سەر رووداوەکە :
بۆ مان دەرکەوت کە نە حاجی کاروان نە برای بە هیچ شێوەیەک سەردانی نەخۆشخانەیان نەکردوە لەو بەرواورو لەو کاتژمێرە و سەر لە بەری قسەکانی دوورن لە راستی.
دوای ئەم بەدواداچونەش دوو بارە
پەیوەندی پێ کرایەوە و راستی رووداوەکەی بۆ باس کرا و پێ ی ووترا کە ئەو لە کامیراکان دەرناچی؟!
ئەویش دانی بەوە دانا کە نەخۆشەکە برای نەبوەو خۆشی نەهاتۆتە ناو نەخۆشخانە بەڵکو بە سەیارەی ئەو نەخۆشەکەو

Message Rozhawa Emergency Hospital-Erbil...



16:23

Rozhawa Emergency Hospital-...

پەیوەندی پێ کرایەوە و راستی رووداوەکەی بۆ باس کرا و پێ ی ووترا کە ئەو لە کامیراکان دەرناچی؟!
ئەویش دانی بەوە دانا کە نەخۆشەکە برای نەبوەو خۆشی نەهاتۆتە ناو نەخۆشخانە بەڵکو بە سەیارەی ئەو نەخۆشەکەو برای نەخۆشکە کە برادەری ئەون تا بەر دەرگا گەیێنراون . بۆیە لە لایەن کارگێری نەخۆشخانە داوی لێ کرا کە سەردانی نەخۆشخانە بکات یان ئەو کەسە بنێرێ کە سەردانی نەخۆشخانەی کردوە. بۆ رۆژی دواتر بەرێزێك بە ناوی(ع) کە وەك هاولی نەخۆشەکە لە گەل نەخۆشەکە هاتبوو دوای قسەکردن لەگەل کارگێری باسی لەوە کرد کە کاتژمێر(8:30) ی بەیانی سەردانی نەخۆشخانەی کردوە وە لەلاین پزیشک و پەرستارە بەرێزەکان لە بەشی پێشوازی کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوەو وەکوو کانولە دانان و دەرزی لێدان و خەواندنی نەخۆشەکە بە نزیکەیی 45 دەقیقە و پێدانی چارەسەری تەواو بە نەخۆشەکە و دواتر رەوانەی بەشی راوێژکاری کراوەو نزیکەی چەند دەقەیەک چاوەروانی لە بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکەمان چاوی بە پزیشکی پسپۆری هەناو کەوتوەو چارەسەری تەواوی بۆ کراوە و رەوانەی مالەوە کراوەتەوەو ئێستا دۆخی باشتر بووە.
کەواتە:
1. بەهیچ شیوەیەك نە حاجی کاروان نە برای سەردانی نەخۆشخانەی رۆژئاوای نەکردووە.
2. وەك لە کامێراکان دەرکەوتووە تاکو بەردەرگاش نەهاتووە.
3. دەڵێ پێمانیان ووت دکتۆر تا سعات 8 و نیو نایێ ، ئەمەش وانیە چونکە نەخۆشەکەی هاورێ ی سعات دەوری 9ی بەیانی هاتووەو سعات 10ی بەیانی دوای یەك سعات و دوای هەموو چارەسەریەك نەخۆشخانەی جێ هێشتوە
4. لەکاتی سەردانی و خەواندنی نەخۆشەکە ئەو پزیشك و کارمەند ئامادە بوونە و چەندین جار چاودێری کراوە.
دوای ئەم بەدواداچوونە بۆ جاری سێیەم پەیوەندی بە حاجی کاروان کرایەوە و پێ ی ڕاگەێنرا کە پۆستەکەی و گلەیەکانی ناراستن و لە جێ ی خۆی نین و پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات بۆ ڕای گشتی بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ڕای خۆی.

Message Rozhawa Emergency Hospital-Erbil...



16:23

Rozhawa Emergency Hospital-...

کەواتە:
1. بەهیچ شیوەیەك نە حاجی کاروان نە برای سەردانی نەخۆشخانەی رۆژئاوای نەکردووە.
2. وەك لە کامێراکان دەرکەوتووە تاکو بەردەرگاش نەهاتووە.
3. دەڵێ پێمانیان ووت دکتۆر تا سعات 8 و نیو نایێ ، ئەمەش وانیە چونکە نەخۆشەکەی هاورێ ی سعات دەوری 9ی بەیانی هاتووەو سعات 10ی بەیانی دوای یەك سعات و دوای هەموو چارەسەریەك نەخۆشخانەی جێ هێشتوە
4. لەکاتی سەردانی و خەواندنی نەخۆشەکە ئەو پزیشك و کارمەند ئامادە بوونە و چەندین جار چاودێری کراوە.
دوای ئەم بەدواداچوونە بۆ جاری سێیەم پەیوەندی بە حاجی کاروان کرایەوە و پێ ی ڕاگەێنرا کە پۆستەکەی و گلەیەکانی ناراستن و لە جێ ی خۆی نین و پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات بۆ ڕای گشتی بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ڕای خۆی.
ئێمە نازانین بۆچی ناوبراو کەوتۆتە هەڵەیەکی وا گەورەو ناڕاست و بێ ویژانانە بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین کە داوای یاسایی بەرامبەر بە ناوبراو تۆمار بکەین لە دادگا بۆ وەرگرتنووەی مافی مادی و مەعنەوی خۆمان کە بووە هۆی لەکەدار کردنی نەخۆشخانەکەمان و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم هەموو ماندوو بوون و شەو نوخونیەی کە پزیشکان و کارمەندان لە پێناو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاولاتیانی خۆشەویست ئەمەش تەنها بە قسە نیە بە لکوو بە داتاوە سەلماندوومانەو بلاومان کردۆتەوە. کە رۆژانە نزیکەی (٥٠٠)نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکەمان دەکات و چارەسەری پێویستیان بۆ دەکرێ وە هاولاتیانی خۆشەویستیش دلنیا دەکەینەوە کە نەخۆشخانەکەمان هەردەم باشترین خزمەتگوزاری تەندرووستی پێشکەشی بە نەخۆشان و هاولاتیانی خۆشەویست دەکات و (٢٤) کاتژمێر پێشوازی لە هەموو ئەم کەسانە دەکات کە روو لە نەخۆشخانەکەمان دەکەن
تێبینی. بەڵگەی ڤیدۆیی و دەنگی بەردەستە

راگەیاندنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا

897 27 comments 15 shares

Message Rozhawa Emergency Hospital-Erbil...



**Amîna Zikrî**

13 Mar 2021 ·

لەبارەی کۆبوونەوەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی

ئەم چەند ڕۆژە زۆر قسە لەسەر مەسەلەی دانیشتنی جەنابی سەرۆک بارزانی و کەسێک لە حزبێکی دیکە دەکرێت، سەرەتا دەبێت بڵێم جەنابی سەرۆک هەموو کات،هەموو سەردەمێک ئەگەر زانیبێتی بابەتێک ئاشتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە،سەقامگیری سیاسی دروست دەکات، هیچکات دوو دڵ نەبووە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی قوربانیدانی خۆی و حزبەکەی بووبێت،مێژوو لەسەر ئەم قسەیەم شاهێدە.

لەبارەی بابەتی ئەم دانیشتنەش کە ئێستا باسێکی گەرمە،دەبێت بپرسین ئایا سەرۆک بارزانی کێشەی شەخسی لەگەڵ کەسێک هەیە؟ئایا ئەوەی لەکەرکووک و شانزەی ئۆکتۆبەر کرا بەرانبەر سەرۆک بارزانی بوو یان بەرانبەر بە هەموو گەلی کوردستان؟ کێ هەبوو لەم وڵاتە دڵی نەشکێت، چ کوردێک ئازاری نەبینی بەهۆی شانزەی ئۆکتۆبەر؟

کەواتە کەسێک ئەم کارەی کردبێت داوای لێبوردنێک لە هەموو خەڵکی کوردستان و گەلی کوردستان قەرزارە،ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئەو کات دانیشتن و کۆبوونەوەش ئاساییە.

ئامینا زکری

# Abstract

The title of this research (The Role of Social Networks in the Spread of Hate Speech in the Kurdistan Region) is a descriptive research based on content analysis. The research data are from the Facebook pages of six news websites (Politic Press, Diplomatic, Bwar Mmedia, Standar Kurd, Xor, Malik).

Their effect is due to the fact that they do not comply with journalistic ethics, laws and rules. Rather, they are an extension of the discourse of political parties. Although none of these examples indicate that they belong to a political party or are close to it, it is clear to which party they belong.

The research samples were taken during a month: from 1.6.2022 to 2022 1/7/, in each of the six pages of the social network Facebook, by creating a hypothetical week, through the method of content analysis data were analyzed.

This study is a scientific effort To know and understand the way, direction and extent of the spread of the discourse on social networks. The reaction and reflection of such discourse at the community level and its consequences by the recipients. The most important conclusions of this study are that the discourse of repression has accumulated in different ways and at different levels, has emerged from the state and phenomenon and is becoming a social disease, the consequences of which have caused political and social division.

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# The Role of Social Networks in the Spread of Hate Speech in the Kurdistan Region

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Erbil Technical Management College at Erbil Polytechnic University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Media

By
**Aso Qader Shexmahamad**
BA. Degree of Media – Cihan University-Erbil– 2017

Supervised by
**Asst.Prof.Dr. Bahat Haseeb Qaradakhy**

Erbil - Kurdistan
2022